# دڵۆپە

## ئەو قۆناغانەی لاوی تێدا پەراوێز دەخرێ

ناوی کتێب: دڵۆپە

نووسەر: سەلام عومەر

پیت چنین: شڤان و رابەر

دیزاینی بەرگو ناوەڕۆك:  هێرش مەغدید

سەرپەرشتی چاپ: عەبدوڵڵا پۆڵا

چاپخانەی: ئازادی

نرخ: 2000 دینار

تیراژ: 500 دانە

چاپی یەکەم 2012

# پێشەکی

نەمویست ئەم دیاردە باو و زەقانەی کاریگەریان لەسەر لاو جێهێشتووە و بەردەوامیان هەیە، تێپەڕیو لەئایندەدا نەڵێن نەگوتراوە، بۆیە کە بەسەر ژمارەکانی گۆشەی دڵۆپەدا چوومەوە کە لەساڵی (2005 بۆ 2006) نووسراون سەرنجمدا تەواوی ئەو کێشانەی تیشکم خستوونە سەرو ڕێگە چارەشم دەست نیشان کردوون، هێشتا هەر دیاردەن‌و دەکرێ بخوێندرێنەوە، دەکرێ لایەنی پەیوەندار بەم گرفت‌و کێشانەدا بچێتەوەو هەڵوێستە بکەنو لەخۆیان بپرسن باشە بۆ ئەم دیاردانە کە ئەوەندە ساڵ بەسەریان رابردووەو گوتراون‌و نووسراون چارەنەکراون، یان سەدا چەندی چۆتە واری پراکتیکەوەو ئەنجامەکانی بەکوێ گەیشتوون ؟یان ئەو بوارانەی دڵۆپەی تێدا بووە رووبار هەردەبێ وەک ئەفسانە باسبکرێن؟ چۆن دەتوانین ئایندەی لاو کەئێستاش لەبێکاریدان‌و کار دەکرێت بۆ هاویشتنە ناو سووری مت بوونەوە هەر بەردەوام بێت.؟

ئاخر من زۆر پێشترو لەیەک لە ژمارەکانی دڵۆپەدا تیشکم خستۆتە سەر ئەو بێکاریەی کە لەلێشاوی دامەزراندنی دەرچوان لەساڵانی 2004 وتادوایی حکومەتەکەمان پەیرەوی کرد، گوتم ئەوە متکردنی لاوەکانەو سەندنەوەی توانایەو بێکارکردنیانە لەبن دیواری فەرمانگەکان، کەچی ئێستا بەبڕیارێکی دی دەرچوانی

زانکۆکان، بە 150.000 کەنەسۆشیالەو نەخێر جارێکی دی ئەو لاوانە بێکار دەکەنەوەو دەیانخەنەوەسووڕی مت بوونەوە.

لەنێو دڵۆپەدا تەواوی ئەو گرفتانەی لاوان بەرچاو دەکەون، ئەمن ئومێد دەکەم ئەو گرفتانە بەکۆتا بێتو چیدی لاو لەم وڵاتەی ئێمەدا بێکارو پەراوێز نەخرێ، چونکە توانایەکن دەتوانن ئایندەی هەمووومان بگۆڕن، دەتوانن وڵات سەرلەنوێ بیوژێننەوەو تەواوی ئەو پرۆژانە بگرنەدەست کە ئێستا خەڵکی دی بۆمان دەکەن.

گرنگیدان بەم توێژە دەستەبەرکردنی ئایندەیە، بۆیە لەپاڵ ئەو هەوڵانەی ئێستا لەئارادان، بۆ بنبڕکردنی کێشەی نیشتەجێ بوونو باشکردنی باری ئابووری خێزان، دەکرێ ئاوڕ لەپەروەردەیەکی باشی لاو بدرێتەوە تەیار بکرێن بۆ وەبەر هێنان رابهێنرێن لەپەنای جوانکردنی نیشتمان بشی پارێزن یان هەرهیچ نەبێ داهێنانەکانیان گرنگی پێبدرێت و پیشانی جیهانی بدەن، ئەسا ئەوانیش پێیان وانابێ کە ئەم دەسکەوتانە هەر لەخۆوە هاتوون دەبێ بزانن پاراستنیان ئەرکی هەمووانە، لەبیریشمان نەچێ شێوەی پەروەردەکردنو چۆنیەتی بیکردنەوەو ئاراستە بوونیان بەهەر لاو شوێنێکدا بەباشو خراپ، چەند خێزان بەرپرسیارە زۆر زیاتر دەسەڵات، چونکە دواجار ئەم توێژەش هەر هاونیشتمانیو بەرهەمی کۆمەڵگان.

سەلام عومەر

# یاخی بوونی لاو

ماوەیەکە جمۆجۆڵێکی چڕکەوتۆتە ناو قوتابیانو هەندێ گرووپی لاو بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر کەمتەرخەمیو گەندەڵییەکان کە راستەوخۆ دەسەڵات بەرپرسیارە بەرامبەریانو هەندێ جار ئەم جموجۆڵانە کە شێوەی خۆپیشاندانێکی جەماوەری وەرگرتووە گەیشتۆتە ئاستی پێکداداںو کاری تێکدەرانە کە سیمای گەشی ناڕەزاییو خۆپیشاندانی هێمنانەی بە عاقارێکی دیدا بردووەو هەندێ جاریش دەسەڵات دەستی نەپارستووە لە لێدانو دەستگیرکردنو سەرکوتکردنی ئەم خۆپیشاندانانە.

لێرەدا لەسەر حکومەت پێویستە هەڵوەستەیەك بکاتو بە دووی ئەم چارەسەریانەدا بگەڕێ کە ئەم هەڵچوونانە خامۆش دەکاتەوەو گوێ لەم گروپو قوتابیانە بگیرێ کە داواکاری خۆیان هەیەو دەسەڵات بەرپرسیارە بەرامبەر ئەم کەمو کوڕیانەی لە یاداشتەکاندا باسی لێوە دەکرێ.

چونکە خۆپیشاندانەکەی کەلارو ئاکرێو قوتابیانی بەشی ناوخۆیی سلێمانیو هەولێرو گروپی پەرلەمانی سەر شەقام کە لە هەفتەی رابردوودا لە بازاڕی هەولێرو هەروا خۆپیشاندانەکەی قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی کەلار.

سەرجەمیان بوونی کەمو کوڕیو نەبوونی پێداویستی خوێندنو کەمتەرخەمی دەسەڵات لە یاداشتەکانیاندا رەنگدانەوەی هەیەو پێویستە هەرچی زووە ئەم توێژە زۆر گرنگەی لاوان لە لایەن دەسەڵاتەوە گوێی لێبگیرێو بە وردیش توێژینەوەیەکی رامیاریو زانستیانە بکرێ لەسەر داخوازییەکان,ئەوجا بەرپرسانیش بە خۆیاندا بچنەوەو هەوڵی فەرمی بخەنەگەڕ بۆ گەڕان بە دوای ئەو سەرچاوانەی کەمو کوڕییەکانی لێوە لە دایك دەبێتو لە کاتی دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانیشدا توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.

چونکە پچڕانی رایەڵەکانی نێوان دەسەڵاتو لاو ئاکامی خراپی بە دوادا دێتو ئەگەر هەوڵەکان ئەو ئاراستەیە نەگرن کە کۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراسی بانگەشەی بۆ دەکات, ئەوە لە گرێژنەچوونی ئەو پایانە بەدی دەکرێت کە زۆربەمان حەزی پێناکەینو دواتر کۆمەڵگای ئارام کە لەم هەرێمەی خۆماندا بە هەبوونی گیانی

نیشتمانیو فرەیی ناسراوە دەگۆڕدرێت بۆ بەرهەمهێنانی توێژێکی توندڕەو کە دژایەتی هەموو ئەو بەهایانە دەکەن کە وەدەست هاتوونو دەسەلأت بە هەڵە بەکاری دەهێنێو لەبەر نەبوونی متمانەش لە نێوان ئەم توێژە هەڵچووەو دەسەڵاتدا, بەهۆی بوونی ئەو برینانەی کە شەڕی ناوخۆ دروستی کرد دیسانەوە بە هەڵە لە یەکتری دەگەنو ئەنجام کاری هەڵەو دەسەلأتی هەڵەو لاوو قوتابی هەڵەی لێدەکەویتەوەو ئێمەش لە نێوان هەموو ئەو هەڵانەدا دەبینە گەمەیەکی جوداو وڵاتە هەرێمایەتییەکان بە ئارەزووی خۆیان یاریمان پێدەکەنو دەستمان لە بنی هەمبانەکەوە دەردەچێت.

جا بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژیو ئالۆزییەی دەروونی لاوی تەنیوەو پێویستە تێگەیشتنێکی رامیاریانە لە نێوان دەسەلأتو ئەم توێژەدا دروست بێتو هەولێکی شێلگیرانە بدرێت بۆ رازیکردنو چارەسەرکردنی ئەم داواکارییانەی خراونەتەڕوو, بەتایبەتیش هەڵبژاردن لە پێشەو هەڵبژاردنەکەش جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەوانی رابردوو پێویستە هەرچی زووە دەسەلأت خەمێك لە داواکارییەکان بخواتو ئەو توێژە هەرە گرنگە لە گرنگی ئەم هەڵبژاردنە ئاگادارکاتەوە.

دواتر لاوەکانیش دەبێت ئەو راستییە لەبەر چاوبگرن کە فشارێکی گەورەی ناوخۆییو هەرێمایەتی لە ئارادایە بۆ کەمکردنەوەی بارستایی کورد لە هەڵبژاردنی ئایندەداو دەیانەوێ هەر چۆنێك بێت کورد ئەو سەنگەی نەمێنێ کە ئێستا لە پەرلەمانی عێراقدا هەیەتیو ئەم فشارەی لاوانیش کە ئێستاو لەم ساتەوەختە ناسکەدا کە دەکرێتە سەر دەسەلأت, راستە ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانە لەو گەڵندەڵیانەو سەلماندنی سەنگی توێژێکی هەرە گرنگی کۆمەڵگایە, بەڵام دەکرێت هەموو ئەو جموجۆڵە جەماوەرییانە هەڵگیرێت بۆ دوای هەڵبژاردنو بەتایبەتیش بۆ هەڵبژادنی کوردستان کە چارەنووسو پێگەی هەر حزبێکی لەناو دەسەڵاتدا تێدا یەکلایی دەکرێتەوە.

## نیشتمانی لاو

لەوێ لەناوبیرکردنەوەیەکی بەردەوامداو لە رۆخی دەریاو باڵەخانە کاکی بەکاکییەکاندا, لەناو ئازادی رەهاو خانمە سادەو نیانەکانی تەراوگەدا, لاو هەمیشە خۆی بە نامۆ دەزانیو پێی وایە شوێنێکی دیو نیشتمانێکی دی هەیە بۆ بەتاڵکردنەوەی خەونو ئازادییەکانو ماڵێکی دی هەیە کە دەبێت لەوێدا دوا ساتەکانی ژیانیو لە نێو بەردەلانو چیا هەزار بە هەزارەکاندا بتوێتەوەو لەگەڵیدا ئاوێتەیەکی دی دروست بێت بەدەر لەو خەونە رەنگاورەنگانەی لە هەندەراندا بەدی دێن, ئەویش کوردستانە.

بۆیە کۆرەوی لاوان لەو کاتەدا دەستی پێکرد, کە بەهاکانی فرۆشراو هیچ شتێك بۆ ئەمی تەنها نەمایەوە جگە لەرەو, رەو بەرەو ئەو هەندەرانە نامۆو زۆر دوورانەی کە هەموو شتێکی لێبوو جگە لە نیشتمان.

لەوێ ژیان پڕ لە بەهاو... ئەو یەکسانیو خۆشەویستیانەی لێرە نەبوون, لێرە دەسەلات هەموو ئایدیاکانیدا بە جبەخانەو کەسایەتی لاوی پێ گەمارۆدا, ئایندەی لاو لە مەترسییەکدابوو بەرەو لەناوچوون, تفەنگ ژیانی دروست دەکردو لوتکەو گردۆلکەکان بە خوێنی ئەوان دەناسرانەوە, نیشتمان دۆزەخو تەراوگە خەونە ونبووەکان, لە کوێ ژیان ئارام بوایە ئەوان لەوێ بوون, ئەوێیەك لێواو لێو لە داهێنان دنیایەك لە جوانیو خاڵی لە نیشتمان.

ئەو کاتە لاو نیشتمانی بەتاڵکرد, کە دەسەلات شەڕی دەسەلاتی دەکرد, بریقەو ماناکانی ستاتیکا ببوونە نیشانەو لاویش بەرەو تەراوگە بەرەو نامۆ بوون سنووره ترسناکەکانی دەبڕی ، جگە لە هەگبەیەك کە پڕبوون لە یادگارییەکان چیدی نەدەبرد، دڵی لێرە لەناو نیشتمانو ئازیزانیو خۆشی دەدایە دەست ئەو قەدەرە ونەی، یان ئەوفەنابوونەی کە لە دوور کەوتنەوەیدا زیاتر نیشتمانی خۆش دەویست, چونکە لەوێ لەناو شەقامو پارکە رازاوەکاندا پڕن لەگەڵاو گوڵە سروشتییەکان, بەلام سەیرانەکانی سەرچنارو هەواو نەرمە ئاوەکەی بێخاڵی لێدەست ناکەوێ, لەوێ هەموو جۆرەکانی مەی هەن، بەلام خەیاڵی ئارەقە قاچاغەکەی ئێرەت نادەنێ.

بەتاڵبوونەوەی نیشتمان لە لاوەکان کچەکانی لێ قەیرەکردین, ئەو کچە تورتو سرکانەی لە نیشتمانی خۆیاندا نامۆو تەنهاو شەوانیان بەدەم خەیاڵو خەونە

خۆشەکان بەرێ دەکرد, ئەو شەوە تاریكو درێژانەی بێ راموسانو بە تەنهایی ئارەزووەکانیان خاڵی دەکرد.
لێرە لە نیشتمانی قەیرەییو دەسەڵاتەکانو ژنە شەهیدو مندالە بێکەسەکاندا, خەون بە ئارامیو ئازادی رەهاوە دەبینرا, خەونێك لە دایکی شەهیدەکانی شاخەوە دەردەچووو لاوانی تەراوگە شیان دەکردنەوە, بەلای ئەوانەوە تراژیدیاکانی نیشتمان خەونی هەندەرانینو لە گەڕانەوەیاندا لە بیردەچنەوە, ئەو گەڕانەوە بە زۆرو مەرجدارانەی کە نیشتمانیان لا خۆشەویستر دەکاتو رۆخی دەریاو باڵەخانە کاکی بەکاکییەکانو شەقامو پارکە خاوێنەکانی ئەوێ, هی وان نینو ئێستا دەکرێ بەرەو خاکێك بگەڕێنەوە کە دەتوانن لێی دابەزن, دەتوانن لێرەوە بەسەر ئەو سەرەتایانەدا بچنەوە کە پێشتر نەیاندەزانی, دەتوانن فێری ئەو دیموکراتییەمان بکەن کە لەوێ هەیەو دەتوانێ دەسەلات نامۆکا, ئەو دەسەلاتەی لاوی لەتەراوگە فڕێداو بەهاکانی لێسەند, دەکرێ لە بری ئەوانە دەسەلاتیش بەخۆیدا بچێتەوەو سوود لەو توانایانە وەرگرێت کە ئێستا پێویستی پێیەتیو نازانێ بەکاری بێنێ.
چونکە ئەو سەرەتایانە بەسەرچوون, کە رەوەکانیان دروستکرد, چونکە ئەم نیشتمانە هی هەمووانەو ئەگەر هەموو وەك یەك نەژین ئەمجارەیان دەسەڵاتەکان وێنای رابردووی لاوەکان, بەرەو تەراوگە سنوورە ترسناکەکان دەبرن, بەرەو نامۆبوون جگە لە هەگبەیەك کە پرن لە یادگارییەکان چیدی لەگەڵ خۆیان نابەن.

# سڕبوونی لاو

ساڵانی هەشتاکان ساڵی لەناوبردنو تەفروتوناکردنی لاو بوو, زۆربەی هەرەزۆری موالیدەکان لە سەربازی بوونو لاوی داماویش هەر کە خوێندنی تەواودەکرد بەرگی سەربازیان لە بەردەم دا دادەناو لە بری داهێنانو دروستکردنی دوارۆژ و بیرکردنەوە

لەو هەموو پرۆژانەی کە بە درێژایی 20-25 ساڵی تەمەنی نەخشەی بۆ کێشابوو دوارۆژێکی نادیار قوتی دەداو دەکرا بە کەرەستەی پاراستنی عروبە, بەزۆر دەخزێنرایە نێو جەنگێکەوە کە دوورو نزیك لە خزمەتی خۆیدا نەبووەو  زۆرجاران لە نێو بێنەو بگرەی بەرەنگاربوونەوەدا نیشتمانەکەی خۆیان پێدەسوتاند.

ئەو رۆژانە هیچ لوتکەو تەپۆڵکەیەکی ئەم وڵاتە نەبوو رەبیەیەك یان سەنگەرێکی لەسەر نەبێ‌و شەقامی شارەکانیش خاڵی بوون لەلاو مەفرەزە هاوبەشەکانیش هەمیشە لەو شەقامانەدا بۆسەیان دادەنا کە ئامانەی پێدا رەت دەبوو, لەو لاوە یاخی بوانە دەگەڕان کە نەیان دەویست بچنە سەربازگەیەك کە بۆ سووتان‌و وێرانکردنی نیشتمانەکەیان دانراوە.

ئەو ساڵانە لاو ئەوانەی لە داهێنان دەگەڕان‌و دەیانویست لەوێوە رقەکانیان بەتاڵکەنەوە, جێگەیەکیان شك نەدەبرد جگە لە شاخ, جگە لەو پەناو پەسیوانەی سیخوڕی لێنەبوون, داهێنانە نیوەچڵەکانی ئەوسا تا نیوەی نەوەدەکانیش هەرمابوون, هەموو ئەو وشانەی یان کارە قەتیسکراوەکان کە لە نێو رقدا کەڵەکەکرابوون لەم ساڵانەدا بەتاڵکرانەوەو زۆر بە هەرزانی بەخشران, ئەو رۆژانە سەرەتایەك بوون, لە رقێکی ئەستوورەوە بۆ سەرسوڕمان‌و دواتریش بەرەڵلابوون, بەرەڵلابوونی ئەو لاوو دەق‌و داهێنانەی کە ئێستا بەزەحمەت کۆدەکرێنەوەو دەستەمۆدەبن.

ئەوەتا قەڵەمەکان بۆ رەنگ‌و داهێنانەکان لەناو پەرتبوونێکی بەردەوامدا خەریکی ون بوونن,  لە زۆری کەڵەکەبوونی بڵاوکراوەکاندا کە لێرەو لەوێ دەردەچن داهێنانەکان دەگمەنن.

لاوەکانی سەردەمی ئازادیش لە زۆری خۆیان‌و وڵاتی بێ بەرهەم‌و پیشەسازییدا تەفروتونابوون ئەوانەی لە تەراوگەدان لە غوربەتا دەگرین‌و ئەوانەی ئێرەش لە زۆری کاتدا هەر خەریکی سەیرانن, رۆژەکانی ئێرە هەر هەمووی پشویەو، بەڵام رۆژانی پشووی فەرمی هیچ لوتکەو تەپۆڵکەیەکی ئەم نیشتمانە نابینی لە جیاتی سەنگەرو رەبایە چوارلاوو سێ ڤیکتڕای لێ نەبێت, بەدەم چەقەنەو نوکەو وێنە سەیرو سەمەرەکانەوە کات دەکوژن, ئەو کاتە بێ بەرهەم‌و داهێنانانەی زۆر بە خێرایی تێدەپەڕن‌و ناگەڕێنەوە.

ئەگەر سالانی هەشتاکان سالی تەفروتوناکردنی لاو بوو ئێستا سالی بەرهەمهێنانی لاوی بێ بەرهەمو سڕبوونە, سڕبوونی ئەو ئازادییەی کە قەیرانەکانو بازاڕی ئازاد خەریکە تەڕو وشك قوت دەداو لاو دەخاتەوە بەردەم ئەو ئایندە نادیارو قورسەی کە نەتوانێ پرۆژەکانی تێدا یەکالابکاتەوەو بەخۆو ڤیکتراوە بچێتەوە ناو ئەو سەنگەرانەی کە جگە لە جەمەلۆنەکان هێشتا بەردوو چالە هەلکەنراوەکانی هەرلێنو لە بری قەوان پڕپڕن لە شوشەی بەتالی ئەو شووشە سەوزو هەمەجۆرانەی داهاتو کاتەکان بەبێ داهێنان سڕدەکا.

## لەنێوان دوو فەیلەقدا

دوو لاو لە راپەڕینێکدا شەهیدبوون، ئەو راپەڕینە وونو کەمەرشکێنەی لە4ی ئاداری 91داو لە کۆمەلگای خەبات لەلایەن ئەو لاوانەوە ئەنجامدرا کە بە زۆر راگوێزرابوون، ئەو رۆژە شەقامەکانی خەبات ئاسایی نەبوون، لاوە چاو خوێن تێزاوەکان سەرگەرمی وەشاندنی یەکەم چەخماخە بوون تا لەوێوە چیدی بۆنی هەناسە ژەهراویەکانی هەلەبجە نەکرێو ناپالم بەسەر قەلادزێدا نەبارێو گەرمیانیش زیندوو بێتەوە.
ئەو رۆژە شەقامە بەزۆر دروستکراوەکانی کۆمەلگای خەبات لە نەعرەتەی داو چریکاندی چیدی بە خۆتان ناگرم. چیاکان بۆنی ئازادیان لێدێو لاوە کوێستانیەکان لەوێ جوانن، ئیدی لێرەوە دەکرێ گۆڕانەکان دروست بنو ئایندەیەکی نوێتر هەبێ، ئەو رۆژە لەهەناوی خەباتدا تورەبوون هەبوو، ئاوارەکانی قەلادزێو دیبەگە رژابوونە ئەو هێلانەی سنووری سوور بوون، کێ هەبوو هەست بەو سەرەتایانە نەکات کە ئێستا هەن، ئەو رۆژە ترسو هەلچوونە نیشتمانییەکان، یەکەم هەنگاوی دۆزینەوەی خود بوو لەنێو ئەو خەونە وونانەی لە ئاوارەبووندا دەبینران، رۆژێك بوو کتو مت لەسالەکانی 82ی دەکردو زەنگی راپەڕین خەباتی تەنی، خەلکە ئاوارەو تۆز لێنیشتووی ئەم دەڤەرە

یەکەم بروسکەی گریان وەشاندو دوو لاو شەهید بوون. ئالەوێوە نیشتمان هەستاو ئایندە دۆزرایەوە، برینەکان ئەوانەی سالانێکی دوورو درێژبوو دەمیان ئاوەلا بوو چارەسەرکران‌و.. پێشمەرگە بە نهێنیەکانی سەرکەوتنی زانی تێگەیی کە بەتەنها شاخ، تەنهاو تەنها پێشمەرگە ناتوانێ ئەو لوتکە بێ ئێستا هەیە، بۆیە گەڕانەوە بە ئاراستەی کۆکردنەوەی ووزەکان، ئەوانەی داینەمۆی هەموو شۆڕشەکانی دنیا بوون ئەو ئومێدەیە دەتگەیەنێتە ئامانج.

ئەو رۆژە دوو لاو لە راپەڕینێکدا شەهیدبوون، بەلام سەرەتای کۆکرنەوەی رەنگەکان بوو، سەرەتای کۆکردنەوەی ئەو توانایە نەبوو کە نیشتمانی بە ئاقاری ئێستادا هێنا، ئێستایەك لەناوی ناوەوەی ئازادیدا فێرە دۆگمایی کردین‌و لاو گەورەو بچووکی بەرەو ئەو خەرەندو دنیا دوور دوورانە راونا کە پێشتر لەبەرنامەدا نەبوون، ئا لەوێوە لەو خەباتە سەوزو بالا بەرزەدا بوو نیشتمان دۆزرایەوە، راپەڕین لە ئاسۆدا دەرکەوت‌و پێشمەرگە وەئاگا هات، ئەو رۆژەبوو بەرەی کوردستانی نوێبۆوەو خەلکیش لەوانەوە فێرە هەلبژاردن بوون، وشەکانی دیموکراسی‌و فیدرالی لەوانەوە دەرکەوت، ئەوکاتە ترس نەبوو، چونکە پشتی پشتەوەی دیموکراسی ئەوەی ئەوان دایانینێ رووناك بوو هێشتا کێبڕکێی هەلبژاردن‌و ناونووس کردن‌و شەڕی ناوخۆمان نەدیبوو، پێمان وابووو ئیدی لاوەکان ناکرێنە سەربازو چیاکان وەك یادگاریەکی خۆش‌و ئارامی تەنهاو تەنها بۆ ئێمە دەبێ پێمان وابوو لەپشتەوەی دیموکراسیدا شتێ نیە جگە لە ئازادی، جگە لەو برایەتیەی تاکە چەکێکی سپی بوو تا بەرگری پێ لەدەستکەوتەکان بکەین ئەو رۆژە لەنێوان دوو فەیلەقدابوو خەبات راپەڕی، دوو لاو شەهید بوون، دوو ئەستێرە رژاو دەیان هەزار کەس راپەڕی، راپەڕین بۆ تەفروتوناکردنی فەیلەقەکان بوو بۆ لەناوبردنی ئەو ترسە بوو کە مرۆڤی کوردی قوت دەدا، بێئاگا لەوەی گەندەلیەکان جوانی پیس دەکاو لەنێو یەك هەرێمدا دەکەوینە نێوان ئەو دوو لەشکرەی کە وێنای فەیلەقن، هەموو دەستکەوتەکان بۆ ئەوان‌و ئێمەش لەتەنیشت شەهیدەکان چاوەڕێی ئەو خێرەین کە پێمان ناکەن..

# لە پشتەوەی کاتەکان
# پشت و پێشەوەی سەیتەرەکان

لێرە کات لە هەموو شتەکان زیاترەو لاو بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ ئێرەو ئەوێ بکاو ڕۆژانەش بۆ دەیان جار شەقامێك بپێوێو بازاڕو هەر شوێنێك بیەوێت دەچێ, زۆرجاران لەناو کاتە زۆرەکاندا بزر دەبن, نهێنییەکانی لاویەتی ئەوانەی پەیوەستن بە خودی کەسێتییەوە لەباردەچنو کات زۆر بە ئاسانی هەموو نهێنییەکانو ئەو حەزانەی لەم تەمەنەدا دەست دەکەون قوتیان دەدات.
زۆر بوونی کات لەم تەمەنە چالاكو پڕ لە وزەدا هۆکاری تەمبەڵکردنی نەوەیەو تواندنەوەی توانستەکانی داهێنانو بەرهەمهێنانە, هەندێ جاریش لاو لەناو دووبارەبوونەوەی کاتەکاندا خۆی لەناو ئەو تۆزو خۆڵەدا دەبینێتەوە کە لە پشتەوەی سەیتەرەی کۆنو پێشو پشتەوەی سەیتەری ئێستای هەولێرە, چەند ساڵێکە لەوێ لاوەکان لەسەر بۆنیتی سەیارەو ڕۆخی شەقامو ژێر سێبەری ئەو دارانەی کە گەورەنابن هەر خەریکی بیبسی خواردنو شووشە شکاندنن, زۆربەی هەرەزۆری پێنج شەممەو ئێوارەی هەینییەکان ئەوێ پڕ پڕە لەلاو, چاوەکان هێندە زۆرن پشتەوەی ئافرەتە شۆخو شەنگەکانو ناوی ناوەوەی ئۆتۆمبێلەکانیان پڕکردووە لەو سەرنجو توانجە ترسناکانەی یان هەندێ جار خۆشو بەلەزەتانەی کە خەریکە لە زۆربوونی کاتدا دەبێتە داهێنان.
داهێنانێك لە ونبوونی شوێنەکاندا بەرجەستەبوون, ئەو شوێنانەی جاران جێگەی گەشتو سەیرانی لاوی خەڵکی هەولێر بوونو ئێستا ونن, جاران خانزادو دارو دەوەنەکەی سەلاحەددین دوو لەو شوێنە هەرە بەرچاوانەی خەڵکی هەولێربوون, ئەوێ پڕبوون لە داری گەورەو سێبەرو کابینەکان, ئێستا پشتەوەی سەیتەرەی کۆنو پێشو پشتەوەی سەیتەرەی ئێستا پڕ پڕە لەلاو, ئەو لاوە پڕکاتو تۆزو خۆڵ لێنیشتوانەی

ژیانیان لە دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوام دایە, نوێترین ئەو تەکنەلۆژیایەیان لەناو دەستایە کە نازانن بەکاری بێنن, هەر خەریکی نوکەکردنو ئەو لاسایی‌و وێنە سەیرو سەمەرانەن کە بەرهەمی زۆری کاتو بۆ مۆبایل نەبێ بۆ هەموو ئامێرێکی دی دەشێ!
لەوێ لە هەردوولای دوو سایدەکەی هەولێردا, دوای گەڕانەوەی لاوەکان, ئەو لاوانەی لەسەر بۆنیتی ئۆتۆمبێل‌و رۆخی شەقامو ژێر ئەو دارانەی گەورە نابن, پڕ پڕ دەبێت لە عەلاگەو قوتوو ئەو شووشە شکاوانەی لە زۆری کاتدا جێدەهێڵدرێن.
ئەو کاتانە, لە سەیرانگا نەبێت لە هەموو شتێکی تر دەچێتو کتو مت ئەو وێنەو نوکانەن کە لەناو مۆبایلی لاوەکاندا هەن.
ئا لەوێ کەسێتی لاو ئاشکرا دەبێ, رێك لەو شوێنانەدا ونبوونی شوێنەکانو تەسك بوونەوەی زەوییەکان دەردەکەون, مشەخۆری یان تەمبەڵ بوونو ولاتی بێ بەرهەم رێك لەناو پاشماوەکاندا بەدیاردەکەونو هەست دەکەی لە نێو ئەم تۆزو خۆڵەدا, بەهاکان ون دەبن, تەمەن خێرا تێدەپەڕێتو مۆدێل دەبێتە جێگرەوەی تواناکان, ئەو توانایانەی لە ناوی ناوەوەی لاودایەو خەریکە لە پشت سەیتەرەی کۆن جێی دەهێڵن, جێهێشتینێك وەك ونبونی شوێنەکان, وەك ونبوونی سێبەرو داری گەورەو زەوییە ستراتیجییەکان, ئا لەوێ کەسێتی لاو لەناو تۆزو خۆڵو پاشماوەکاندا وندەبێ, لەناو سەرنجە برسییەکانی پشتەوەی کچە شۆخو شەنگو وێنەو لاسایکردنەوەکانی مۆبایلەکاندا, یان لەناو کاتە زۆر زۆرەکاندا ئەو کاتانەی تێناپەڕنو تادێ هەر درێژ دەبێتەوە.

## کۆبوونەوە زۆر نهێنیەکان

کۆبوونەوە زۆر نهێنیەکان ئەوانەی لە هەشتاکانو لەلایەن لاوانەوەو لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا ئەنجام دەدران، پڕ پڕبوون لەگیانی بەرەنگاربوونەوەو ئەو پەناگە بڵندو عاسێیانەی ئێستا دەست ناکەون!..

ئەوکاتە ئازادی نەبوو، بەڵام بۆ دۆزینەوەی بەهاکان ئەوانەی مەترسی لەناوچونیان لێدەکرا نەخشەیەك هەمیشە خۆی دووبارە دەکردەوەو گیانی نوێبوونەوەی دەبەخشی ئەویش ئەو کۆبوونەوەوانە بوون کە بۆ ئەمڕۆ ئەنجام دەدران، ئەو ڕۆژانە ناوە نهێنییەکان جێی سەرنجو ووردبوونەوەی نەیاران بوونو هەموو چالاکیەکی ڕۆشبیری و کورد بوون، بۆ لاو خەتابوو جگە لە گەمەکردن نەبێت ئەو گەمانەی لاوەکانی بەو ئاراستەدا پەلکێش دەکرد، کە ئەرکە گرنگەکانیان لەبیرکەن، بچنە ناو مەرکەزێکەوە کە جێگەی ئەوان نیەو بە جۆرێك سڕ بکرێن خۆیانو نیشتمانەکەیان وون کەن، ئەو ڕۆژانە شەقامەکان لە هەڵگرتنی سەرجەم چالاکیەکاندا، ئەوانەی بە شەوانی ئەنگوستەچاو ئەنجام دەدران گەلێك لە ئێستا بالآتربوون، سرتەی پێیەکانی قوت دەداو قوتووە بۆیاغە بەتاڵەکانیشی دەشاردەوە، لێنەدەگەڕا سیخوڕەکان بە ئاگابێنو هەمیشە سەنگەر بوو بۆ ئەو لاوانەی شەوانیان تێدا ڕۆژ دەکردەوە، ڕۆژانێك بوون لاویەتیان ڕەت دەکردو ئێستایان بۆ گەمەکەرەکانی ئەوسا دروست کرد، کۆبوونەوە نهێنییەکان گۆڕان بەو کۆنفرانسە ئاشکرایانەی لە کۆبوونەوە دوو قۆڵیەکاندا خاڵی دەکرێنەوە. شەقامەکان دابەش بوونو نێوانەکان جارێکی دی قوتوە بۆیاغە ڕەنگاو ڕەنگەکانی بەش بەش کردەوە، لە ئێستایەکی دوو ڕەنگدا ئەو ئێستایەی بەشەکان بەڕێوەی دەبەن، سەرنجەکان لەسەر لاوان نەماونو شەقامەکان خاڵین لە دروشمەکان، ئەو دورشمانەی ئێستایان دروستکردو قەیرانەکانیان نەهێشت، قەیرانی هاڕینی لاوو تەفروتوناکردنی بەهاکان، ئەو بەهایەش کە ئەمڕۆ بونەتە ئەو سەرمایە کەڵەکەبووانەی گەمە بەتەمەنی لاویەتی دەکاتو کێشیان دەکاتەوە ناو ئەو گەمانەی ئەرکە گرنگەکانیان لەبیر کەن، گەمەیەك هەر لەگەمەکانی هەشتاکان دەچێتو پێناچێ هەموو قەیرانەکان ئەوانەی ئەمڕۆ هەنو جارێکی دی لەسەر تەمەنی لاو دانراون بە دەنگیان بێنێ، ئێستا شەوانەی شەقامەکان ئارامن نەسرتەی پێی لاوەکان دێو نە قووتووە بۆیاغەکانیش دەشاردرێنەوە، نە کۆبوونەوە نهێنییەکان هەنو نە ئەو پەناگە عاسێیانەی لە چیاکان بوون، ئێستای لاو لەمەست بوونێکی دەروێشانە دەچێت، لە متبوونێکی درێژخایەن دایەو لە پیاهەڵدان بترازێ چیدی نازانێ،هیچ شتێك خەتانیە جگە لەیاخی بوون، هەموو شتێك لەپێناوی من داو... منیش داڵدەی ئەو حەزە سەرشێتانە دەدەم کە هەر

لێرەوە بە واژووەکان پەیا دەبن، منی خاوەن پارتو سوپایەکی سڕکراو رۆژ نییە بیرەوەرییەکانی ئەویٚ مەستم نەکات، ئەویٚ چیایەکی رەقو تەقو پڕ پڕ بوو لەبەردی زبر ئەو بەردانەی سەنگەری بەرەنگاربوونەوە بوونو ئێستاش رووکاری کۆشکەکانمانن، ئەو کۆشکانەی لاوەکان خوێنیان بۆ رشتنو لەپێناوی ئێستادا جەستەیان کون کون دەکرا، ئەوانە دەستکەوتی کۆبوونەوە نهێنییەکانن، ئەو کۆبوونەوانەی لە هەشتاکانو لەلایەن لاوانەوەو لەژێر دەسەلاتی بەعسدا ئەنجام دەدران، پڕ پڕبوون لەگیانی بەرەنگاربوونەوەو ئەو پەناگە بلندو عاسێیانەی ئێستا دەست ناکەون!.

# چــــــاودێر

یەکێك لەدیاردە هەرە زەقەکانی سەر گۆڕەپانی عێراقی بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی بوونی گەندەلییە. ئەم دیاردەیە دزەی کردووتە نێو زۆربەی هەرەزۆری داموو دەزگاحکومیو حزبیەکانو ئێستا لەسەرجەم کەنالە راگەیاندنو بلاوکراوەکاندا قسەی لەسەر دەکریٚو پلانی تایبەتی بۆ دادەرێژریٚ تا چیدی تاکەکانی کۆمەلگا بیر لەبەرژەوەندی خود نەکەنەوەو رەچاوی بەرژەوەندی گشتی بکەن تا هەرچی زووە ئەم دیاردەیە کەبووەتە ئاستەنگ لەبەردەم رەوتی بەرەوپێشچوونو کرانەوەدا لەنێو کۆمەلگای خۆماندا بەرەو نەمان بچیٚو داهاتەکان یان ئەو بودجەیەی دیاریکراوە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هاوولاتیاندا دابەش بکرێت.

لەم نێوەندەدا بۆ دیاریکردنو دەستنیشانکردنی شوێنە هەستیارەکان ئەوانەی گەندەلی خنکاندونیو وەکو نەخۆشیەك ئەركو پرۆژەکانی نەخۆش کردووە, پێویستمان بەچاودێر دەبێت, چاودێرێکی بێلایەن تا راشکاوانە شەن و کەوی هەموو ئەو وەزارەتو فەرمانگەو شوێنە هەستیارانە بکات کەگەندەلی لەوێدا بوونی هەیەو بۆتە

ئەو مەترسیەی کەهەمووﻻ لێی دەترسن, ئەوەی زۆر جێگەی دڵخۆشیو ئومێدە زۆربەی زۆری ئەوانەی دەستنیشانی کەسو بەرپرسە گەندەڵەکان دەکەن ﻻون.

ئەوانە ئەو ﻻوە بوێرو چاونەترسانەن کەلەدوای راپەرین چاویان کردۆتەوەو فێرە ئەلفو بێی سیاسەتو ژیانی مۆدێرنو ئازادی بوون, ئەوانە تاكو تەرایان لێدەرکەی زۆربەیان پێشتر بەعس نەیچەوساندونەوەو لەژێر فشاری حکومەتەکانو بەعسی ترسناکدا پاکانەیان پێنەکراوەو راونەنراونو سەربازی هەﻻتووش نەبوون تا لەکونجیماڵەوە گۆشەگیر بکرێنو لەجیهانی دەرەوە دابرێن, بۆیە ئەوەی دەیبنن دەیڵێن چاونەترسانە لەنێو بەرنامەو رۆژنامەکاندا خەتاکان ئاشکرا دەکەنو لەوشوێنە هەستیارانە دەدەن کەبەرپرس پێی تورە دەبێ,  ئەوان دەڵێن ئەوەی هیچی نەبێت لەهیچ ناترسێت.بۆیە پێویستە لەدوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکان چاکسازی بکرێت بەجۆرێك هەموو ئەو دۆسیانە یەکﻻبکرێنەوە کەپێشتر (بازرگان بوونو بەرپرس نەبوون)ئەو ﻻوانە ئەگەر دەستەمۆ نەبن لەﻻیەن حکومەتی نوێوە ئاستەنگیان بۆ دروست نەکرێت رێك ئەو چاودێرە بەتواناو لێهاتوانەیان لێدەردەچێ کەئەمرۆ حکومەت زۆر پێویستی پێیانە چونکە ئەوانە چیدی ناتوانن لەترسی فشاری ناوخۆییو دەرەکیەکان کەهەڕەشە بوون بۆ ئایندەی ئەم هەرێمە بێدەنگ بن هەموو دیاردەکان بکەنە قوربانی ئەم ترسە ، ﻻوی ئەمڕۆ بەدووی گۆڕانکاریەکان دەکەوێ دەخوازێ هەرچی زووە گەندەڵی کەگەورەترین فشارو مەترسی ناو دەسەﻻتە لەنێو ببرێو قبولمان نییە وەك بەشکردنی دەسەﻻت بودجە بەش بکرێت بچێتە گیرفانی ئەوکەسانەی کەلەخۆیان بترازێ کەسی دی نابیننو نایخوێننەوە, ئەم چاودێرانە هەموو ﻻ هۆژدار دەکەنەوە کەترادسیۆنی بۆ ماوەی شەڕی ناوخۆو بەش بەش بوون بەکۆتا هاتو ئەمڕۆ کەسێکمان لەئێوە دەوێ کەبزانێ جگە لەخۆتان خەڵکی دیش هەن لەم نیشتمانە دەژینو ئەوانیش ژیانی وەکو ئێوەیان گەرەکەو ناکرێ تاسەر ئێوە سوارو ئێمە پیادەو ئێوە پڕو ئێمە بەتاڵبین.

ئەو توێژە کەدژی دیاردە ناقوﻻو مەترسیدارەکان پەنجەیان رادەوەشێنن یان بەناو ترسدا رەت دەبنو دژی گەندەڵی لەناوی ناوەوەی دەسەﻻتدا زەق دەبنەوە, ئەوانە ئەوﻻوە بوێرو چاونەترسانەن کەتائێستاش دەستەمۆ نەکراونو ئایندەیەکیش نابینن

تاوەکو مرۆڤ یان وەکو کورە بەرپرسەکان ماڵیکیان هەبێت پڕ پڕ لەوشتە جوان‌و نایابانەی کەبۆ کەمینەیەو زۆرینەش بینەرێکە وەك جەماوەری دۆڕاوەکانی مۆندیال.

## لاو لەناو گۆڕانکارییەکاندا

ئەگەر دابو نەریت لەکۆمەڵگادا بەتایبەت دەسەڵات ڕێگر نەبێت لەبەردەم پێکەنینی لاودا, ئەوە ئەو لاوە لەهەوڵدا دەبێت بۆئەو گۆڕانکاریانەی کەنیشتمان پێویستی پێیەتی گۆڕانکاریە ریشەییەکان ئەوانەی پێویست بە پێشکەوتنخوازی‌و دەرچوون لەدابو نەریتەکان بەتایبەت ئەو کەلتورەی هێزە سەرکوتکارەکان بۆیان جێهێشتووین رێك لەتوانای لاودا رەنگدانەوەی هەیە چونکە ئەوانە خاوەن ئەو هێزو بازووە زیندووەن کەدەتوانن هەر لەئاوەدانکردنەوەی ولات داهێنانەکان وەك پڕۆژەیەك بخەنە بەردەم دەسەڵات‌و ئایندەیەك دروست کەن‌و نەوەکان شانازی پێوە بکە, زۆرجاران پابەندبوونی لاو بەدەسەڵات‌و خۆبەستنەوە بەو پارتەی بەهەموو شتێکی دادەنێ لەسەروی بەرژەوەندیەکانی گشتییەوە تێیدەڕوانێ, یان بۆ بەرژەوەندی خود خۆی بە پارتێکەوە هەڵدەواسێ‌و تەنهاو تەنها بیر لەخۆی دەکاتەوە ئەوە هۆکاری ئەو دواکەوتنەی کۆمەڵگا دەبێت کەسەردەمێکە ئێمە پێوەی دەناڵێنین‌و رۆژ بەرۆژ زیاتریش نوقمی ئەو گەندەڵی‌و پابەند بوونانە دەبین کەئەرکی لاو نین, دووسەدە زیاترە ئەرستۆ دەڵێ: لاو وای بۆ دەچێت کەتوانای گۆڕانکاری هەیەلەدنیاداو دەتوانن کارێك بکەن لەقەبارەی خۆیان گەورەتر.

هەرلەو کاتەوە لاو وەك خۆی ناسراوە بەلاَم لەم ولاَتەی ئێمەدا شوناسەکەی لێسەنراوەتەوە بەبێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات بۆتە کۆیلە ئەگەر دوێنێ ئەم کۆیلانەی توانای کارکردن‌و خرمەتکردنی زیاتریان هەبوو پارەی زیاتریان دەکرد ئەمرۆ ئەوەی لەدەسەلاَت یاخی بێت‌و توانای بەرەنگاربوونەوەی هەبێت لەبەرامبەر گەندەڵی‌و دەسەلاَتی تاکرەویانەدا بۆ کرین پارەی باشتر دەکەن هەر هەمووتواناکانی

دەسەلاٚت دەخرێتە گەڕ بۆ هەڵڕشتنی پارە تا ئەم لاوانە بێدەنگ کەن ئەگەر سەریش کەوتن ئەوا ئەم توانایە وەك هەموو تواناکانی دی دەبێتە قوربانی دەسکەوتەکان‌و دەپوکێنەوە یان بەم کۆدەنگیە دەسەلاٚت ناچاری چاکسازی‌و جێبەجێ کردنی داواکاریەکان دەکەن.

ئەم دیاردەیە رەنگدانەوەی لەسەر ناوچەکان دروستکردووە بۆنموونە پێری رانیە لەدەسەلاٚت ڕابوو داوای چاکسازی‌و ئاوەدانکردنەوەی کرد لەبەرئەوەی لەوێ یەکدەنگ بوون‌و دەسەلاٚت نەیتوانی هەر هەموویان بەخێرای بکڕێ بۆیە ئیدارەی ئەوێ دەستی بە پڕۆژەگەلێك کردو زۆر بەخێرایی خەریکی جوانکردنی ئەم شارەیە دوێنێش بوو هەڵبجە راپەڕی‌و دەسەلاٚتی لەکەمتەرخەمیەکان ئاگادارکردەوە هەرچەندە رابوونەکەی ئەوێ رێرەوی راستەقینەی ناڕەزایی بەلایەکی دیداخست, بەلاٚم ئێستا ئیدارەی ئەوێ پڕۆژەی زۆر خێرای پێیە بۆ ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنەوە لەئاکرێ‌و هەولێریش بەهەمان شێوە لاو توانی توانا شارەوەکانی خۆی دەرخاو چیدی وەکو کۆیلە کڕین‌و فرۆشتنیان پێوەنەکرێ, بەلاٚم ئەوەی جێگەی گومانە لاوانی قەلادزێن ئەوێ لانکەی شۆڕش‌و رابوونەکان بوو لەهەشتاکان هەموو ئەو شارانەی کوردستان شانازیان بەو راپەڕینەی ئەویوە دەکرد چونکە ئەوکات لاوەکانی ئەوێ هەرچەندە فرە رەنگ بوون بەلاٚم یەك دەنگ بوون, هێشتا نەکڕدرابوون‌و بەئاسانی دەستەمۆ نەکرابوون هەربۆیە ئەم شارە لەلایەن بەعسەوە وێران کراو هەموو ناوچەی پشدەر راگوێزرا دوای راپەرینیش تەنهاو تەنها خۆیان ئاوەدانیان کردەوە ئێستاش هەر لەدەربەندی رانیەوە ئاودیوی پشدەر دەبی‌و رێگاکەی هەرهەموو تاسەیەو یەك پرۆژەی جوانکاری یان ئاوەدانکردنەوە بۆ ئەم شارە نەکراوە هەموو ساڵێ تەنها لە 4/24 دا سەردانی ئەم شارە دەکرێ‌و کۆمەڵێك بەڵێن دەدرێ‌و جێبەجێ ناکرێت, لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە لاو لەوێ نقەی لێوە نایە, تەنانەت لەم ساڵەدا نامەیەکی ناڕەزایش ئاراستەی دەسەلاٚت نەکرا, لەکاتێکدا دەرفەت بوو بۆئەوەی بەشێوەیەکی مەدەنیانە لاوێکی دڵسۆز ببێتە نوێنەری هەموو لاوەکان لەسەر بڵندگۆی کارەسات‌و راپەڕیندا داوا لەدەسەلاٚت بکات بۆهەرچی زووە وەکو شارۆچکەکانی دی پڕۆژەیەك جێبەجێ بکرێ ئەگەر نا باساڵێکی دی روو لێرە نەکەنەوە نەبا ئوتومبێلەکانیان لەسەر شەقامەکان هەلخلیسکێ.

# غـــــــۆريلا

(من ناوم توانايەو لە ئینگلتەرا دەژیم ماوەی چەند مانگێکە سەروەری هاوسەرم کە کوردە خۆمو منداڵەکانمی جێهێشتووە, ئێمە بێ ئەو ناژین هەر کەسێك هەواڵێك لە بارەی سەروەرەوە دەزانێت با پەیوەندیمان پێوە بکات).

ئەوەی سەرەوە سکاڵاو هاوارنامەیەکی خەم ئامێز بوو کە لەلایەن ژنێکی بیانییەوە لە تیڤی کوردسات خوێندرایەوە ئەو لە ئاگاداری نامەکەیدا روونی دەکاتەوە کە هاوسەرەکەی کوردەو چەند ساڵێکە خێزانیان پێکەوە ناوە, بەڵام بێ ماڵئاوایی‌و پێشەکی جێی هێشتوو، بێ بیرکردنەوە لە هەستو خۆشەویستی, بێ گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی گرێیبەستی‌و دالدەدانی ساتە نامۆکانی ئەو, بە جۆرێك خۆی لێ ون کردوون کە هەرگیز لە کلتورو دابو نەریتی کوردەواریدا وێنای نییەو پێدەچێ سەروەری کورد بەم هەڵوێستە دڵرەقانەی شەرمی شەق کردبێ‌و تەنهاو تەنها بیری لە خۆی کردبێتەوەو ئایندەی منداڵو هاوسەرەکەی کردبێتە خۆراکی ئەو نامۆییەی کە ئەوی هاڕیوە.

سەروەری کورد کاتێك نیشتمانەکەی خۆی جێهێشتووە کە بێ ئومێد بووە لە ئایندەی ئێرەو لە لانەیەك گەڕاوە تا تیا بحەسێتەوە, توانای شۆخیش پێدەچێ زۆر میهرەبانانە باوەشی سۆزی بۆ کردۆتەوەو هەموو ماندووبوونی رێگە ترسناکەکانی لەبیر بردۆتەوە, ئایندەی داوەتە دەست کەسێك کە رۆڵی فەرهادی لە بەردەمدا گێڕایەوەو هەرگیز پێی وا نەبووە دوای بەتاڵکردنەوەی غەریزەو حەزە سێکییەکان, دوای پڕبوون لەو خەونانەی بە دزییەوە دەیدتن‌و لەسەر یەك کەڵەکەی دەکردن, ئاوا بە سانایی هەرسێ منداڵو هاوسەرە میهرەبانەکەی جێ بهێڵێ‌و لە شوێنێکی دی رۆڵێکی دی ببینێ, ئا لەم ساتانەیە ویژدان رۆڵی نامێنێ‌و وێناکانی سەروەر دووبارە دەبنەوەو لە خۆیان بترازێ

کەسی دی نابینن, چونکە هەناسەکانی توانای شۆخ لەو کاتەیدا داوای یارمەتی دەکرد, جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ هەناسەی ئەو دایکانەی لە ئەنفالەکاندا سۆراغیان لە ونبوونی کەس‌و کاریان دەکرد, چونکە فرمێسکەکانی ئەو هەمان ئەو سۆزو خۆشەویستییەی لێدەباری کە لە ونبوونی ئازیزاندا هەن, بەلای تواناوە ونبوونی هاوسەرەکەی ئەنفالێکی گەورەیە بۆ ئەو و جێهێشتنی بێ ماڵئاوایی, ونبوونی لە ناکاو کارەساتەو لە هەندەران ئەو شتانە دەگمەنن, ئەو لە چاوی سەروەرەوە هەموو کوردی خۆش ویستووە, لە نێو بەسەرهاتەکانی سەروەردا ژیاوەو هەوڵی داوە کەمێك لە ئازارەکانی کەمکاتەوە, ئایندەیەکی بداتێ کە لێرە دەست ناکەوێ, بەڵام بە ئاشکرابوونی سەروەر کە بەراستی لە غوربەت رایکردووەو ماڵئاوایی نەکردووەو بەرەو ئەو نیشتمانە گەڕاوەتەوە کە مندالی تێدا گەورە کردووە, ئەوسا سەروەری لاو لەلای توانا دەبێتە غورێلاو دوورنییە لە چاوی ئەوو منداڵەکانیدا هەموو کورد غۆرێلابێ.
ئاخر لێرەوەیە مەترسییەکانی تاراوگە لەناو لاوی کورددا رەنگدانەوەی دەبێ, پێمان دەڵێ دوو کلتوری جیا لەناو دوو پەروەردەی لێك دووردا کۆنابنەوەو لە کاتی تێکەڵبوونیشدا ئەو کێشانە بە دوای خۆیاندا جێدەهێڵن کە دادوەرو زۆرجار کوردیشی تێدا شەرمەزار دەبێ, لەو کاتانەدایە جیابوونەوە زۆر دەبێ‌و ئێمەش وەك غورێلا هەر خەریکی ئەو مۆزەین کە پیاوەتیمانی پێ دەپێوین‌و هەندەرانی تێدا دەدۆزینەوە.

## 4/24
## زەنگی وریابوونەوە

ئەو ساتەی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی بەکارهات, شارێك خەڵتانی خوێنکرا, ئەوکاتانە دەسەڵات خۆماڵی بوو وەکو ئێستاو بەجیاوازیەکی زۆرەوە قەلادزێ لەژێر دەسەڵاتی پیشمەرگەدابوو هەر هەموو دەزگاکان چەکدار بەڕێوەی دەبردن‌و گیانی نیشتمانی‌و بەرنگاربوونەوە لەترۆپکدا بوو ئەوڕۆژانە لاوەکان لەبری دوا مۆدیلی

شتەکانی ئێستا, لەجوانترین برنۆو کلاشینکۆفو دەمانچە دەگەڕان, پێیان وابوو دوا وێستگەی ئامانج لە پشتەوەی ئەو فیشەکانەدایە کە راستو چەپ بە سینگو کەلەکەیاندا شۆربۆتەوە ئەو رۆژانە بیرکردنەوە لەکۆشكو بالآخانەو زەوییە زێرینەکان زۆر کەم بوون؟, هەرهەموو دیمەنەکانی سەر شەقام سادەبوونو هەر بەسادەیش ژیان بەردەوامی هەبوو, بۆیە لەکاتی جەنگو بەرنگاربوونەوەدا هەموو ماڵێك پێشمەرگە بوو ئێوارە نەبوو لەقەلادزێ قوتابیانی زانکۆ پێشمەرگەکانی دەڤەری بادینانو سلێمانی بەسەر ماڵەکانی قەلادزێدا دابەش نەبن هەر هەموو کەسەکان ئەوانەی ئەو رۆژانە لەوێ دەژیان ئەم شارەیان بەماڵی خۆیان دەزانی بەلآم زۆری نەبرد لەبەرەبەیانی 1974/4/24دا فرۆکەکانی دوژمن بەسەر ئەو جوانیەدا رشانەوەو بۆیەکمجار پێشێلی یاسای نێودەوڵەتیان کردو کۆمەڵکوژیان ئەنجامدا, رێکخراوەجیهانیەکانی مافی مرۆڤیش نەیانویست ئاوڕ لەم رووداوە ترسناکە بدەنەوەو چاویان بڕیبووە جبەخانە کەڵەکەبووەکان, ئەوانەی سەربەخۆیان بوونو هەر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە کلۆم درابوونو بۆیان ساغ نەدەکرانەوە, ئەمە بەرژەوەندیەکی جیهانی بوو, بەجۆرێك چاوەکان لەنێو ولآتێکی دەوڵەمەندی نەوتاویدا نوقێنرابوونو تاوانەکانیان خستبووە دوو توێی بەرژەوەندیەکانی ئەو دەوڵەتانەی لەوپەڕی راستەوە تا ئەولاتری چەپ هاوکاربوون تیایدا، ئەو رۆژانە دۆزی کورد وەكو ئێستانەبوو دۆستەکانمان زۆر کەم بوون ئەوانەی هەش بوون هەمیشە بەخۆو پلانێکی ژەهراوی یان بەقەرزو بۆرییەکی نەوتاوی ئێمەیان دەفرۆشتو جارێکی دی دەگەڕاینەوە ئەوسەرەتایەی کەلێوەی هاتبووین بۆیە بەرەبەیانی 1974/4/24 ئەو زەنگە ترسناکەبوو کەهەموو ساڵێ لەم رۆژەدا دەنگدانەوەی هەیە, وەبیرمان دێنێتەوە کەدۆستەکانی ئەمڕۆ هەمان دەموچاوەکانی دوێنێن ، بەلآم بەدەمامكو هزرێکی مۆدێرنەوە، دەسەلآتیان هەبێت هەر ئەوەن کەئەوێ رۆژێ هەبوون, چونکە پلانەکانی ئەمڕۆ جۆرێکی ترن, ئێستا خەریکی دروستکردنی سەرەتایەکن بۆ چاندنی ئەو هزرە وشکانەی مەترسی بۆ ئایندە دروست دەکەن یارمەتی هەر بزووتنەوەیەکی دینیو مەزهەبی دەدەن کەدژی دەسەلآتی ئێرە بێت, لەرێگەی قەیرانەوە فشارمان دەخەنە سەرو دەستی ئەو گروپانە دەگرن کەرپیش بەلاوەکانمان دەهێڵنەوە تا لەوەێوە هەموو رۆژێك لەشارەکانی هەولێرو

سلێمانیو هەر شوێنێك گەرایان هەبێت 4/24یێك دروست دەكەنو كۆمەڵكوژی ئەنجام بدەن ،چونكه ئەو ناپاڵمانەی قەلأدزێی وێرانكرو ئەو ژەهرەی هەڵەبجەی خنكاندنو پلانەكەی جەزائیرو دواتر دۆستەكانی شەڕی ناوخۆو بزووتنەوە ترسناكەكانی دەڤەری هەورامانو تەقینەوەكانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك, هەر هەموویان دۆستەكانمان وەكو خۆیان پێدەناسێننو وەئاگامان دەهێننەوە كەئەم زەنگە زەنگی ئاگاداركردنەوەی دەسەلأتە لەبوونی ئەو پلانانەی كەهەر هەبوونو ئێستاش هەنو رەنگدانەوەشی ئەوەتا زۆر بەشەفافی لەنێو قەیرانی سوتەمەنیو دروستكردنی حكومەتی فیدراڵی عێراقدا هەیە, ئەو حكومەتەی فیدراڵی كەنەك لەكورد لەسێبەرو ئارامییەكەشی دەترسێن.

# خلیسكان

بۆ ئەو لاوانەی له هەشتاكان شاریان جێدەهێشتو بەرەو شۆڕشو چیا سەرسەختەكان ملیان دەنا رۆژانێكی دژوارو چوون بوو بەرەو ئەو هیوایانەی نادیارو نووسینەوەی ئەو مێژووە بوو كه ئێستا لێوەی دەردەكەوێ.

لاو لەو سەردەمەدا هیچی بەدەستەوە نەبوو جیا له دۆزینەوەی خود لەناو تەمو مژی رووداوەكانو, دەبوو بۆ ئەم مەبەستەش ئایدیۆلۆژیەتێك هەڵبژێرێ دەوای هەموو ئەو نەخۆشیانه بێت كه كۆمەڵگای تەنیبوو, ئەو رۆژانه چوون بەرەو چیا بڕیارێكی رەهابوو دژی ئەو مەترسییانەی گەلەكەمانی پێدا رەتدەبوو, بۆیه لاو لەوێرۆژێوە له رووداوەكان ورد دەبێتەوەو دەخوازێ وەكو داینەمۆیەك چۆن خەباتی بەرەو ئێستا هێنا بەرەو باشترو لەناو گۆڕانه خێراكاندا ئەو وزەیه بێت كه له دەسەڵات ون بووەو دەسەڵاتیش ناخوازێ لاو وەكو خۆی له گۆڕەپانەكاندا بناسێن, بۆیه زۆر جاران لاو له هەڵدێرەكاندا خۆیان دەبیننەوە, بەرەو تاراوگه كۆچ دەكەنو مەترسییەكان دەبڕن نیشتمان به كەسانێك دەسپێرن كه زۆر ماندووبوونو, پیری شەكەتی كردوون, هەندێ

جار بگره زۆر جارانیش ئەم کەسانە نە رابردوو و نە ئێستاش دڵسۆز نەبوون بۆ نیشتمان, بەرژەوەندی خود لەسەر سکە لایداون‌و دەسەڵات دژی داهێنان‌و ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵاتییانە بەکاردەهێنن کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە, لەم کاتانەدا دەسەڵات دەبێتە دیکتاتۆر لە بەرگی دیموکراتی داو, لاویش ئەمەی پێ هەزم ناکرێ بۆیە ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت خۆپیشاندان دەکات, یاخی دەبێ‌و بەگژ هەموو ئەوانەشدا دەچێتەوە کە پێشتر لەناو ئایدۆلۆجیەتی ئەو گۆش کراوەو لەوێوە فێرە ئەلف‌و بێی سیاسەت بووە. مێژوو و درێژەکێشانی رووداوەکانیش, یان روونتر بڵێین ئەو پانزە ساڵەی ئازادی توێژێکی بەرهەم هێناوە, زۆر جیان لەو لاوانەی لە هەشتاکان هەموو شتێکیان دەکردە قوربانی ئازادی, ئەاونە نایانەوێ رۆژە سەختەکانیان پێ بفرۆشنەوەو ئازادییەکی رەهایان دەوێت لە ناو چوارچێوەیەکدا کە پڕاو پڕبێت لەو دیموکراتییەی کە بەوان دەستەبەر ناکرێت, بۆیە پڕ دەدەنە رابردوو هەمووو تێکۆشانەکان لە خاڵێکدا چڕدەکەنەوە کە هەست دەکەن بۆ ئەوان نییە, هەندێکی زۆر کەم لەوانە کە لەناو پەتپەتێن‌و سەنگەر گۆڕان‌و هاش‌و شوشەکاندا پەروەردە کراون هیچ نابینن جگە لە خۆیان‌و ئەو خاڵە لاوازانەی کەهێندەی تری دەخەنە سەر, گەرنا ئەو کاتەی چیاکان خەڵك‌و لاوی عیلمانیان بەخۆ دەگرت‌و لەوێوە بیرە دیموکراتی‌و ئایدیۆلۆژییەکان پەخش دەکران ئەوانە ئەو هەندە لە خۆڕازییە لە کوێ بوون, هەرگیز لەوێ لەو شێونە سەخت‌و دژوارانە لاو فێرە جنێوو زمانی توند ئامێز نەکراوە, ئەوێ قوتابخانەیەك بوو بۆ فێربوونی کوردایەتی‌و چوون بەرەو ئەو ئایندەیەی کە مەترسییەکانی دەڕەواندەوە, بوونی لاو لەوێ سەرەتایەك بوو بۆ دروستکردنی ئەو قەوارەیەی یان ئەو دەستکەوتانەی کە لە ئاسۆی ئێستادا هەن‌و وڵات بەرەو ئەو ئایدیۆلۆژیەتە دەبەن کە ئێمە دەمانەوێ, کە پێشمەرگە گیانی لەپێناودا پەخشی‌و سروودی شەهیدانی بۆ نووسییەوە, بۆیە هەڵچوونە کاتییەکان ئەوانەی لە هەندەکانەوە دەردەچن رێ لە کاروانەکە ناگرن‌و بەری خۆریش بە بێژینگ ناگیرێ, خلیسکانی ئەوانەش بەرهەمی ئەو گۆڕانە خێرایانەن کە بەناو هەمووماندا رەتدەبێ‌و زۆر نابا ئایندەیەك دەدۆزنەوە کە لێواولێوبێت لەدیموکراسی .

# باخچەی ساوایان

ئەزموونی بەڕێوەبردنو کردنەوەو دابەشکردنی باخچەی ساوایان لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی دایەو, نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە وەك خۆی خوێندنەوەی پێویست بۆ ئەو لایەنە زۆر گرنگەی بواری پەروەردەو فێرکردن بکرێت.
هەر بۆیەش قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لەم هەرێمەی خۆماندا لە ئاستی پێویستدا نینو سەدا نەوەدو نۆی قوتابیان کە دەچنە قوتابخانە, دەبێتە یەکەم هەنگاوی پرۆسەی خوێندنیانو لە مامۆستاوە تا دەگەنە ئەو کورسیەی لەسەری دادەنیشن بەلای ئەوانەوە نامۆیە.
ئێستا لەسەرجەم پارێزگای هەولێر بە قەزاو ناحیەکانیشەوە تەنها (54) باخچەی ساوایان هەیەو, ئەمەش لەچاو ڕێژەی دانیشتوانو ئەو قوتابخانە سەرەتاییانەی هەن ئێجگار کەمەو, پێویست بوو لەهەر گەڕەگێکی ناو شاری هەولێر باخچەیەکی ساوایان هەبێت بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئەمڕو کە هەرچی بڕوانامەی هەیە بۆتە فەرمانبەرو, ئەوە جگە لەوەی کێشەی هاتووچۆ گرفتێکی هەرە گەورەی ناو شاری هەولێرە کە هەمیشە فەرمانبەران لەکاتی دەوامیاندا دوا دەکەون, دواتر ئەوانەی منداڵی بچووکیان هەیەو خۆشییان فەرمانبەرن دووچاری ناخۆشترین کێشە هاتوون کە لەسەر وەزارەتی پەروەردە پێویستە هەرچی زووە بیرێك لەم کێشەیە بکاتەوە ئەویش تەنها بە زیادکردنی باخچەی ساوایانە.
لەلایەکی ترەوە ئەو چەند باخچەیەش کە هەن لەناو شاری هەولێرو دەوروبەریدا, لە بێ مامۆستایی پسپۆر لەم بوارەدا دەناڵێننو مامۆستاکان زۆر بەداخەوە لە خەمی ئەو منداڵانەدا نین کە بۆ فێربوون دەچنە ئەوێو تا ئێستاش هیچ خولێکی ڕاهێنانی

پێویست بۆ ئەو مامۆستایانە نەکراوەتەوە کە بەقەد گەورەیی پیشەکەیان بێت, ئەوە جگە لەوەی هیچ پەیمانگاو کۆلێژێکی تایبەت بە مامۆستای باخچەی ساوایان نییە لە هەرێمی کوردستانداو, ئەو سیستەمەش کە لەسەری گۆش دەکرێت زۆربەیان سیستمی سویدین کە زۆر جار کاریگەری خراپ لەسەر منداڵەکان بەجێ دەهێڵێ بەتایبەت کە ئەو منداڵانەی بەم جۆرە سیستەمەوە دەچنە قوتابخانە سەرەتاییەکان, هەست بە جیاوازیەکی زۆر دەکەن لەنێوان ئەم دوو شێوازەداو کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاستی فێربوون‌و برینی قۆناغەکانی خوێندیان.

چونکە منداڵ لەوێوە دەچێتە ئەو دنیا بەرفراوانەی کە فێرە جۆرەها شێوازی خوێندن‌و وەرگرتنی زانیارییە گشتییەکان دەبێت کە راستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی ئایندەیەوە.

لێرە زۆربەی ئەو مامۆستایانەی وانە بەم قوتابیانە دەڵێنەوە دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان‌و زانیارییەکی گشتی‌و تایبەتیان نییە لەسەر قوتابی یان منداڵی تەمەن چوار ساڵ‌و, ناتوانن وەکو بیرکردنەوەی ئەوان رەفتار بکەن‌و هەندێ جار توندو تیژیش لەگەڵیاندا بەکاردەهێنن، چونکە ئەوان واتە مامۆستاکان هەر لەسەرەتاوە خۆیان بە سیستەمێکی کۆن پەروەردە کراون‌و ئەم شێوازەش رەنگدانەوەی لە جۆری پەروەردەییاندا هەیەو ناتوانن تێکەڵی ئەو سیستمە زۆر نوێیە بن کە لە وڵاتی سوید دوای 30ساڵ کۆشش‌و گۆڕینی تەواوی پرۆگرامەکانی خوێندن‌و کردنەوەی چەندین پەیمانگای تایبەت بە فێرکردن‌و بەخێوکردنی پەککەوتەکان‌و چەندین بواری دی کە لەسەردەستی چەندین پسپۆر ئەنجامدرا ئەو جار گەیشتنە ئەو قۆناغەی ئێستایان کە دەتوانن زۆر بە ئاسایی منداڵ لەدوای تەمەنی پێنج ساڵییەوە نەك فێری وانە بکەن، بەڵکو کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتیش بەکار دەهێنن‌و, کە دەگەنە قۆناغی سەرەتایی، مامۆستاکان نەوەیەکی ئامادەکراویان دێتە بەردەست‌و زۆر بە ئاسانی دەتوانن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن‌و زووتریش قۆناغەکان بەجێ دەهێڵن.

بۆیە لەم هەرێمەی خۆماندا پێویستە هەرچی زووە بیر لە کردنەوەی پەیمانگای مامۆستایانی باخچەی ساوایان بکرێتەوەو ئەوجار لە هەر گەرەکێك باخچەیەکی نمونەیی ئامادەبکرێت، واتە لەسەرەتاوە دەبێت دەستبکرێت بە گۆڕینی سیستەم نەك گواستنەوەی شێوازێك کە زۆر بە خێرایی‌و نامۆیی خۆی لە دنیای پەروەردەیمان ئاشکراو نمایش بکات.

# پەراوێزخستنی لاو

کاتێك دەسەڵات سەر گەرمی ڕێکخستنی دەوڵەت دەبێت لە ولاشەوە حزب دەکەوێتە خۆ بۆ دروستکردنی ئەو قەوارەیەی دەسەڵاتی پێ وەردەگرێ , واتە کارکردن بە ئامانجی دەسەڵات نەك خزمەتکردنی زیاتر بە کۆمەڵگا , ئەوە توێژێکی زۆر گرنگی کۆمەڵگا کە لاوە پەڕاوێز دەخرێت و ئەوەندەی گرنگی بە بونە حزبیان دەدرێت بە ئایندەیان نادرێت و لەم کاتەشدا لاو هەستدەکات لە گۆڕەپانەکەدا تەنیایەو ناتوانێ بە ئاسانی سود لەم تەمەنەی وەربگرێت و دەبێت لە هەموو کات و شوێنەکاندا خۆی یەکلایکاتەوە , ئەگەرنا هێندە دوادەکەوێ لە ئایندەی دواتر هەرچی بکات هەر ئەو تەنهایە دەبێت کە هەبووە.

گەورەترین هێزی سەرمایەی هەر وڵاتێك پشت ئەستورە بە وزەو توانای لاو کە لە ڕێگەی ئەم توێژەوە کۆمەڵگا گۆڕانکاری بە سەردادێت و سود لەو داهێنان و توانا بەردەوامەی لاو وەردەگرێت کە هەیەتیو وڵات لە توێژی مشە خۆرەوە بۆ بەرهەم هێن دەگۆڕێ . زیاتریش لەو ساتە وەختانەی وڵات دەکەوێتە بەر هەڕەشەو مەترسی جەنگی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی , تەنیا لاو کۆدەکرێنەوە و بۆ ئەو بەرانە ئاراستە دەکرێن کە وڵاتی پێ دەپارێزن , ئەم دەڤەرەی لە مەرخۆشمان ئەزمونێکی زۆرو زەبەندی هەیە لەسەر ئەو هەموو جەنگە یەك لە دوای یەکەی کە بەزۆر بە سەرمان دا سەپاوە و هەر لاوی ئەم نیشتمانەش بووە بەرگری لە خاكو وڵاتەکەی کردووەو لەم پێناوەشدا ڕوبارێك خوێنی ڕشتوەو بە ردەوامیش ئامادەیی خۆیان پیشان داوەو بۆ بەرگری کردن لە هەر مەترسیەك کە لە ئێستاو ئایندەدا بخرێتە سەر نیشتمانەکەیان .

بۆیە لە سەر دەسەلآتی کوردی پێویستە دەست بەم توێژە هەرە گرنگەی کۆمەڵگاوە بگرێت و چیدی لە گۆڕەپانەکەدا تەنها و نامۆ نەیانهێڵێتەوە , چونکە ئاکامی تەنهایی تەنها بیرکردنەوەیە لە خۆ قوتارکردن لە پەراوێز بوون و دواتر کاری هەڵەو ئەنجامی ترسناکی لێدەکەوێتەوە .
ئەگەر دوێنێ لاو لە بێدەسەلآتی حکومەت و لاوازی ئابووری خۆی و حکومەت بە ڕەوە کۆچیان دەکرد بەرەو هەندەران , ئەمڕۆ بارو دۆخ پێچەوانەیەو ئابووری حکومەت لە هەڵکشانەو هەروا ئابووری توێژێکی کەمی کۆمەڵگاش بە شێوەیەکی زۆر کت و پڕ هەر لە هەڵکشانەو پرۆژەیەکی ئیجگار زۆری ئاوەدانکردنەوەوپێشکەوتن لە هەموو بوارەکاندا ئەنجام دەدرێت و کەچی لاوهەست دەکات هەر پەراوێزەو ئەوەی کراوەو دەکرێ هیچیان لە بەرژەوەندی ئەو ئایندەیەیدا نییە کە ئەو خەونی پێوە دەبینێ , چونکە لاو لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا جگە لەوەی تا قوتابخانەی تەواو دەکات باوانی خەرجی دەکەن و پێی دەگەیەنن , بێ ئەوەی لە لایەن دەسەلآتەوە هیچ خەرجیەکیان بۆ دابین بکرێت , لە دوای دەرچوونیشیان لە کۆلیژو خویندنی بالآدا موچەیان ئەوەندە نییە بتوانن ئایندەی خۆیانی پێ دابین بکەن , بۆیە لە ئەمڕۆدا پێویستە لاو بیری لێبکرێتەوەو لەم تەنگژەیە ڕزگار بکرێت و با بەناچاری دووچاری هەڵەو ئەم شێوازی ناڕەزایی دەربڕینە نەکرێت کە سنوور ببەزێنن و دواتر نەخێزان و نەحکومەت و نەحزبیش نەتوانێ کۆیان کاتەوەو ئاڵۆزی کۆمەڵگا بتەنێ ( چونکە ئەم جموجۆڵە سرکانەی لە چەند مانگی ڕابردوودا لە لایەن لاوەکانەوە پیشانی دەسەلآتدرا , زەنگێکی مەترسیدارەو دەبێت چارە بکرێت ) بەتایبەتیش ئاراستەی ڕوداو وپێشهاتەکان دەخوازن لاو لەدەوری کۆمەڵگاو دەسەلآت دوور نەخرێنەوە و کاریان بۆ بکرێت تا سوود لە وزەو توانایان وەربگیردرێت بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن و ئەو مەترسیانەی بەردەوامیان هەیە . لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی پەراوێز خستنی لاو مەترسی دەخاتە سەردەسەلآت و بەر لەوەی لەلایەن ئەم توێژەوە جموجۆڵەکان چڕتر ببنەوە پێویستە دەسەلآت لاو بەتەنها لە گۆڕەپانەکەدا جێنەهێڵێ تا هەموو ئەرکە قورسەکان هەر لە دابین کردنی پێداویستیەکانی دوا ڕۆژو خۆ پێگەیاندن تا دەگاتە بەرگری کردن لە نیشتمان کاری لاو بێ . دەسەلآتەکانیش لە دوولاوە هەر خەریکی دابەشکردنی پرۆژەکانیانبن بەسەر خەڵکی خۆیان و بەخشینەوەی داهاتی ئەم نیشتمانەش بن بەسەر ئەندامانی بالآی خۆیان و پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا .چونکە هەڵبژاردنی12/15 سەلماندی کەبەبێوزەو توانای لاوو تاکی کۆمەڵگا دەسەلآت

بێدەسەڵات دەبێت‌وبەپێچەوانەشەوە،کەواتە سەرجەم تواناکان دەسەڵات دروست دەکەن.

# تێڕوانینی لاو

تێپەڕبوونی خێرایی ڕوداوەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی سەردەمە جیاکان بەخۆوەیدی و دەبینێ, بەتایبەتی لەم وڵاتەی ئێمەدا کە هەمیشە کەوتۆتە نێو بەرنامەی وڵاتە زلهیزەکان و هەوڵی لەناوبردن و گۆشە گیرکردنی دەدەن بەو ئامانجەی نەخشەی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نۆژەن کەنەوەو ئەو دەسەڵاتانەش لەناو ببەن کە بە کودەتا و هێزی سەربازی دەسەلاتیان وەدەست هێناوەو بوونەتە هۆکاری ئاڵۆزکردنی سەرجەم ناوچەکەو ئەو ووڵاتانەش کەلێیانەوە نزیکن, لێرە لەناو ئەم هات و هوتەی نەبوونی دیموکراسی و وەبەرهێنانی چەکی ئەتۆمی و دروستکردنی گروپە تیرۆرستیەکان کە تەواوی جیهانیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە, هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەو گۆڕانکاریانەداین کە لە ئەفغانستان و عیراق دا تاقی کرانەوە, ئالەوکاتانەداو لەم وڵاتە هەرێمایەتی و بەتایبەتیش کوردستانی خۆماندا لاو تێڕوانینی خۆی هەیە, پێی وایە گۆڕانی سیستمی سیاسی سوریا و ئێران بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە تاکە بەشێکی ئازاد کراوی کوردستانی گەوەرەیە,گرنگی خۆی هەیەو سەرجەم ئەو ئەرکە سەخت ودژوارانەی کە لە سەرلاوی پارچەکانی دی کەڵەکە بوونە دابەش دەبن و دەکرێ لەدوای ئەوپشووە دوورو درێژەی,یان لەدوای ئەو هەناسە ئازادیەی لێرە لاوەکان دیتویانە, هەرلەخوێندن بەزمانی زگماکی تانووسینی ئازادانەو هونەرو تێڕوانین لە بوارەکانی دی, دەبێت بپەڕێتەوە بەرەکانی دیو لەوێ جیهان

بینیەکی نویٚ بە پێکهاتەو تێکەڵەیەکی نوێترەوە بخوێندرێن و هەرچی زووە ئەو کەلتورانە ڕەشبکرێنەوە کە تێکەڵ بەداب و نەریتی هاوزمان و ڕەگەزمان بوون, ئەوە لەوکاتانەدا دیاری دەبن ئەگەر تێڕوانینی ولاٚتە زلهێزەکان بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسی خۆرهەلاٚتی ناوەڕاست وەك ئەوە بێت کە ئێمە دەمانەوێ و بەتایبەتیش ئەو ولاٚتانەی دەوروبەر کە خەریکی وەبەرهێنانی چەکی ئەتۆمی و تیرۆرستن و تێوەگلاوی ناو ئەو گەمە ترسناکەن کە عیراق و ئەفغانستانی تێکەوت, ئالەم کاتانەدایە, تێڕوانینی لاوانی ئێرە خەست دەبێتەوەو لەهەولی تێکەلکردنەوەی ڕەنگەکاندا شێوازی تێکۆشان دەگۆڕن و ئەرکیان قورستردەبێت لەوەی چاوەڕوان دەکەن, چونکە دووبارە بوونەوەی هەڵە سیاسیەکان کە لێرە و زۆر بەخێرایی بەسەر لاوان دا ڕەتبوو, کرانە خاشاك و بەکاربەرو زۆر جارانیش سووتەمەنی, مەترسیەکی ڕیشەیی دەخاتە سەر ئەو تێڕوانینەی لە نەخشە ئامادە کراوەکانی لاودا هەیە, ئەو نەخشانەی کە 17 ساڵ زیاترە لەنێو ئەزمونێکی تاڵ و شیرین دا وەبەرهاتوون و هێندەی نەماوە لەناو ئەو نارەزایی و خۆپیشاندانانەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت کە چەند مانگێك لەمەو بەر لە هەناوی لاودا دەرچوون و لەناوی ناوەوەی دەسەلاٚت دا سەریان دەرکرد, ئەم تێڕوانینە خێرایانەی لاو کە لێرە لەنێو نمایشە ئاشکراکان دا بەدی دەکرا, دەستکەوتێکی گرنگ و مێژوویی دەبن بۆ ئەو ئایندەیەی لە چاوەڕوانی خۆرهەلاٚتی ناوەڕاست بەگشتی و ئەو شوێنانەدایە کە ئێمە گەرەکمانە , ناکرێ بەر لە گۆڕانکاریەکان ئێمە بەرنامەمان نەبێت و لاو لەو ئامادە باشیەدا نەبێت تا فریای گۆڕانکاریەکان نەکەوێت , هەراش بوونی وەچەکانی ئەم17 ساڵەی ئازادی, پێناچێ بەسەر هەڵەکانی دەسەلاٚت و دەوروبەردا نەچنەوەو.. لەنێو تێڕوانینەکانی خۆشیان دا ئەوە نەبن کەهەن, چونکە ئەگەر بەر لە گۆڕانکاریەکان پرۆژەیان نەبێت, ئەوا لە دواکەوتنێکی بەردەوام دا دەبن و بە پێچەوانەشەوە تێڕوانین ئەو گۆڕانە دەبێت کە لاو دەیەوێ و بە پیرەکان هەزم ناکرێ .

# دادگای ئەنفال

ئەو ڕۆژانەی کردەی ئەنفالی تێدا بەڕێوەچوو زامێکی هێندە قوڵ لە جەستەی وڵاتەکەمان کرا کە تاوەکو ئێستاش سارێژ نەبووەو لەگەڵ هەر یادەوەریەکدا دەکولێتەوە، ئۆپراسیۆنەکانی ئەو ڕۆژانەی سوپای بەعس بۆ لەناو بردنی یەکجارەکی گەلی کورد بوو، بەتایبەت هەموو ئەو لاوانەی لەوێ لەو شوێنانەی ئەنفالی تێدا ئەنجام درا دووچاری قرکردن بوون، ئەو پیرە پیاوو ژن و منداڵانەش کە ڕزگاریان بوو ئێستا پیرەکان زۆربەیان نەماون و منداڵەکانیش بەبێ کەسی بە هەتیوی وماڵوێرانی، بەبێ پەناگەو شوێنە خۆشەکان ئەوانەی خوێنی دەستکەوتی شەهیدان بوون لاویەتیان تەواو کردوو تاك و تەرا نەبێت کە ئێستا لەتەمەنی لاویی دایە، ئەویش بەداخەوە هێندە منداڵ بۆتەوە ناتوانێ وەکو خۆی گەورەیی ڕووداوەکە بگێڕێتەوە، ئەو کاتەی بڕیاری بەربەریانە لەلایەن سەدام خاوەنی گەورەترین سوپا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست دژی هاوڵاتیانی سڤیلی کورد دەرچوو.
جیهان بەگشتی و ڕیکخراوە مرۆ دۆستەکان لە ئاست ئەم تاوانە نێودەولەتیە کوێربوون و جڵەوی دەسەڵاتی بەعسیان بەجۆرێك شل کردبوو بەئارەزووی خۆی هەوڵی تەفروتوناکردنی نەتەوەیەکی دەداو کەسیش نقەی لێوە نەدەهات، ئەو ڕۆژانە مردنێکی لەسەرخۆ بوو بۆ گەلێکی چەوساوە، کەلەوەتەی هەبوو سووتەمەنی یەك لەدوایی یەکی ئەو ڕژێمانەبوو کە بەئارەزووی خۆیان دەیانچەوساندینەوە، تاکە هیوایەکیش کە

هاوڵاتیان و پارتە سیاسیەکان هەیانبوو ئەو چیا سەرسەخت و دژوارانەبوو کە سروشت وەك پەناگەیەك بۆ هێزی پێشمەرگەی دروست کردبوو، ئەو کات دوای وەستانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران بەعس خۆی یەکلا کردەوە بۆ لەناوبردنی کورد و هەر هەموو تواناکانی خۆی بەکیمیایشەوە تاقیکردەوە و نەیتوانی کورد لەریشەوە دەرکێشێ ئەنفال یەکێك بوو لەو نەخشە دۆزەخیەی بۆ کورد نەخشێنرا، ئەم وڵاتەی نوقمی تاوانێك کرد کە خۆی لەناو گۆری بەکۆمەڵ و سوتەمەنیەکانی کیمیاییدا دیتەوە، ئێستاش لە دادگایی کردنێکی ئاشکرادا سەرانی ئەم تاوانە لەبەردەم کامێراکاندا قیت و قۆز دانیشتوون و خەڵکێکیش هەن بەرگریان لێدەکەن، پرسیاری سەیروسەمەرە لە گەواهی دەرەکان دەکەن دەیانەوێ ئاراستەی دادگاییەکە بەلایەکی ترو بەرەو درێژبوونەوەی زیاترو لەبیکردنی ئەو تاوانانە بەرن کە هێندە زۆرن دیکۆمینتەکان خۆیان دەدوێن، وێنەکان خۆیان پەردەکان هەڵدەماڵن و گەورەیی تاوانەکە دەردەخەن، کەچی سەدام و عەلی کیماوی هەوڵدەدەن هەموو ئەو خەتایانە بە سەروەری بژمێرن و لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە پێیان وایە تا ئێستاش سەرۆك و سەرکردەی عێراقن، بەرگریکارەکانیش وەك هەمیشە شۆڤینیەتی عەرەبیمان پیشان دەدەن و دەیسەلمێنن کە ئەوانیش ئەگەرچی لەکردەی ئەنفالدا دەستیان نەبووە، بەلاّم خۆزگە دەخوازن بەشداربوونایە و پێیان وایە ئەوەی سەدام و سەرانی رژێمەکەی کردویەتی دژ بەو یاخیانە بووە کە سەر بەئێران بوون ، بێئاگا لەوەی ئەوساو ئێستاو لەئایندەشدا ئێران و هەر هەموو هاوسێکانی کورد لەپلاندان بۆ لەناوبردنمان و ئەم دادوەرو بەرگریکارانەش دەیانەوێ ئەوەی بەرێگەی سەربازی و قرکردن دژی کورد نەکرا ئەوان لەژێر پەردەی یاساو بەدەمامکی دادوەریەوە لەگەڵمان بکەن، بۆیە دەرفەتێکی زێرین لەبەردەم دەسەلاّت و سیاسیە خاوەن ئەزموونەکانی کورد دایە تا نەیەڵن هیچ دەرفەتێك بۆ ناحەزان بمێنێتەوە تا هەوڵە شۆڤینیەکانی خۆیانی تێدا تاقی کەنەوەو ئەم دادگاییەش ئەگەر ئەنجامەکەی هەرچی زووە دەرکەوێ، ئەوە گیانی 182 هەزار ئەنفال و هەزارەها شەهیدی دی ئاسودە دەبێت.

# روشانی کەسایەتی
# بە بەرچاوی هاووڵاتییانەوە

ڕێك لە ناوەڕاستی شەقامی سەد مەتری بوو دیمەنی پەلکێشکردنی ئافرەتێکم دی کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوەو بە بەرچاوی دەیان هاووڵاتی ئەم ناوە بە خۆو بە عەبا ڕەشەکەیەوە رایدەکێشاو تێنەگەیشتم هۆکاری ئەم چەوساندنەوەیە چی بوو کە بە ڕۆژی ڕووناكو لەناو شەقامێکی گشتی ئەم شارە ڕوویدا.

بەڵام ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام دوو ئافرەتی شۆخو شەنگی ئەم سەردەمە بەرامبەر ئەم دیمەنە وەستابوونو پێدەکەنین, تێنەگەیشتم بە چەوساندنەوەی هاورەگەزەکەی خۆیان پێدەکەنین یان بەو پیاوە دڵڕەقو بێویژدانەی بە بەرچاوی خەڵکەوە دژایەتی مافی مرۆڤو یاساو کەسایەتی نیوەی ئەم کۆمەڵگایەی دەکرد؟ ئەوان بە نەرمیو وەکو هیچ شتێ ڕووی نەدابێ بە پێکەنینەوە سەرنجیان بڕیبووە ڕوشاندنی کەسایەتی هاورەگەزەکەیانو, ئافرەتە داماوو بەستە زمانەکەش لە نێو تۆزو خۆڵی سەد مەتریو ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەوێدا ڕەتدەبوون بەرەو چارەنووسێك پەلکێش دەکرا کە پێموابێ ئایندەی تەواو لە مەترسیدایە, ئەمە دیمەنێك بوو بە بەرچاوی هاووڵاتییانەوە, ئاخۆ لە ماڵەکانی ئەم نیشتمانە پیاوسالارییە دەبێت ڕۆژانە چی ڕووبدات, لەو دیو دەرگا داخراوەکان ئەوانەی ئافرەتی تێدا عاسێ کراوەو هەر لە بەندیخانە فەرمییەکان دەچێت چی بە کیژانی ئەم نیشتمانە بکرێت, چۆن

پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەم جێگایانە خاش خاش بکرێت‌و, ترادسیۆن‌و کلتورە دواکەوتووەکان هەمیشە بوونی خۆیان لە ژێر سێبەری یاسادا دەردەخەن‌و ئاخۆ رۆژانە نەخۆشخانەکان چەند ئافرەتی سووتاو گۆڕستانەکان چەند ئافرەتی نێژراو بەخۆوە دەگرن.

دیتنی ئەم دیمەنە بە رۆژی رووناك پیاوەتی روشاندم‌و پێم وایە نە یاساو نە دەسەڵات‌و نە دادگاکانیش دەرەقەتی ئەم نەریت‌و کلتورە نایەن کە هەڕەشەیەکی زۆر ئاشکرایە لەسەر رەگەزی مێینەو پێش دەچێت رۆژ بە رۆژ لە زیادبوون دابێ.

ئەگەر دوێنێ یاساکان پیاو دەیانووسییەوە لە بەرژەوەندی دین‌و پیاوە سەربازییەکاندا بوو, یان جڵەوی کۆمەڵگا بەدەست خاوەن سێ چوار ژنەکان بوو, خۆ ئەمڕۆ ژنان بەشدارن لە نووسینەوەی دەستوورو سەرجەم بڕیارە چارەنووسسازەکان, دادگاکان پڕن لە ئافرەت, ئەی بۆچی بە دیمەنێکی تراژیدی لەم شێوە پێدەکەنن؟ بۆ لە یاسایەکدا سەرجەم ئەو کەسانە ناخەنە ناو بەندیخانەیەك رێك وەك ئەو بەندیخانانەی بۆ ئافرەت‌و کچە هەرزەکارەکانیان دروستکردووە, ئەو قوتابییە کچانەی لە پێنج‌و شەشی سەرەتایی سەرووتر خوێندن جێ دەهێڵن بۆ بە دواداچوونیان لێ ناکرێ, ئەرکی بەڕێوەبەری قوتابخانە چییە؟ ئایا لە ژێر فشاری باوکدایە پەلکێشی بەندیخانەی ماڵەوە دەکرێن یان بەو تەمەنە ناسکییە دەدرێت بە شووو لە کۆمەڵگای دادەبڕن؟!

بۆچی پەروەردەی هەرێم ساڵانە خولی تایبەت هەر لەناو قوتابخانەکان بۆ باوکی قوتابیان ناکاتەوە, یان هەر هیچ نەبێت کۆبوونەوەیان پێبکەن‌و ئاگاداریان بکەنەوە لە مەترسی دوورخستنەوەی قوتابییە کچەکان بۆ بەندیخانەکانی ماڵەوەو, تێیان بگەیەنن کە لە ئاکامدا ژنێکی بێدەسەڵاتی دەست‌و پێ سپی لێدەردەچێت, کە نە خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆی دەبێت‌و نە ئەو دەسەڵاتەشی دەبێت لەسەر شەقامێکی سەد مەتری بەرگری لە خۆی بکات‌و بە هەموو کەسانی دەوروبەری بڵێ: کە من دەتوانم چەوسانەوە قبوڵ نەکەم‌و لێرەوە سەربەخۆیی خۆم رادەگەیەنم‌و رازیش.نابم چیدی پیاو چارەنووسم لەناو دەستووردا بۆ بنووسێتەوە.

# بەهــــەرەی لاو

ئاستەنگەکانی بەردەم پێگەین و ئاشکراکردنی بەهرەی لاو دیاردەن و تا ئێستاش وەکو کەلتورێکی بۆماوە ناوە دەردەکەون و دەبنە هۆکاری خەفەکردن و وونکردنی ئەو توانا هونەریانەی لە لاوێکدا یان زۆر بەتایبەتی لە کچێکی لاودا بوونی هەیە.
زۆربەی کات بەهرەی هونەری لە تەمەنی لاویەتیەوە لەناو مرۆڤدا دەردەکەون و هەر لەوێشەوەو دوای بەلەخۆباین و ئارەزووی دەرکەوتنی زووترو دواتر هەوڵدانێکی چڕو پڕی لاوەکە بۆ گەیشتن بەو ئاستەی خۆی مەبەستیەتی, بەهریەیەك خۆی لەناو تەمەن و پێکهاتەی ئەم لاوەدا نمایش دەکات و پێویستی بەکەشێکی لەبار دەبێت تا حەزەکانی خۆی تێدا بەتاڵ کاتەوە.
لێرەدا لاو مەبەستم ئەوانەی توانای داهێنان و کاری نوێیان تێدا کۆبۆتەوە پێویستیان بەدەوروبەرە، ئەم دەوروبەرەش خێزان سەرەتاکەیەتی و بەبێ ئەوان دەگمەنن، ئەو لاوانەی توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بۆیە زۆر جاران هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی بەهرە لەلای لاو خێزان دەیپوکێنێتەوەو نایەڵێ ئەو توانایە ببێتە ئەو بەهرەمەندەی کۆمەڵگا پێوستی پێیەتی،زۆربەی کاتیش بەهرەی کچ دەبێتە سووتەمەنی ئەم کەلتوورەو, هەندێ جار بەر لەپشکوتن و زۆر جاریش دوای پشکوتنی هەڵی دەوەرێنن و نایەڵن بگەشێتەوە.
لەبیریشمان نەچێت هەموو جارەکان بەتەنها خێزان نیە بۆ کوژانەوەی ئەم بەهرانە، وەك وتم دەوروبەریش کاریگەری خۆی هەیە، هەندێ خێزانی کراوە هەن لەم وڵاتەی

خۆماندا زۆر حەز بە هونەرو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن واتە فیوچەر زمین بەڵام لەبەر تانەو سەرنجەکانی دەوروبەر واتە ئەو کەلتورە نەخۆشەی تا ئێستاش بوونی هەیە نایەڵن ئەو توانایەی لەیەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەیان بەدیارکەوتووە سەر هەڵبدات‌و لەبەر عەیبە بە زیندوویی دەینێژن.
خۆ بارودۆخی وڵاتیش, واتە ئازادی دەربڕین‌و سروشتی لەباریش هۆکارێکی تری کپ کردنەوەی بەهرەی لاوە لەم وڵاتەی خۆماندا کەچەند ساڵێکە دوای ئازادبوون‌و گرینگیدان بە بەهرەو کاری هونەری هێشتاکە زۆر باشترە لەو پارچە کوردیانەی ئازادنەکراون‌و بەزمانی خۆیان ناخوێنن‌و تەنانەت لە کوردستانی تورکیا ناتوانن بە کوردیش قسە بکەن، بۆیە بەهرەکانی لاوان لەم شوێنانە ئەگەر دەریش بکەون هەندێ جار بە زمانی کوردی نابێت‌و زۆرجارانیش دەسەڵات دەبێتە ڕێگر، چونکە هەموو ئەو مەرجانەی لەوێ‌و جارانی ئێرە بەسەر ماندا دەسەپا دەبوونە هۆکاری لەدەستدانی ناوەڕۆك‌و گیانی ئەو بەهرەیەی بەهرەمەندەکە دەیویست یان ئێستاکە لەوێ دەیەوێ بیڵێ.
کردنەوەی دەزگاکانی هەرێمی کوردستانی لەمەڕ خۆشمان بەڕووی ئەو هونەرمەندانەی پارچەکانی دی کە جێگەی دەستخۆشیەو گرنگیان پێدەدەن، سەرەتای لابردنی ئەو ئاستەنگانەن کە دەسەڵات بۆی دروستکردون، ئەگەرچی هاتنی ئەوان بۆ ئێرەو دەرخستن‌و نمایشکردنی بەهرەکانیان سنووردارەو مەرجداریشە، مەبەستم هەر لەوێ مەرجیان بۆ دادەنێت، بەڵام تەکانێکە بۆ فێربوون‌و قوتارکردنی ئەو تواناتیانەی پێویستیان بە هەوڵێکی لەم جۆرە دەبێت. دیارە لەوێش واتە لەکوردستانی ئێران‌و تورکیا هونەرو بەهرەی بەتوانای تێدا دیار دەکەوێت، بەڵام ئەوانیش بەدەرنین لەنەخۆشییە بۆ ماوەکان وەکو داب‌و نەریت، کە لەلای ئێمە بوونی هەیە، ئەوان نەخۆشی ئازادی‌و نەبوونی ئازادی دەربڕینیشیان هەیە، بەڵام بوێرانەو لەهەردوو ڕەگەزەکەی نێرومێدا ئەم بەهرانە بەدیار دەکەون‌و بە توانایەکی باشەوە خۆیان نمایش دەکەن.

هەموو ئەوانە جێگەی دڵخۆشین‌و بەتایبەتیش ئەو گرنگیە بێ وێنەیەی لێرە بە هونەرو هونەرمەندان دەدرێ، هەر لەرێزلێناوەوە تا دەگاتە تۆمارکردن‌و رێخۆشکردن بۆ ئاشکراکردنی بەهرەکان‌و پەخشکردنیان لەم چەند کەناڵە ئاسمانیەی ئێستا هەن.

# بیــــــانوو

ئەو باڵ‌و لایەنە توندڕەوانەی بەکۆنی بیرکردنەوەو لەخۆشیانەوە لەوێ, لەنێو وولاْتێکی پڕ لەتیرۆرو جەنگ‌و کوشتاردا باس لەداهات‌و بیرە نەوت‌و پرۆژە ئابووریەکانی ئێرە دەکەن, ئەوانە بیانوو دەگرن‌و بۆ خۆیان دەڵێن و بێئاگان لەوەی ئەمرۆ دوێنێ نییەو جیهان بەرەو سیستەمێکی نوێی پێشکەوتن‌و پڕ لەگۆڕانکاری دەڕوات, گۆڕانێك لەرِیشەوە دەست پێدەکات‌و بەنەخشەکاندا ڕەت دەبێ‌و بەسەر بەخۆیی کۆتایی دێت تا ئەو وێنا جوانانە پیشانی گەلانی عێراق بدات کە سەردەمێکی گەلێ زۆرە لێی بێبەشن.

ئەوان ئەگەر هەر لەئێستاوە دەیانەوێ هەیمەنەی خۆیان, ئەگەرچی نیشیانە بەسەر ئێمەدا بسەپێنن‌و پێیان وایە گۆڕان ئەوان ناگرێتەوە یان دان بە گۆڕانە خێراکانی هەرێمە گەشەسەندووەکانی ئەمرۆدا نانێن, ئەوە لەبیریان چووە نەوەیەکی نوێ لەوولاْتێکی نوێ دروست بووە نەك ئەوان نایانناسن بەڵکو لەدەسەلاْتی خۆیان نابوورن ئەگەر بیانچەوسێنێتەوە, بۆیە باشتر وایە شەقامەکانی خۆیان ئاسایی بکەنەوەو دەست لەکاروباری گەلێك وەرنەدەن کە پڕە لەتوێژێکی زیندوو کە لەژیانیاندا کەس پێی نەگوتوون (هەویتەك) یان بەزۆر فێرە زمان‌و ژێر دەستیەك نەکراون کە بترسن‌و بە

ئاسانی کەوی بکرێن, ئەوان ئەو توێژە لاوەی ئەمرۆن کە نەوەیەکی زیندوون و پێناچێ هیچ رژێمێکی دیان پێ هەزم بکرێ لەدەسەلاتی کوردی بترازێ, ئاخر لێرە لەناو عێراقێکی فرەیدا, فرەنەتەوەو زمان و دین و جیاوازی نەخشەکان, ئاوێتەیەك دروست کرابوو لەهەموو شتێك دەچوو تەنها لەپێکەوە ژیانی ئاشتیانە نەبێت, تەنها لەوولاتێکی یەکپارچەو رەنگ نەبێت, بۆیە گۆڕانە خێراکان ئەم ئاوێتەیەی ناوێ و ئەو سیستمە نوێیەی کە هەمووڵا دەبێت ملکەچی بێت ئەو جیابوونەوە لەسەر خۆیە دەخوازێ کەپێدەچێت بەخێرایی کۆتایی بێت و عێراق بکاتە ئەو وولاتە کۆمفیدرالیەی خواستی زۆرینەیە.

خۆ لەولاشەوەو بەبیانوی سواو کەنیو سەدەیە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیا دەیجونەوە, دەیانەوێ دەست لە کاروباری ناوخۆمان وەر بدەن و دەڵێن. چۆن بۆ ئەمریکا هەیە بێتە ناو خاکی عێراقەوە ئێمەش بۆمان هەیە بێینە ناو هەرێمی کوردستانەوەو ئامانجەکانی خۆمان بپێکین, ئەوانیش لەبیریان چووە گۆڕانی نەخشەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست لە بۆچوونەکانی ئەوان گەورەترەو دواتر ئێرە باشترین ژینگەیە بۆ بەخێوکردن و گەشەکردنی دیموکراتی و هەرێمەکە لەدەسەلاتی هەموو لا دەرچووەو بە ئاراستەیەك دەڕوات, رێك وەك ئەو نەخشەیەی زلهێزەکان کێشاویانە, دواتر ئەمریکا هات گەورەترین دیکتاتۆری سەردەمی تەفروتوناکردو ئەگەرچی بەرژەوەندی سیاسی خۆی لەناوچەکەدا هەبوو, بەلام بۆ ئێمە دەستکەوت و رزگاربوونێك بوو کە لەخەون دەچوو, ئێستا تاکە ئومێدی ئەمریکا لەناوچەکەدا ئەم هەرێمەی ئێمەیە و بەبێ ئێرە هەر هەموو نەخشە سیاسییەکانی لەباریەك هەڵدەوەشێن, بۆیە نە ئەوان و نە ئێمەش ڕازی نابین تاکە ناوچەیەکی عێراق کە ئارامی تێدا سەقام گیرەو بەرەو ئەوە دەچێت کە هەموو لا دەیانەوێ, تورکیا تێکی بداو ئارامیەکەی بشەڵقێنێ باشتر وایە تورکیاش لەبیری نەچێت ئەم توێژە لاوەی ئەمرۆ کە هەر بەکوردی خوێندویەتی و لەژێر دەسەلاتێکی کوریشدا گۆش کراوە, لەخۆیان بترازێ کەسی دی ناخوێندنەوەو ئەو نەخشەیەش کە بۆ کەرکوك و هەرێم نوسراوەتەوە بەشێکە لەو نەخشە نوێیەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست و دووروونزیك بەتورکیاشدا ڕەتدەبێ و پێشدەچێ ئایندەش ئەوە بێت کە ئێمەی بەرەو دیموکراسی دەمانەوێ نەك کەسانی دی !؟.

# پەرت بوونی لاو

کاتێك لاو پەرت دەبێت، یان پەرت دەکرێت بەسەر ئەو رێکخراوو باڵە جیاجیایانەی کە لە ریشەوە باوەڕیان پێی نییە، ئەوە لەوێوە ون بوونی ستاتیکاو کپ کردنەوەی دەنگەکان دەست پێدەکات، ئەو دەنگە راستو هەقبێژانەی کۆمەڵگا بەرەو فیوچەریزم دەبەن، رەهەندەکانی رەتکردنەوەو گۆشەگیرکردنی دەسەڵات لەپەرتکردنی لاوەوە سەرچاوە دەگرێو قەیرانەکانیش هەر لەوێوە دەست پێدەکەن، بۆیە لە بێئاگایدا (ئینتیما) دەبێتە لەت لەت کردنی دەنگەکانو دیاردە ترسناکەکان زەق دەبنەوە، ئەو دیاردانەی لاو وابەستەی دەسەڵات دەکاتو بەبێ بڕیارو بەرژەوەندیەکانی دەسەڵات لاو ناتوانێ لەو چوارچێوەیە دەرچێت کە بۆی کێشراوە،دیاردەی گۆشەگیر بوونو قەیرانی هەڵایسانی ئابووریو ونبوونی تواناو نیوەچڵکردنی داهێنانەکان، هەموو ئەوانە لەپەرتکردنی لاوەوە دەست پێدەکاتو بەدواکەوتنی کۆمەڵگا کۆتایی دێت.
ئاخر هاودەنگبوونی توێژەکان، ئەو توێژە سرکو بزێوانەی دەستەمۆ نابن، ئەگەر بیر لەپەرتبوونیان نەکرێتەوە شەقامەکانی بەردەم دەسەڵات بەخۆیان ناگرنو لەنێو قەیرانەکاندا دەسەڵات نقوم دەکەن، ناچاریان دەکەن دەنگەکان ببیستنو کۆمەڵگا

بەرەو ئەو ئاراستەیە ببەن کە شەقام دەیەوێ، ئاخر کۆکردنەوەو هاودەنگکردنی لاو دەبێتە ئەو فشارە تۆکمەوبەهێزەی ژیان بۆ ئەمرۆی چەند تاکێك نەبێت، بەزۆر ئایندەیان پێدروست دەکەن !، ئەو ئایندەیەی لەنێو پەرتبوونەکاندا ونەو دۆزینەوەشی تەنیا بەم توێژانە دەکرێت کە ئێستا بلاّون. خۆ نهێنیەکانی پەرتبوون لە ئەفسانە ناچێتو ئەو دەمەی هەلاّیسان دەست پێدەکات خنکان بۆ هەمووان دەبێتوهەموو لەنێو تۆزو دووکەڵی شەڕەکاندا قەتیس دەبینو ئایندە دەبێتە ئەو قوربانیەی ولاّت دەکاتە کەلاوە، چونکە شەڕە گەرمو ساردەکانی ئەمڕۆ ونکردنی ستاتیکاو کپکردنەوەی دەنگەکانە، ئەو دەنگە راستو هەقبێژانەی کۆمەڵگا بەرەو فیوچەریزم دەبەن، بۆیە خەتاکان لەنێو ئەم تەمەنەدا گەورە دەبنو ساڵەکان بەخێرایی رەتدەبن، لێناگەڕێن گەشە سروشتییەکان لەنێو لاوی پەرتکراودا رێچکە ئاساییەکەی خۆی وەرگرێتو هەموو تواناکان دەخەنە خزمەتی ئەو دەسەلاّتەی هیچی پێنیەو گۆشەگیرە لەنێو ئەو قەیرانە خێرایانەیدا، کە بێئاگا دروستدەبنو چارەسەری تێدا نامۆ دەکرێ، بەجۆرێك وردودرشت لەناویدا تێکەڵ دەکرێنوئەو ئاوێتەیە دروست دەبێت کە جیاکردنەوەی قەیرانێکی دی دەبێت بۆ ئەو کۆمەڵگایەی لاوی تێدا پەرت کراوە.

ئا لەوێوە وشیاربوونەوە دەبێتە پێداویستی ئەو پێداویستییە هەنوکەییانەی شەقکردنی بێدەنگیەکانی لێدەکەوێتەوەو پەرتبوون کۆدەکاتەوە، تا لەوێوە ئاراستە تەریبەکان نەهێڵنو ئایندە بدۆزنەوە. وێنای ئەو نەخشەو خەونە جوانانەی لەهزری لاو دان تا هیچ نەبێ لەدووچوان نەچنو بەو راستییە بگەن کە شاردراونەتەوەو لەنێو نێوانەکاندا قەتیسن. خۆ لەم کاتانەشدا دۆزینەوەی خود لەپەرت بوونی درێژخایاندا ئەرکی لاوە ناکرێ تا سەر لەنێو دیاردە ترسناکەکاندا چاوەڕێی دۆزینەوە بین، ئەو دیاردانەی ساڵانێکە دووبارە دەبنەوەو لاوی تێدا پەراوێز دەخرێو بەپەرتو قەتیسکراوی ئایندە ون دەکەنوجارێکی دی دەمانگەڕێننەوە ئەو سەرەتایانەی بەهاکانی تێدا دابەشکرا. بەشکردنی هەموو شتەکان هەر لە پێداویستییەکانەوە تا دەگاتە پەرتبوونی ئەو لاوانەی ئایندەیان لێ بەسەراب کراوە، تا هیچ نەبێ ئەوە نەبن کە هەن ! توێژێك بن وەك (ئم)ەکەی رەجەبو (یەس)ەکەی ژێر خێمەکەی سەفوان.

# خـــەونی لاو

لەئەنجامی گەشەکردنی هزری لاوو کامڵبوونی جەستە لەسەرجەم ئەو پێکهاتانەی کە هەر لەیەکەم کرۆمۆسۆمەوە دەست پێدەکاتو بەرەو گەشەیەکی سروشتیو ئەنجامیش بە گەورەبوونو تەواوکردنی خانەو باڵقبوون بە کۆتا دێت، هەر لەوکاتەوە تەمەنی منداڵی دەبنە یادگارو مرۆڤ 20 ساڵی بەجێ دەهێڵێو لاویەتی دەست پێدەکات ئالەو ساتانەدا خەونەکان ئەوانەی نەخشەی ناوهزری مرۆڤن پێدەگەن بۆ گەیشتن بە ئامانجو ئایندەی لاو لەناو ماخۆڵانی خەونەکاندا گینگڵ دەداو یەکەیەکەی رۆژەکانی تەمەنی لەسەریەك دادەنێ.

لاو لەوێ، لەنێو ئەو تەمەنە سرکو بزێوەدا خۆی دەناسێ، دەیەوێ هەرچی زووە قۆناغەکان بەجێ بهێڵێو بگات بەهەموو ئەو حەزو ئارەزووانەی جەستەی دەیەوێ، جەستەیەك پڕاوپڕ لەخەون، تەژی لە برسیەتیو یاخی بوون، زۆرجارانو بۆ گەیشتن بەهەموو ئەو حەزانە، لاو لەنێو هەڵپەو پەلەقاژە بەردەوامەکانیدا دووچاری ئاستەنگ

دەبێت، ئەو ئاستەنگانەی لە کەلتوورێکی ناسروشتیدا دروست بوونو کۆمەڵگا یەکەم هۆکاری وەبەرهێنانیەتی ئەو جار خێزانو دەسەڵات، ئا لەوکاتانەدا لاو هەست بە ماندووبوون دەکات، دەیەوێت لە شوێنێ بژی خەونەکانی تێدا بێتە دیو کۆسپەکانی لەبەردەمدا تەی بکرێت، تا بگات بە (شاری خەونەکان)و ئەو کۆمەڵگاو کەشە لەبارانەی کە هەر لەخەون دەچن. لێرە، لەم هەرێمو وڵاتەی لەمەڕ خۆمان، کە لەوەتەی هەیە لەنێو گۆڕانکاریە خێراکان دایە، ئەو گۆڕانانەی کە توێژە جیاوازەکانو بەرزیو نزمیەکی لە رادەبەدەری تێدایە، بەشی هەرە زۆری لاوەکان لەنێو دنیایەکی بەرفراوانی خەوندا دەژین، خەون بە ئایندەیەکی خۆش، ئایندەیەك پڕ بێت لە بەتاڵکردنەوەی ئەو خەونو ئارەزوانەی لەخێزانی ماندووو کۆمەڵگایەکی ماندوودا دروست بوون، چونکە ئەو کاتانەی لاو بیر لەدروستبوونی خۆی دەکاتەوە هەست دەکات پرسی پێنەکراوە، بەڵام دوای بڕینی قۆناغەکان هەر لەمنداڵیەوە کۆمەڵێك حەزی لێ قەدەغە دەکرێت کە پێویستی پێیەتی، بۆیە هەموو ئەو شتانەی لێی زەوت دەکرێتو نایەڵن وەك بوونەوەرێك بیکات دەبنە خەون، ئەو خەونانەی لەناو بوخچە نەکراوەکاندا زۆربەیان دەخنکێنو وون دەبنو هەندێکی زۆر کەمیشیان بۆ توێژێکی زۆر کەم دێنە دیو کردنەوە.بۆیە لاو مافی خۆیەتی لەمڕۆدا یاخی بێ، داوا لە دەسەڵات بکات. کە خەونەکانی زیاتر نەکاو بە(شاری خەونەکان) چیدی خەونەکانی زیندوو نەکاتەوە، مافی خۆیەتی پرسیارکا پرسیار لەو سەرمایەو داهاتە قەبانەی کە لەنێو پڕۆژە زەبەلاحەکانی تاکدا خەرج دەکرێنو بەشێکی هەرە زۆری خەونی لاوەکانیش لەوێدان، لەنێو ئەو سامانە زۆر تایبەتیانەی کە هی هەمووانەو کەچی بۆ چەندانێکە؟

بۆیە هەر لەو کاتەوەی پرس بە مرۆ ناکرێ لە دروستبوونیدا خەونو پرسیار لەتەمەنی لاویەتی سەرهەڵدەداو ترسی نایەکسانی لەدابەشکردنی داهاتو ترسی پرسی مردنو نەگەیشتن بە خەونەکان تاکە پڕۆژەیەکی لاوەکانی ئەمڕۆنو قەدەریش هەمیشە بەو ئاراستیەدایە تا حەزەکانی لاو درێژترو خەونەکان زۆرترو بۆ نەگبەتی ئێمەش مردن نزیکتر دەکاتەوە.

جا هەر لەیەکەم خۆهەڵواسینی کرۆمۆسۆم بەو دیوارە گەرمو گوڕەی کە بەشێکی زیندووی خەونی لاوە، ئا لەوێ سەرەتاکانی جیاوازی لەنێوان نێرو مێو بوون‌و نەبووندا دەستپێدەکات. دەست پێکردنێك کە هەر لەخەون دەچێو هیچی تر.

# جیـــــاوازییەکان

لەوشوێنەدا جیاوازیەکان زەق دەبنەوە کەپڕۆژەکان دێنە واری جێبەجێکردن‌و حکومەت لەبەرنامەکانیدا بەهەڵەدا دەچێ, ئەوەش بەرهەمی یان زادەی نەبوونی ئەم پلانانەیە کەوەزارەتەکان نیانەو سەربەخۆ بڕیارەکانیان دەخەنە ناو ئەو جیاوازیانەی لەپڕۆژەکاندا ڕەنگدانەوەیان دەبێت ئەو سەرەتایانەی خەڵکی تێدا دامەزراو زۆربەی هەرە زۆری لاوەکان کران بەفەرمانبەر بێبەرنامەیەکی ئەوتۆی پێوەدیار بوو کەڕێك لەبێکاریەوە گواسترایەوە بۆ بێکاریەکی فەرمیو تواناو وزەی لاو لەم نێوەندەدا مت کرا, کۆمەڵگا بەرەو گۆشەگیری‌و وڵات بەبێ بەرهەم هێشترایەوە، لەوێوە سەرەتاکانی

جیاوازیش دەستی پێکرد جیاوازی موچەیەکی مفت لە 100 هەزارەوە بۆ حەوت تا 10ملیۆن تا ئێستا بەردەوامەو لاوی داماویش بەتەنیشت ئەو هەموو گۆڕانە پڕ لەجیاوازیانە دەخوێنێ تا ئەگەر کرا بە فەرمانبەرو خوێندنی تەواوکرد موچەی لەنێوان 150-200هەزارەو دەیداتەوە بەو قەرزەی کەپێشتر وەری گرتبوو،

ئەمڕۆکەش دوای راگەیاندنی حکومەتی یەکگرتوو زۆر بەگەرمی باس لەیاسای وەبەرهێنان دەکرێت دەخوازن لەناو پڕۆژەیەکدا بیر لەبەرهەمی خۆماڵی بکرێتەوەو چیدی چاومان لەهەموو شتەکانی دەوروبەری خۆمان نەبێت یاسایەك ولات لەتەنگژەی یان قەیرانی مشەخۆری رزگار بکاتو کۆمپانیا بیانیو ناوخۆیی هاندەر بێت بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان بەئامانجی وەبەرهێنان بۆ ئازادکردنی وزەو ئارەزووی لاو ئەوکەسانەی لەم بوارەدا توانای کارو داهێنانیان هەیە, بەلام رێك لەوکاتانەدایە کەگەلاڵەی پڕۆژەیەکی لەم جۆرە دەکرێت (نازەموڵ) دەکرێتەوە, ئەم سوپەرمارکێتە پێدەچێت نوێترین شێوازی بازاڕی سەردەمیانە بێتو هەر هەموو شتێکی تێدایە کەدەچیتە ناو ئەم بازاڕە هەست ئەکەیت لەم ولاتەدا نیت لەناو سیستەمی ئابووریەکی جیاواز دەژیت هەموو بەرهەمەکانی ناوی جگە لەگۆشتو یەك دووجۆرە میوە نەبێت, هەموو بیانینو لەوێدا هەست دەکەیت کەئێمەی کورد چەندە تەمبەڵینو چەند مشەخۆرین لەوێدا هەست بەجیاوازیەکانی بەرهەمی ولاتانو ناوخۆ دەکەین تەنانەت هەست بەجیاوازیەکی تەواو لەنێوان بڕیارو جێبەجێکەرانیش دەکەین, چونکە ناکرێت یاسای وەبەرهێنان لەگۆڕێدابێت سوپەرمارکێتەکانیش بەرهەمی ناوخۆیان تێدا نەبێت بازاڕەکانمان پڕن لەشتی بیانی هەر لەئاوەوە بگرە تا دەگاتە هێنانی ساوەرو جلو بەرگی کوردیو خەلۆزیش, راستە چاکەتو پانتۆڵی ئەوێ جوانن, بەلام جلو بەرگی کوردی بەدەستی بەرگ دووری ئێرە جوانترنو ساواری ئێرە بەتام ترەو لەوەتەی وەبیریشم دێت دەڵێن گەنمی خۆماڵی بەتامترینو باشترین نانی لێ دروست دەبێت, برنجی کوردی هەر بەناوبانگەو میوەو تەماتەی خۆماڵیش هەر لەوێ دانێ, کەچی ئەمڕۆ رێك بەپێچەوانەوەی یاسای وەبەرهێنان, بازوی لاو کارگەرەکان بەمووچەیەکی کەم خاوکراوەتەوەو ئێستا تورکو عەرەبو بیانی لێرە کار دەکەن,لەجێی بەرهەمە ناوخۆیەکانیش بازاڕە نوێیەکان پڕ پڕن لەوشتە جوانو بەنرخانەی کەسامانی

نیشتمانی پێ ئاودیودەکاو بەرهەمی خواردنە نایابەکانی ئێرەشی  پێ بێ نرخ دەکاو دەیان گەنێنێ.
بۆیە دروست کردنی چەندین کارگە لەپارێزگاکانی کوردستان بۆ وەبەرهێنانی کاڵاکان و کڕینەوەی بەرهەمە ناوخۆییەکان و دانانیان لەم سوپەرمارکێتانە ئەرکی لەپێشینەی حکومەتە تا لەیاسای وەبەرهێناندا هەرچی زووە کاری پێبکرێت.

# ڕەهەندەکانی
# وێکچوون لەنێوان هەردوو ڕەگەزی لاودا

پێداگرتنی کچ لەو داخوازیانەی زیاتر بەرەو گۆشەگیری دەبات و ئایندەی لەباریەك هەڵدەوەشێنێ، ئەو دیاردە ترسناکەیە کە نازانرێت بۆچی لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەبەردەوامی هەیەو هەمیشە لەکاتی هاوسەرگیریدا وەك زۆربەی دیاردەکانی دی دەگەڕێتەوە ئەو سەرەتایانەی باوانیان پێ گۆش کراوە.

لێرە رابردووی هاوسەرگیری بەچەندین قۆناغی وێکچوو تێپەربووە هەر هەموو سەردەمەکانیش لەبەرژەوەندی کورو کچدا نەبوون زۆرجار ئەم پرۆسەیەو هەتا پەیوەندیە خۆشەویستیە زۆر پاکەکانیش بوونەتە قوربانی ئەو داخوازیانەی کەکچ یان دایکی کچ هەیان بووە.

بێدەنگ بوونی هەردوو لا لە ئاست ئەم کەلتورە دواکەوتووەدا واتە رازیبوونی کوڕ لەداخوازییەکانو داواکردنی زیاتریش لەلایەن باوانەوەو رازیبوونی کچەکەش لەم نێوەندەدا خەتایەکە دەرهەق بەو ئایندەیە دەکرێت کە پرۆسەی هاوسەرگیری پێدەڵێن ، بۆیە رەهەندەکانی وێکچوون لێرەدا دەردەکەون فاکتەرەکانی دواکەوتنو شکستی هاوسەرگیریش لێرەوە دەست پێدەکات خۆ ناشبێت ترادسیۆنی کۆمەڵایەتیو میراتەکانی دین لەیاد بکرێن کە ئەوانیش بێ خەتانین لە ئاست کێشەیەکی بۆ ماوەی کۆمەڵگادا کە هەردوو رەگەزی لاو هەتا ئێستاش دەستەوەستان لەبەرامبەریدا وەستاونو لەچاوەڕوانی ئەوەدان دین یان باوان یا عەشیرەتو دیوەخانەکان بۆیان چارەسەر بکات، هەر ئەمانەش دەبنە هۆکاری هەڵوەشانەوەی زۆر لەگرێ بەستەکانی هاوسەرگیریو زۆرجارانیش لەنێوان خۆشەویستیەکی پاکدا ترسی داخوازیەکان ترازانێکی تا بڵێی قوڵ لە نێوان دوودڵدا دروست دەکات ئاکام ئەوانیش دەبنە سووتەمەنی ئەو نەرێتە دواکەوتووەی ئێستای کۆمەڵگا، بێئاگا هەردوو رەگەز دەکەونە ناو ئەو جێنگڵدانەی شەوانەی پێ بەرێدەکەنو سەرنجام کاتیش تەمەنیان بەرەو ئەو قەیرەییە دەبات، کە کچ هەر لەتەمەنی 18 ساڵییەوە لێی دەترسێت تا ئەو کاتەی شوو دەکات.

بۆیە لێرە دڵنیا دەبینەوە لەوەی کە بونیادی سایکۆلۆژی تاك رۆڵی هەیە لە تروکانی ئەو گەرایەی داخوازی بەرهەم دێنێ، ئەوە جگە لەوەی دەسەڵاتیش بەدەر نییە لەو خەتایانەی دەرهەق بە هەردوو رەگەز دەکرێت، چونکە ئەوان دارێژەری ئەو یاساو دەستورەن کە کۆمەڵگا بەگشتیو لاو بەتایبەتی دەبنە کەرەستەی بەرکارهێنەرو زۆرجاران لە پشتەوەی دادگا بڕی مارییەکی زۆرو هەر لەوێش هەڵوەشانەوەی لەسەر بنەمای داخوازیەکان جێبەجێ دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی ناسینو خزم خزمێنەو بوونی هێز لەناو دەسەڵاتدا رێگەن بۆ ئاسانکردنی ئەو ترزانەی کە لە بێئاگایی لاودا

روو دەدەن‌و لەم کاتەدا چەند ترادسیۆن‌و کەلتور خەتابارە هێندە زیاتر دەسەڵات بەرپرسە بەرامبەریان چونکە هەموو کات لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا شوناسی مرۆڤ بوون‌و بەهاکانی ژیان دراوەتە رەگەزێك کە لەجەوهەریدا چەوساندنەوەی خۆیەتی بەر لەبەرامبەرەکەی چونکە هەموو بوارەکان لێرەدا لەبەردەم رەگەزی نێردا والآیە بۆ کارکردن‌و دەرخستنی تواناو ئەو ئازادیانەی کەلتورو ترادیسۆن پێی بەخشیوە، بۆیە زۆر جاران ملکەچی ئەو داخوازیانە کە رەگەزی مێ لێی داوا دەکاو لەهەمان کاتدا رەگەزی (مێ) ش زۆری تەمەنی بەرامبەرو شایستەیی‌و جوانی‌و ئایندە دەکاتە قوربانی ئەو داخوازیانەی ئەنجام رەهەندەکانی وێکچوون لەنێوان هەردوو رەگەزی لاودا بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەو خەسڵەتە لەخۆ دەگرن کە بەردەوامی بدات بەو کەلتورو نەریتانەی رەنگدانەوەی لەناو بوونیادی سایکۆلۆژی تاك‌و دەسەڵاتدا جێ بهێڵێ.

## ســــــــــادەیی

چونکە کورد لە خۆیەوە تەماشای بەرامبەرەکەی دەکات بیری لەوە نەکردۆتەوە لە دیبلوماسیەتدا رەچاوی بەرژەوەندی دەکرێ, یان ئامانج‌و دەستکەوتەکان گرنگترە لەوانەی دەیانەوێ فێڵمان لێبکەن, بۆیە زۆربەی جاران باجی ئەم هەڵانەمان داوەو هەمیشەش بەردەوامبووین لە دووبارەو چەند بارە کردنەوەیاندا, ئەگەر باس لە دانوستانەکانی حەفتاو هەشتاکان بکەین کە هەمیشە رژێمە یەك لە دوای یەکەکان سوودیان لە کات وەردەگرت‌و تێکۆشانەکانیان بەهەدەر دەدا, ئەوە زۆربەمان لە یادمانە, کە دوای سەرجەم دانوستاندنەکان کارەساتێکی گەورە بەسەر گەلەکەمان دەهات,

لەوێش نزیکتر راپەڕینەکەی ساڵی 1991 بوو کە بە کونفە یەکونێكو دوای پشتێکردنی هاوپەیمانان کۆڕەوی لێ دروست بوو, ئەدی بۆ باس لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن نەکەین کە لە ساڵانی نەوەدەکان لەلایەن کوردەوە چ هاریکارییەك دەکران و چەند کۆنگرەو سیمناریان بۆ بەستراو چۆن کوردستانیان کردبووە جێگەی چالاکییەکانی خۆیانو ئەو پردەی ئەوانی بە دەرەوە دەبەستەوە, کەچی دوای رووخانی رژێمو گرتنە دەستی دەسەڵاتو وەرگرتنی زۆرینە, لە هەموو بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەوەو بەو کوردستانە ئازادەی ئێستامانیان دەگوت شیمالو ویستیان فێڵ لە دەستووردا بکەنو سوێندەکە بگۆڕنو ماددەی 58 دوابخەنو کارێك لەناو کەرکوکدا بکەن کە تەواوکەری ئامانجی بەعسییەکان بێت, ئاخر چونکە کورد لە خۆیەوە تەماشای بەرامبەرەکەی دەکات لەوەتەی هەیە خۆی بە برای عەرەبو تورکمانو فارس دەزانێو, کەچی هەرسێکیان لێی لە بۆسەدانو دەسەڵاتیان هەبێت ئاسەوارمان ناهێڵنو هەموو پرۆژەکانمان ئەوانەی بۆ ئایندەیەکی باشمان بنیات ناوە بەسەر یەکتریدا دەڕمێنن.

ئەوەتا فارسی برا لەولا شیعەکانمان لێ هان دەدات تا دەستوور پێشێل بکەنو بڕیارە چارەنووسسازەکانی کورد جێبەجێ نەکرێو, تورکیاش بە هەنجەتی پارتی کرێکاران هەوڵی سنوور بەزاندن دەداو هەردووکیشیان بەیەکەوە چەند هەفتەیەکە بۆردومانی گوندەکانی سەر سنوورمان دەکەنو هەوڵی شێواندنی ئەو ئارامییە دەدەن کە بەسەرچاوەی مەترسی دادەنێن بۆ دوارۆژی سنوورەکانی خۆیان.

عەرەبی برای ئێرەشمان کونە مشکیان لە کوردەکانی باشوور کردۆتە قەیسەریو بەراستو چەپ لێمان دەکوژن, چونکە ئێمە ئەوان بە برای خۆمان دەزانینو لە خۆمانەوە تەماشای ئەوان دەکەین! بۆیەش ئەوان لاوەکانمان دەفڕێننو ماڵەکانیان دەردەکەونو هەڕەشەی تەفرو توناکردنمان لێدەکەن.. ئێمەش لێرە لەم کوردستانەی لەمەڕ خۆمان کە لەشکرێك لاو شەوو رۆژ خەریکن بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی تیایدا, باوەشمان بۆ برا عەرەبەکان کردۆتەوەو گەڕەك نەماوە لە سلێمانیو هەولێر دیشداشە لەبەری تێدا نەبێ بەپێی ئامارێکی ئاسایشی سلێمانیو هەولێر زیاتر لە چوار هەزار ماڵی عەرەب بۆ سلێمانی هاتوونو شەش هەزاریش بۆ هەولێر, ئێستا ترسێك بەرۆکی

هاووڵاتییانی گرتووەو گومان لە هەموو شتێك دەكەن, پێیان وایە لە پەنای ئاڵۆزی وێو ئارامی ئێرەدا پلان دروست دەبێتو ئەم دەمو چاوانە خۆ دەخزێننە شارەكانمانەوە كە سەرچاوەی ئەو ترسەن كە لە رابردوودا چەند بارە بۆتەوە, چونكە ئەوان هەمیشە بە دزرێكدا دێن كە ئێمە لە خۆمانەوە بۆ خۆمانی دروست دەكەینو لە خۆشمانەوە تەماشای ئەوان دەكەین, بۆیە بۆ بەهەدەرچوونی ئەركو ماندووبوونی ئەو لەشكرە لاوەی كە ئارامی ئێرەیان پاراستووە باشتر دەبێ كە رێكخراوە مرۆدۆستەكان ئەوانە لە كەمپێكدا قەتیس كەن تا دەرفەت بۆ ئەوانە نەڕەخسێ ئاسوودەییمان لێ بسووتێنن ماڵمان وێران كەنو بازاڕمان لێ هەستێنن.

# ساڵی نوێی خوێندن
# پڕكردنەوەی بۆشاییەكان

هەرچەند رۆژێكی دی ماوە ساڵێكی نوێی خوێندن بۆ قوتابیان دەست پێبكات و دەرگای قوتابخانەكان لەرووی قوتابیاندا ئاوەڵابكرێ و شەقام و خوێندگاكان ئاوەدان ببنەوە.
پێدەچێت ئەمساڵ گۆرانێكی كەم لەسیستەمی خوێندندا كرابێ و بەتایبەت خوێندگا سەرەتاییەكان. كردنەوەی خولی تایبەت بۆ مامۆستایانی سەرەتایی كە لەم ساڵدا ئەنجامدرا بۆ وتنەوەی وانەی ئینگلیزی هەر لەپۆلی یەكەمەوە. هەنگاوێكی نوێیە بە

ئاراستەی باشترو قوتابیانی ئەم قۆناغە نەوەیەکی نوێ و کراوەتریان لێدەردەچێت ئەگەر وەزارەتی پەروەردە بەجدی و دڵسۆزی ئەم ئەرکە گرنگە بە فەرمی جێ بەجێ بکاو کێشە تایبەتی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانیان تێکەڵ بە پرۆسەی خوێندن نەکەن ئەوە بۆشاییەکان لەپرکردنەوەدان. فێربوونی زمانی ئینگلیزی هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە باشترین دەستکەوت دەبێت بۆ قوتابیان. بەتایبەتی کەئەم زمانە زمانێکی جیهانیەو لەهەر هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاردێ و دواتر شێوەی رێزمانی و دارشتنەوەی وشەکان، لەبەکارهێنان و مامەڵەکردنی زانستیانەدا تەواو لە کوردی نزیکەو قوتابیان دەتوانن باشتر وەریبگرن و فێری بن، ئەوە جیا لەوەی ئایندەی خوێندنی قوتابیان بۆ کۆلێژە زانستیەکان زۆر ساناتر دەبێت و قوتابی باکگراوندێکی باشی دەبێت لەم قۆناغەی ئێستا کێشەی بۆ دروستکردووە، ئەوەش لەکاتێکدا کە کۆمپیوتەر و ئینتەنێت جیهانی گچکە کردۆتەوەو هەرهەموو فەرمانگەکان بەکاری دەهێنن و لە زۆربەی هەرە زۆری ماڵەکانیشدا هەن و وەك دیاردەیەکی نوێ بۆتە پێداویستی و، لەم کاتەشدا قوتابیان بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەتوانن سوودی باشتری لێوەربگرن و ئەکادیمیانە بەکاری بهێنن.

ئەم هەنگاوەی وەزارەتی پەروەردە پێویستە بەشێك بێت لەو ریفۆرمەی خستویەتە بەرنامەیەوەو ئەگەر درەنگیش بێت باشترە بۆ ئایندەی قوتابیان، بۆ ئایندەی مامۆستاو خێزانی فەرمانبەران بیر لە هەنگاوی باشتر بکاتەوە هەوڵبدات هەموو گەرەکێك باخچەی ساوایانی هەبێت و لەوێش جگە لەوەی منداڵان فێری وانەی بەسوود دەبن، مامۆستاو فەرمانبەریش گەورەترین کێشەیان لە کۆڵ دەبێتەوە کەئێستا نازانن منداڵە دوو ساڵ و سێ ساڵەکانیان لەکوێ دانێن؟. هەروەها زیادکردنی مووچەو گۆرینی مەنهەج و دیاردەی نەهێشتنی بە حزبی بوون لە ئەرکە هەرە لە پێشینەکانی وەزارەتی پەروەردەیە و بەرێوەبەری قوتابخانەکانیش دەبێت بەخۆیاندا بچنەوە و هەوڵدەن بۆ گەشبینی قوتابیان توندوتیژی بەکارنەهێنن و مامۆستایان هاندەن پۆلەکان بەتایبەت هی قوتابخانە سەرەتاییەکان نەکەنە بەندیخانەیەك کە پێشتر مامۆستایان خۆیان وا پەروەردە کرابوون و پێویستە لەسەریان بەرووپەکی گەش و منداڵانەوە پێشوازی لەو قوتابیانە بکرێت کە یەکەم رۆژو ساڵیانە قوتابخانە ببینن، تا هەر لەسەرتاوە

خۆشەویستیان بۆ مامۆستاو قوتابخانەو وانەکانیان هەبێت و لەوێوە بچنە ناو ئەوجیهانەی ئایندەی وڵاتەکەمانیان دەکەوێتە ژێر دەستیانەوە،چونکە قوناغی سەرەتایی پرۆژەیەکی گەورەی ئابووری و سیاسی و هەمەلایەنە بۆ هەر وڵات و نەتەوەیەك کەبەرنامەی بۆ ئایندەی هەبێت و لەوێشەوە دەوڵەت دەتوانێ ئەو قۆناغانە بخوێنێتەوە کە ریفۆرمی تێدا ئەنجام داوەو ئایندەبینی خۆی تێدا تاقیکردۆتەوە. بۆیە ئەگەر وەزارەتی پەروەردە لەم سەرەتایانەوە بچێتە ژورێ و هەنگاوەکانی بەرەو چاکسازی لە پرۆسەی خوێندندا فراوانتر بکات، ئەوە زۆر نابات نەوەیەکی نوێ و زمانزان ئەو بۆشاییانە پردەکەنەوە کەئێستا و بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

## سەرەتاکانی ئاینده

مامۆستای سەرەتایی بەتایبەت ئەوانەی وانەی پۆلی یەکەم دەڵێنەوە زۆر گرنگە خاوەنی ئەزموونێکی درێژبن لەوانە گوتنەوەدا, چونکە قوتابیانی پۆلی یەکەم وەك هەویری خاووانو ،تەنها مامۆستا دەزانێ چۆنو چیان لێدروست دەکاتو.. لە هەمان کاتیشدا چۆن هانیان دەدات تا بەردەوام بن لە خوێندنو بە خولیاوە رۆژانە رووبکەنە ئەو پۆلەی کە فێری وشەو ژمارەو زانیارییە سەرەتاییەکان بن.

ئەو رۆژەی کە بیستم لە یەکێك لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناو شاری هەولێر کە ئەویش قوتابخانەی ژاڵەی گەڕەکی گوڵانەو مامۆستای کوردی ئەم قوتابخانەیە رۆژێك بیبسیو رۆژێك چوکلیاتو رۆژێك قسەی خۆشیان بۆ دەکات, تا قوتابییەکان بە عیشقەوەو بەردەوام گوێ بۆ مامۆستاکەیان راگرنو فێرە ئەو وانەیەبن کە بەڕێزی پێیان دەڵێت, زۆر دڵخۆش بوومو دڵنیابووم لەوەی کە تا ئێستاش مامۆستای دڵسۆزو خاوەن ئەزموون لە قوتابخانەکاندا هەنو توانایەکیش هەیە بۆ فێرکردنی منداڵانی خەڵك تا بەردەوامی بدات بەو پرۆسەیەی زیاتر لە نیو سەدەیە پسپۆڕەکانمان هەوڵی بۆ دەدەنو وشەی کوردی بە مانا راستییەکەی فێرە منداڵانی ئێمە دەکەن.
لە حەفتاکان ئەو کاتەی قوتابی پۆلی یەکی سەرەتایی بووم مامۆستایەك وانەی کوردی پێدەگوتین. زۆر ئەکادیمیو پسپۆڕبوو لە وانە گوتنەوەدا. هەتاکو ئێستاش تایبەتمەندی ئەو مامۆستایە لە بیرناکەم بەتایبەت ئەو شێوە ئاسانو دروستەی کە ئێمەی پێ فێردەکردو لەگەڵ ئەو نەرمو نیانیەی هەیبوو لەوانە گوتنەوەدا, چونکە لە خوێندنی هەر وانەیەکی نوێدا وەك دارو سێوو مراویو ئەوانی دی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا تا بە زیندوویی وانەکە بخوێنینو لە یادمان نەچێتەوە.
ئەم جۆرە تایبەتمەندییە لە وتنەوەی وانەکانی پۆلی یەکی سەرەتایی شێوازێکی ئەکادیمینو قوتابی نازانێت چۆن وانەکە کۆتایی دێتو هەڵبەتە لەم کاتاناشدا ئاستی دەرچوونی مامۆستا زیاتر دەبێتو ئەوە جگە لەوەی قوتابییەکی ئامادەو وریاش دەنێرێتە پۆلی دووەم کە لەوێ بەدواوە قۆناغەکانی دی زۆر بە ئاسانی دەبڕێ.
بۆیە ئەو رۆڵەی مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا هەیەتی رەنگدانەوەی بەردەوامی هەیە تا زانکۆش تەواو دەکاتو دەبێتە ئەو ئەندامە چالاکەی کۆمەڵگا کە لە یەکێك لە بوارەکاندا خزمەت دەکاتو ئایندەی وڵاتەکەمان دەکەوێتە بەردەستی ئەو توێژانەی هەر لە سەرەتاوە فێرە ئەلفو بێ دەکرێن.
مامۆستای کوردی قوتابخانەی ژاڵەم وەك نموونەیەك هێنایەوە بەڵام دڵنیام وێنەی ئەو لە قوتابخانەکانی دیشدا هەنو لە روانگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیەوە بە دڵسۆزی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن. بۆیە لەسەر دەزگای پەیوەندیدار پێویستە رۆڵی ئەم دڵسۆزانە هەڵسەنگێنیو هەوڵبدات نموونەیان لە هەموو قوتابخانەکاندا هەبێ

تا ئایندەی وڵاتەکەمان ببێتە قوتابخانەیەکی گەورەی نموونەیی باڵاو، قوتابیان بێ جیاوازی لە مەنهەجو مامۆستاو پێداویستییەکانی وانە گوتنەوەو ئەو تەبەشیرەش کە بەکاری دەهێنن، پێبگەنو، ئەندامێکی چالاكو داهێنەریان لێدەربچێت. چونکە لەوێوە سەرەتایەك بۆ ئایندە دەنەخشێنرێتو قوتابی بە شێوازێك فێردەکرێت تا بەرەو ئەو بەهرەو توانایانە بچێت کە لە هەموو کات زیاتر ئەمڕۆ ئێمە پێویستیمان پێیانە, چونکە لە سەرەتای دروستکردنی ئەو کۆمەڵگا شارستانیو پێشکەوتنخوازییەداین کە کاری بۆ دەکەینو بەشێوازە دیموکراتییەکان وەك هەڵبژاردن خەریکی نەخشاندنی ئەو ئایندەیەین کە دواجار دەیخەینە ناو دەستی منداڵانی ئەمڕۆمان.

# شـــــــــەرمەزاری

بێ بەرنامەیی دەسەڵات لە ئاست پرۆژەو پلانو دامەزراندندا, زۆرجاران ئاراستەکان پێچەوانە دەکاتەوەو هەندێ جاریش رەنگدانەوەیەکی خراپ لە دوای خۆی جێدەهێڵێ, بۆ نموونە بازاڕ خەریکە توێژە هەرە گرنگەکەی کۆمەڵگا قوت دەدات کەچی دەسەڵات لە ئاستیدا بێدەسەڵاتەو, لە ژێر ناوی بازاڕی ئازاددا هەیمەنەی تاك لەناو کۆمەڵگادا

بەرەو ئەوپەڕی لاوازی دەبات, مامۆستایان بڕبڕەی پشتی وەزارەتی پەروەردەن‌و هەر هەمووومان بە بەرپرس‌و هاووڵاتییانەوە لە ژێر دەستی ئەوان یەکەم وانەی ئەلف‌و بێ‌و دواتر زانستەکانمان خوێندووە, کەچی ئەمڕۆ وەك ساڵانی نەوەدەکات دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانە, لە سیاسەتی ناوخۆو لەوێش گرنگتر دوای گەشەسەندنێکی بەرچاوی باری ئابووری کوردستان, کەچی بۆ جارێکی دی مامۆستایان دەستیان داوەتە کاری دووەم‌و هەرکە قوتابخانە تەواو دەبێت یان لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە ماڵ دەچن بەرەو ئیشێکی دی تا بۆشاییەکانی ژیانیان پڕکەنەوە, من لەگەڵ تەکسییەك سەرکەوتم, کە شوفێرەکەی (مورشید)ی منداڵەکەمەو ساڵ نییە چەندین جار نەچم بۆ قوتابخانەو پرسیارکردن, بەڵام کە دیم ئیشی تەکسی دەکات تاسام, چونکە دەزانم ئەو دڵسۆزییەی پار هەیبوو بۆ قوتابی‌و قوتابخانەکەی ئەمساڵ لە دەستی دەداو بیر لە هەرچی زووە گەڕانەوە دەکاتەوە تا بەرەو کاری دووەمی بچێ.

خۆ لەوێش مەترسیدارتر وەزارەتی ناوخۆیە, چونکە هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس کە گەورەترین ئەرکیان لەسەر شانەو تا ئێستا زۆر سەرکەوتووانە ئارامی هەرێمیان پاراستووە, خەریکە ئەوانیش بەرەو ئیشێکی دی دەچن‌و ئەرکە هەرە سەرەکییەکەیان لە دەست دەدەن.

چونکە ئاسایشێك جیرانمانەو زۆر لە نزیکەوە ئاگاداریم کەلە کاتی گەڕان بە دوای تیرۆیستەکاندا ئەوانەی ئاسایشی پایتەختیان ماوەیەك شڵەقاند, ئەو یەکەم کەس بوو خۆی بە ماڵەکاندا دەکردو یەکە یەکەی تیرۆریستانیان دەستگیرکرد, هەندێ جار بۆ گەڕان بە دوایاندا دەچوونە کەرکوك‌و بەغداو لەوێ داواکراوەکانیان دەهێنایەوە, کەچی ئەم ئاسایشە ئێستا کارەباچییەو دوای دەوام قاڵدرمە هەڵدەگرێ, یان بزمار دادەکوتێ‌و لەفە وەیار دەشکێنێ.

کوڕینە لەو بازاڕەی هەولێر ئاسایش هەیە ئەو چەند ڕۆژەی کە پشوویەتی, یان دەوامی خستۆتە شەوانە بە ڕۆژ شاگردی چێشتخانەیە, مێز پاك دەکاتەوەو قاپ دەشوا, دڵنیام لەوەی ئەم جوامێرانە ئەگەر هەڵایسانی باری ئابووری خێزانەکەیان نەبێت, بیر لە ئیشی دووەم ناکەنەوە, ئاخر گەورەترین مەترسییە یان بێ یاساییەو لێرە لەم کۆمەڵگایە سووکایەتیشە کەسێك بە شەو لەسەر شەقامەکانی ناو شار تا بەیانی ئێشك

بگرێ بۆ پاراستنی ئارامی هەرێمو داوای ناسنامە لە کەسێکی دیاریکراو بکاو سبەینێ لەناو چێشتخانەیەك لە هەمان شاردا بەردەم ئەو کەسە پاککاتەوە کە شەوێ ناسنامەی لێوەرگرتووە, ئا لەو کاتانە دایە ئارەقەی شەرمەزاری دەڕژێو کەسایەتی لە بەین دەچێ, رێك لەو کاتانەدایە دەسەڵات بێ دەسەڵاتو ئاراستەکان پێچەوانە دەبنەوە, چونکە لە نێوان ئەرکی مامۆستاییو شوفێری تەکسیدا دەبێ یەکیان هەڵبژێرێ, لە نێوان ئاسایشو شاگردی چێشتخانەشدا هەر دەبێت یەکیان هەڵبژێرێ, بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش هەر دەبێت لایەنێك هەڵبژێرێ, بۆیە لە نێوان ئەم هەموو هەڵبژاردنانەدا, ئێمەو ئەوانیش نازانین بۆ ئایندە چی هەڵبژێرین!!

# شـــــەرمی شوو

هێشتا لەتەواوی توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا دیاردەی شەرم لە شوکردن, بوونی هەیەو, نەتوانراوە ئەو کۆسپانە تەیبکرێن کە هۆکاری ئەم دیاردەیەنو تا ئێستاش کچەکانمان بە ئازادیو بوێری ناتوانن لەبەردەم باوكو براياندا بڵێن شوو دەکەینو هەمیشە شەرمو ترسێك لەناخیاندا خۆی مەڵاس داوەو لەئاستی ئەم ووشەیەدا کە مافی راستەوخۆی هەموو کچێکە, بێدەسەڵاتن. کارکردن بۆ ئازادکردنی ووشەی شوو

دەبێت لەخێزانەوە دەست پێبكاتو سەرەتا باوك پێویستە لەسەری دەرفەت بۆ كچەكەی بڕەخسێنێ تا بوێرانە داوای ئەم مافەی خۆی بكاتو ئەوجار بۆ وەدەستهێنانی ئەنجامیش كچ دەبێت لەم چوارچێوە بەرتەسكە خۆی رزگار كات كە دەوروبەری پێ تەنراوەو دەبێت لە رێگەی ووشیاركردنەوەی خێزانەكەی بەتایبەت ئەو خێزانانەی ئەم ووشەیان پێ هەزم ناكرێ دەست پێبكاتو ئەوجار دەستنیشانی ئەو كەسە بكات كە خۆشی دەوێتو ئازادانەو لەكاتی پرسیاركردندا لەبری (كەیفی خۆتانەو مادام ئێوە پێتان باشەو دایكم دەزانێ) بڵێ شووی پێدەكەم، ئەگەرچی هەموو ئەو وەڵامانە یەك مانان بەڵام ووشەی بەڵێو شوو بوێری كچەكە پیشان دەداتو بازدانە بەسەر ئەو كۆتە زمانەوانیەی كە تا ئێستاش كچانی ئێمەی لەبەرزترین ئاستدا بەستۆتەوە.

زۆرجاران بەهۆی نزیكیو خۆشەویستی دایكو كچ بەتایبەتیش كە هەمیشە دایك باشتر لەناخی كچ دەگاتو دەتوانێ گرێ كوێرەكانی بۆ بكاتەوە، كچ سەرجەم نهێنیەكانی ژیانی بەتایبەتیش خۆشەویستی بۆ دایكی دەدركێنێ، تا هەر هیچ نەبێ دایكی ئاگاداری ئەو نەخشەیە بێت كە كچەكە بۆ دوارۆژی خۆی كێشاویەتیو جۆرە متمانەیەكی بەهێزیش بێت لەنێوان خۆیو دایكو خۆشەویستەكەیدا.

ئەگەرچی ئەمە خاڵێكی راستگۆییو بوێری كچەكە نیشان دەداتو بەڵام بێئاگایە لەوەی كە ئەو ترسەی لەناخی كچەكەدا هەیە دایكیشی هەمان ترسی هەیەو بەڵام دەتوانێ ئاسانكاری لەكاتی دەست بەكاربوونیدا بۆ بكاتو ژیرانەش كاریگەری هەبێت بەسەر باوكی كچەكەدا ئەگەر دووچاری گرفت هاتن.

لێرەدا هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خێزان لەلایەن كچەكەوە پێویستەو ئەگەر توانای زاڵبوونی بەسەر ئەو كێشانەدا نەبێت كە ئایندە دروستیان دەكات دەبێت هەوڵی شكانی ئەو شەرمە بدات كە وەكو كەلتوور بۆیان ماوەتەوەو ناتوانن خۆیانی لێ رزگار بكەن. یان تاچەند كچ توانای بەرگە گرتنی هەیە لەئاست ئەو بەڵێنەی داویەتیو چۆنیش دەتوانێت لەنێوان خۆیو باوكیدا ئەو متمانەیە بپارێزێ یان ئەو هاوسەنگییە رابگرێ لەنێوان دوو خێزانی لێك جیادا؟ چونكە بڕیاری شووكردن، جگە لەوەی بۆ كچەكە كردنەوەی دەرگایەكی نوێیە بۆ ژیانێكی نوێو دەرچوونە لەو خێزانەی ساڵەهایە

گۆشیان کردووەو ئامادەیان کردووە بۆ ئەم دوا رۆژە، بۆ باوكو دایك هەرچەندە سەرکەوتنی لایەنی پەروەردەیی تێدایە، بەڵام جیابوونەوەی پارچەیەکە لەوان‌و دوورکەوتنەوەی ئەو منالە ساواو هەرزەکارە زۆر خۆشەویستەیە کە شەونخونییان پێوە کێشاوە، بۆیە بڕیارێکی لەم شێوە لەخۆبوردوویی دەوێت‌و دەبێت خێزان لەو ئاستەدا بێت کە بتوانێ بوێرانە بڕیار بدات‌و کچیش لەشکاندنی شەرمی شودا توێژینەوەیەکی دەروونی لەباری خێزان بکات‌و هەوڵی هاوسەنگکردنی هەموو ئەو دڵانە بدات کە بەڕاستی خۆشیان دەوێت‌و لەخەمی دوارۆژی ئەو دان، لێرەداو لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا کچ بەهاوکاری دایكو باوك هەمیشە پێویستی بەخەباتی زیاترە بۆ ئازادی زیاتر لەناو خێزاندا.

# شۆڕشی قەیرەکان

رێك لەو شوێنەدا خۆم بە تەنها دیتەوە کە دیم کە چۆن خزمەتکارە بیانییەکان دێن‌و خزمەتی ئەو بەرپرسانە دەکەن، کە پێشترو ئێستاش خۆیان بە خزمەتکاری گەلی خۆیان دادەنا، ئەوان ئەو کچە رەش‌و رووتە ئەسیوبی‌و بیانیانەی دێنە ئێرە، خۆیان

لەو بالەخانە شوشەییانەدا دەبینینەوە کە پێشتر نەبوون، پێشتر قەد بیر لەوە نەکراوەتەوە ئافرەتە شۆخو شەنگەکانی ئێرە جارێکی دی بگەڕێنە دواوەو وەك ئاغا ژنەکان خزمەتکاریان هەبێ، ئاخر ئەوکاتەی ئاغاکان خزمەتکاریان هەبوو و شۆڕشێك دژیان بەرپاکراو جوتیارەکان رازی نەبوون چیدی لەژێر دەستی ئاغادا بچەوسێنرێنەوەو ژنەکانیان خزمەتی ماڵە ئاغایان بکەن، هەر بۆیە خۆم بەتەنها دەبینمو پێم وایە ئەم کچە بیانیانە رێگرن لەبەردەم ئەم پێشکەوتنو شۆڕشە فیونزمەی دەمانەوێ لێرە بیکەین. تەنهامو ترسم هەیە، گومان لەو مافە سەرەتاییو جێگیرانە دەکەم کە لەدەستوردا بۆمان نوسراوتەوە دەمەوێ جارێکی دی نۆکەرو خزمەتچیو شتی لەم بابەتە لە وڵاتەکەم تەشەنە نەکەنو ئافرەتە رازاوەکانی ئێرە بەهاوکاری ئاغا تەزویرەکان خۆیان ئەرکی ماڵەوە جێبەجێ بکەنو, نە ئاغاو نە شۆڕشی چینایەتی دووبارە نەبێتەوە, لەوکاتە زۆر هەستیارەدا کە هەر هەموو لایەك بەرگری لەمافی ئافرەت دەکەین، دەکرێ ئەم مافانە گشتگیر بێتو وەکو یەك سەیری ئافرەتێکی کوردو ئەسیوبیو سۆماڵی بکرێ، کەی ئافرەتانی کورد ئەوەندە دەستو پێ سپی بوون نەتوانن ئەرکی ماڵەوە راپەڕێنن؟!، ئەی ئەوان نەبوون لەگوندەکان هاوشانی پیاو لەدەرەوەی ماڵو ناوەوەش ئەرکەکانیان رادەپەڕاند، ئەدی ئێستا نابینن زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەو فەرمانگەکان ئافرەتان پڕیان کردۆتەوەو هاوشانی پیاوەکانمان کار دەکەن، بۆ ئەو وێنە جوانەی ئافرەتی کورد ناشیرین کەینو بۆ خاتری چەند ماڵە بەرپرسێك کردەیەك کە هەرگیز بیری لێنەکراوەتەوە ئێستا ببێتە دیاردە؟!.

ئاخر چۆن خۆم بەتەنها نەبینم لەوەتەی پرۆسەی ئازادی لەم وڵاتەی ئێمەدا دەستی پێکردووە لاوەکانمان کۆچ دەکەن. لەوێ لەم وڵاتە بیانیانەی کە هەر تۆزێك لەئێمە پێشکەوتووترن هەموو کارێك دەکەن، دوو ئەوەندەی ئافرەتە خزمەتکارە بیانییەکانی ئێرە کاردەکەن، هەموو ئەو ئیشانە دەکەن کە ئەوان نایکەنو چەوساندنەوەو نامۆیی بڕستی لێبڕیون، لێرەش خزمەتکاری بیانی هەنو کۆمپانیاکان پڕاو پڕن لە کرێگرتەی ئەو وڵاتە هەرێمایەتیانەی ئێمەیان خۆش ناوێ، تا کرێکارێکی تورکیو عەرەب هەبێت کرێکاری خۆمان بێکارن باشە قەد بیر لەوە نەکراوەتەوە ئەو کرێیەی دەدرێت

بەکرێکاری خۆمان ئەگەر هەر چەندێك بێت بۆ خۆمانەو, بەڵام ئەوەی دەدرێتە بیانیەکان سامانێکی نیشتمانی قەبەیەو بەهەدەر دەچێ؟!

بەڵێ رێك لەو شوێنانەدا خۆم بەتەنها دەبینم کە جیاوازییەکانی تێدا دووبارە دەبێتەوە، جیاوازی نێوان ئافرەتانی ئێرەو ئەوێو کرێی کرێکارانی ئێرەو ئەوێو کاڵا پەراوێز خراوەکانی ئێرەو شتە بەباقو بریقەکانی ئەوێ، لەنێوان ئەم هەموو دیاردە نوێیانەدا خەریکم لەناو هەزاران ئافرەتی وەکو خۆمدا ون دەبمو خۆم بەتەنهایی دەبینمەوە، هەست دەکەم چەند تەوژمی کۆچی لاوان وەکو زەنگێکی مەترسیدار لێدەدا لەداخی ئەم هەموو دیاردە ناوازانەی وەك پلانێك بۆ ئێمە دادەڕێژرێن، لەئایندەدا شۆڕشێك بەرپا دەکەین ناوی دەنێین شۆڕشی قەیرەکان، یان شۆڕش دژی ئەو کەس و بیانیانەی دەیانەوێ مافەکانمان لێ قوت دەن جێمان بگرنەوەو لاوەکانمان تەفرو تونا کەن.

# گەواڵەکان بێرەدا رەتدەبن

دەڵێن وشکبوونەوەی زەوی و زەرد هەڵگەڕانی گوڵەکانی نیسان قوربانیی تێپەڕینی ئەو هەورە بێ بارگاویانەن کەلە هەفتەکانی ئەم مانگەدا دووبارە دەبنەوە،دەڵێن 18 ساڵە هەر هەورێك لە بیابانەوە دێ و بێرەدا بەسەر پێدەشتەکانی ئەم نیشتمانەدا رەتدەبێ بروسکە و ناڵەیەکی ئاگرینی لێ هەڵدەستێ، وردە بارانێکی پێیە هەر لە فرمێسکی جووتیارو گریانی ژن و منداڵ و ئەولاوە وشك بوانە دەچێ کە 18 ساڵ لەمەوبەر خوێنیان پژا، دەڵێن ئەم نمە بارانە سووریاوانە هەر بۆ ئەو گوندانەن کە ئەوێ رۆژێ خاپورکران، ئەو رۆژانەی گرمەی تۆپ و زریپۆشەکانی سوپای ئەنفال هەورە بارگاوییەکانی شەق دەکردو ولاتێکی نغرۆی تاوان دەکرد، ئیلهامیان لە کتێبە ئاسمانییەکانەوە وەردەگرت بۆ دەسکەنەکردنی گیانی منداڵە گوناهەکان و ئەولاوە خێر لە خۆ نەدیوانەی ئەنجن بەئەنجن کران، پێیان وابوو مرۆڤەکانی ئێرە هەر هەموو یاخییەکانی خێڵە لماوییەکانی ئەوێن و دەبێت بچنەوە ژێر ئەو بیابانەی رەتبوونی گەواڵەکانی لێیە.

ئەو رۆژانە تەنها 18 ساڵ لەمەوبەر بوو، ویژدانی مرۆڤایەتی لەگەڵ گەواڵەکاندا بێرەدا رەتبوون.هیچیان پێنەبوو جگە لە رق، جگە لە وەراندنی گیانی 182 هەزار مرۆڤ و بە دوای خۆیدا وشکە ساڵیان بەخشی ،هەر لەو کاتانەدا ئەو دەمامکەیان لێ بەربۆوە کە رووخسارە ناشیرینەکانی وەك خۆی و بە نهێنییەکانی ئەنفالیش ناساندین. رەتبوونی گەواڵەکان لەم مانگەدا، جووتیارەکان تووڕە دەکا، گەورەیی گوڵەکان دەباو قوربانییەکان دەبارێنێ، ئێستا ئیسقانە وردو خاش بووەکان و جل و بەرگە کون کون و ڕزیوەکانی ژێر لە  داغ بووەکەی ئەوێ لە نامۆبوونیاندا ئێمەیان ونکردووەو بە ئازادی ئێرە نازانن، گیانەکان لە هەفتەکانی ئەم مانگەدا بێرەدا ڕەت دەبین‌وچیرۆکی رووداوەکان بە گەواڵەکان دەسپێرن: ئەو گەواڵە وشك‌و بێ بارگاویانەی تەرمان ناکەن, بایەکی لەگەڵ دایە هەر لە هەناسە ساردەکانی دایکان دەچێ‌و خۆیان بەکۆشك‌و تەلارە هەڵچنراوەکاندا هەڵدەواسن‌و ئاهو نووزەیان هەموو ساڵێ لە هەفتەکانی ئەم مانگە دێتە بەر گوێ, ئێستاش لەپاشی زیل‌و رستەی چەکدارە بەرگ مغاویریەکان دەترسن‌و پێیان وایە ئەو مەرگەساتانەی 18 ساڵ لەمەوبەر ئەوانی وەراند دووبارە بوونەوەی هەیە, ئێسقانە هەلاتووەکان دەڵێن کردەکانی ئەنفال ئەوانەی ئەوێ رۆژی ئێمەیان

سوتاند هەر ماون! ئێستا لەپەناوپەسێی ولاّتە پڕ لە لم‌و هزرە ژەهراوییەکاندا پلان بۆ ونکردنی ئێمەو ئەو زیندووانە دەگێڕن کە لەوێ لە ناوی ناوەوەی ئەو شوێنەی بڕیاری ئەنفالی لێدەرچوو هەوڵی تێکەڵکردنەوەی سنوورەکان دەدەن, دەیانەوێ جیاوازییەکانی ئێرەی چیاو ئەوێی بیابان تێکەڵکەنەوە, ئێمە بە مێژوو ئێوەش بە قەدەرێك بسپێرن کە هەر لەو هەورانە دەچن کە بێرەدا ڕەتدەبن, بەئاسمانی ئەم وولاّتەدا دێن‌و چاوویان لەو چیایانە بڕیوە کەبەسەر ئەواندا دەڕوانن هەر هەموو ئێوەیان ناوێ, ئەوان پاشماوەی کردەی ئەنفالن‌و ئایندەی ئەم وولاّتە لەنەخش‌و هزرەکانی کتێبە ئاسمانیەکاندا هەڵدەهێنجن, هەر بۆیە هەموو ساڵێ لە هەفتەکانی ئەم مانگەدا گەواڵەکان بیرەدا ڕەتدەبن.

## عـــــــبور

ئەم یاسایە ئێستا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت‌و پێشتر بەهۆی جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی سەدام لە عێراقدا کار بەم یاسایە نەدەکرا.

عبور ئەو قوتابیانە سودمەند دەبن لێی کە ناتوانن لەیەکێك لە قۆناغەکانی خوێندن هەموو تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەن‌و یان هەندێکیان لەیەك دوو وانە دەرناچن‌و هەڵیدەگرن بۆ قۆناغی دووەم یا سێیەم، لێرەدا جگە لەوەی قوتابی دەتوانێ دەرفەتی زیاتر وەرگرێ بۆ تاقیکردنەوە لەو وانەیەی لێی کەوتووە یان هەڵی گرتووە، هەوڵی زیاتر دەدات بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەم قۆناغەش بەجێ بهێڵێ‌و جگە لەم وانەیەی لە قۆناغی یەکەمدا هەڵی گرتوە زۆر جاران لە قۆناغەکانی تریشدا وانەی دی بەجێ دەهێڵێ.

لێرەدا کێشەیەك سەر هەڵدەدات ئەویش کەڵەکەبوونی تاقیکردنەوەکانە لەسەر قوتابییەکەو بەناچاری بیر لەرێگەی جۆراو جۆر بکاتەوە بۆ خۆ دەربازکردن‌و

پەڕینەوەو دەرچون لەم قۆناغەی تیایدا دووچاری زۆربوونی تاقیکردنەوەکان دەبێت، بۆیە دەکرا هەڵگرتنی وانە بۆ قۆناغی دواتر ببێتە مەرج لەسەر قوتابی تا تاقیکردنەوەی وانەی هەڵگیراو بداتو لێی دەرچێت، نەکو لە قۆناغیچوارەم ئەگەر لە تاقیکردنەوەی وانەیەکی قۆناغی یەك دەرنەچوو بگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا، چونکە لەم جۆرە کاتانەدا جیا لەوەی قوتابی لە خوێندن بێ هیوا دەبێت، قوتابیە کەم ئاستەکان ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ بیرکردنەوە لە رێگەی نەشیاو تا هەرچۆنێك بێت خۆیان دەرباز بکەنو وەکو قوتابیە ئاست باڵاکان بپەڕنەوەو بڕوانامە وەربگرن، کە ئەمەش کار لەئاستی رۆشنبیریو ئایندەی زانستی زانکۆکان دەکاتو، لەم نێوەندەشدا زۆر جاران قوتابی زانکۆ ئەوانەی سەرجەم قۆناغەکانیان بێ عبورو مانەوە بڕیوە دووچاری دڵەڕاوکێو بێ متمانەیی دەکات بەرامبەر ئەو یاسایەی خراوەتە خزمەتی نوخبەیەکی کەم لە قوتابیان کە ئەوانیش ناتوانن وەکو پێویست سوودی لێ وەربگرن.

کێشەیەکی دی لە زانکۆکان بەرچاو دەکەوێت ئەویش پەیوەستن بەو قوتابییە ئاست بەرزانەی کە لە پۆلی شەشی دواناوەندی بەهۆی هەرکارەساتێك یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بێت ناتوانێت یەکەم ساڵ بەردەوام بن لە تاقیکردنەوەکانو بۆ ساڵی دووەم بە پلەیەکی باش کە لەسەرووی نەوەدەکانەوەیە دەرچنو ، بەڵام نە لە کۆلێژی پزیشکیو نە لە کۆلێژی ئەندازیاری وەرناگیرێن. کە ئەمە کار لە دەروونی قوتابی دەکاتو زۆر جاران ئاستی ئەم قوتابیانە لە زانکۆکاندا بەرەو دابەزین دەچێت، بۆیە لەسەرسەرۆکایەتی زانکۆکان پێویستە چاو بەم بڕیارەدا بخشێننەوەو بیر لەم قوتابیانە بکەنەوە کە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ ئاستی باڵایەو، بەڵام بەهۆی کێشەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەسێ یان شەشی دواناوەندی ناتوانێ ساڵی یەکەم تاقیکردنەوە ئەنجام بدات، نەك دەرنەچێتو ئاستی نزم بێت.

ئەم یاسایە ئێستا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت‌و پێشتر بەهۆی جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی سەدام لە عێراقدا کار بەم یاسایە نەدەکرا.
عبور ئەو قوتابیانە سودمەند دەبن لێی کە ناتوانن لەیەکێك لە قۆناغەکانی خوێندن هەموو تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەن‌و یان هەندێکیان لەیەك دوو وانە دەرناچن‌و هەڵیدەگرن بۆ قۆناغی دووەم یا سێیەم، لێرەدا جگە لەوەی قوتابی دەتوانێ دەرفەتی زیاتر وەرگرێ بۆ تاقیکردنەوە لەو وانەیەی لێی کەوتووە یان هەڵی گرتووە، هەوڵی زیاتر دەدات بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەم قۆناغەش بەجێ بهێڵێ‌و جگە لەم وانەیەی لە قۆناغی یەکەمدا هەڵی گرتوە زۆر جاران لە قۆناغەکانی تریشدا وانەی دی بەجێ دەهێڵێ.
لێرەدا کێشەیەك سەر هەڵدەدات ئەویش کەڵەکەبوونی تاقیکردنەوەکانە لەسەر قوتابییەکەو بەناچاری بیر لەرێگەی جۆراو جۆر بکاتەوە بۆ خۆ دەربازکردن‌و پەڕینەوەو دەرچون لەم قۆناغەی تیایدا دووچاری زۆربوونی تاقیکردنەوەکان دەبێت، بۆیە دەکرا هەڵگرتنی وانە بۆ قۆناغی دواتر ببێتە مەرج لەسەر قوتابی تا تاقیکردنەوەی وانەی هەڵگیراو بدات‌و لێی دەرچێت، نەکو لە قۆناغی‌چوارەم ئەگەر لە تاقیکردنەوەی وانەیەکی قۆناغی یەك دەرنەچوو بگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا، چونکە لەم جۆرە کاتانەدا جیا لەوەی قوتابی لە خوێندن بێ هیوا دەبێت، قوتابیە کەم ئاستەکان ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ بیرکردنەوە لە رێگەی نەشیاو تا هەرچۆنێك بێت خۆیان دەرباز بکەن‌و وەکو قوتابیە ئاست بالاکان بپەڕنەوەو بڕوانامە وەربگرن، کە ئەمەش کار لەئاستی رۆشنبیری‌و ئایندەی زانستی زانکۆکان دەکات‌و، لەم نێوەندەشدا زۆر جاران قوتابی زانکۆ ئەوانەی سەرجەم قۆناغەکانیان بێ عبورو مانەوە بڕیوە دووچاری دڵەڕاوکێ‌و بێ متمانەیی دەکات بەرامبەر ئەو یاسایەی

خراوەتە خزمەتی نوخبەیەکی کەم لە قوتابیان کە ئەوانیش ناتوانن وەکو پێویست سوودی لێ وەربگرن.

کێشەیەکی دی لە زانکۆکان بەرچاو دەکەوێت ئەویش پەیوەستن بەو قوتابییە ئاست بەرزانەی کە لە پۆلی شەشی دواناوەندی بەهۆی هەرکارەساتێك یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بێت ناتوانێت یەکەم ساڵ بەردەوام بن لە تاقیکردنەوەکانو بۆ ساڵی دووەم بە پلەیەکی باش کە لەسەرووی نەوەدەکانەوەیە دەرچنو ، بەڵام نە لە کۆلێژی پزیشکیو نە لە کۆلێژی ئەندازیاری وەرناگیرێن. کە ئەمە کار لە دەروونی قوتابی دەکاتو زۆر جاران ئاستی ئەم قوتابیانە لە زانکۆکاندا بەرەو دابەزین دەچێت، بۆیە لەسەرسەرۆکایەتی زانکۆکان پێویستە چاو بەم بڕیارەدا بخشێننەوەو بیر لەم قوتابیانە بکەنەوە کە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ ئاستی باڵایەو، بەڵام بەهۆی کێشەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەسێ یان شەشی دواناوەندی ناتوانێ ساڵی یەکەم تاقیکردنەوە ئەنجام بدات، نەك دەرنەچێتو ئاستی نزم بێت.

# عەوڵای مینەی

ساڵی 1979 سەرەتای دروستبوونی ئەو هیوایانە بوو کە مژدەی شۆرشێکی نوێ دەبەخشرایە گەلێکی ماندوو, ئەو ساڵە چیاکان جمو جوڵێکی نوێی تێکەوتبوو لاوانی شار لەوێوە دەیانڕوانیە ئەو ئایندەیەی کە خەونی هەموو لاوبوو, ئەو رۆژانەی تەمی بەدەستەوەدانی چەکەکان رەوی بوونەوەو دروست بوونی شۆرشو ئاوەدانکردنەوەی چیاکان ئومێدی تاکو مقۆمقۆی هەناوی سووتاوی هەموو ماڵێکی ئەم کوردستانە بریندارە بوو, لەناو شەقامەکانی هەموو شارێکدا سێبەری لوتکەکان دەبینران‌و لاوە داخ لە دڵەکان ئاراستەی هەنگاوەکانیان بەرەو وێ دەنا.

هەر ئەو رۆژانە بوو عەبدوڵلای مینەی مێرخاس وەکو لاوێکی زیتەڵەی وریا شەقامە پڕ لەپێچەکانی شاری جێهێشت‌و بەناو تولە رێیەکانی قەندیلدا خۆی گەیاندە نێو ئەو چیا هەزار بەهەزارانەی کە پڕ بوون لە هاوڕێ, زۆری نەبرد لەدروستکردنی یەکەم بنکەی پێشمەرگایەتی‌و رووبەڕووبونەوەی دژی داگیرکەران‌و رێککەوتنەکانی نسکۆدا بەشداری کردوو لەوێشەوە مژدەی هاتنی ئەو گەواڵانەی بە وڵاتەکەی بەخشی کە ئیدی شۆرش دەتوانێ ترسەکان شەق کاو هیوایەك دروستکات کە ناکرێ لوتکە بێ پێشمەرگە بێ.

عەوڵای مینەی ئەو رۆژانەو لەوێ لەو بنکەیەی کە یەکەم بارەگای حزب بوو و بەشداربوو لەدروستکردنیدا خۆی‌و دەورووبەری ناسی, بوو , بەو قوتابیە ئازاو چاونەترسەی کە باریکە رێیەك نەما ئەو پێیدا رەت نەبووبێ‌و هەڵمەت‌و شەڕێکی پارتیزانی نەبوو ئەو فیشەکەکانی تێدا خاڵی نەکردبێتەوە, ئەو دەیزانی هێندە نابا ئاسۆ مژاویەکان روون دەبنەوەو پەناو پەسیوەکانی چیای قەندیل‌و مامەندە یەکپارچە دەبنە شوێنگەی ئەو لاوە چەك‌و هەکبە لەشانانەی مێژوو دەنووسنەوە, دەیزانی ئەوێ پەرینەوەی قۆناغەکانەو بڵاوبوونەوەی هزرێکی پێویستە بۆ سەردەمێك پێویستتر لەژیان, بۆیە شەقامەکانی شاری جێهێشت‌و لاویەتی دایە دەستی ئەو رێگە هات‌و نەهاتانەی ئێستای لێوە بەدی دەکردو ئەو پێی وابوو لقی پشدەری ئەوسا کە جمەی

دەهات لە کادیرو لاوە خوێن گەرمەکان مژدەی دروستکردنەوەی سەرلەنوێی شۆرشێکە, چینایەتیو جیاوازیەکان تەفرو تونا دەکا.

دەیزانی تێکۆشان لەرۆژێکی وەهادا گۆرینی بیرکردنەوەی متبوونە بەرەو بەرگریو ترسێکی گەورە بەدووژمن دەبەخشێو ئاکامیش ئازادیەکی رەهایە بۆ گەلێك لەوەتەی هەیە قوربانی دەبەخشێ.

سالێ هەشتەکان بۆ تێکۆشەرێکی وەکو عەوڵلای مینەو هاوشێوەکانی سالێ خۆناسینو وەراندنی رۆژەکانی لاویەتی بوو لەناو ئەو هەموو گۆرانکارییە سیاسیو هزریانەی ناوچەکەی گرتبووەوە, دەیزانی تەنها رێگەی پەرینەوە لە ژێر فشارە خەستو دژوارەکانی نێوان دوو دەوڵەتی زامدار تەنها بەرگریەو مانەوەیە لەنێو ئەو چیا سەختو بەفراویانەی تاکە هیوای کورد بوون, ئەو لەهەموو شەوە دژوارەکاندا چرابوو لە رۆژە پڕ لەجەگو ململانێکاندا رەمزی بەرگریو کۆڵنەدانێکی بەردەوام بوو, هەمیشە وەکو کوردێکی نەگۆڕو خاوەن ئەزموونێکی بالآی سەردەمەکانی تێکۆشان بەدیار دەکەوتو کاریگەری ئەو رۆژانەش بوو کە عەوڵلای مینەی وەکو خۆیّ هێشتەوەو هەر بە نەگۆڕی وەکو لاوە زیتەڵەکەی سەردەمی پێشمەرگایەتیو وێنای قەندیل تا دوا هەناسەکانی ژیانی کە لەهەفتەی رابردوودا گیانی بەخشی بە نە گۆڕی مایەوە.

# قەدەغەكردنی لێدان

سایكۆلۆژیەتی منداڵ پێویستی بە كەسانی ئەكادیمی هەیە تا بتوانێ جیهانی ناوەوەی بخوێنێتەوەو لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنیدا درێژە بەفراوانكردنی هزری ئەو منداڵە بدات, كە لە رێگەیەكەوە خەریكی پەروەردەكردنیەتی، واتە پەروەردەكردنی منداڵ باوكو دایكو مامۆستای خاوێنی دەوێت تا ئایندەیەكی گەشی بۆ دابین بكەن و بیكەنە لاوێك تاكۆمەڵگا سوودی لێوەرگرێ، خۆ لەوانیش گرنگتر كۆمەڵگایە، ئەو شوێنەی منداڵی تێدایەو دەتوانێ توێژێكی هەرە گرنگ كە ئایندەی ئەو وڵاتەی پێوەگرێدراوە وە بەری بێنێ.

لەمرۆی وڵاتی ئێمەدا كە بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوەو چەندین بڕیاری سەردەمیانەو زانستیانە لە ئاڕادان بۆ پەروەردەو بە تایبەتیش ئەو سستەمە نوێیە جیهانیەی كە رەنگدانەوەی لەناو شێوازی خوێندندا هەیە. باشترین میكانیزمی بە ئامانج گەیشتنی ئەو ئایندەیە كە پسپۆران نەخشەی بۆ دەكێشن، قەدەغەكردنی لێدانی منداڵ لە قوتابخانەكاندا یەكێكە لەو بڕیارە هەرە گرنگانەی كە چەند ساڵێكە لە وڵاتی ئێمەدا پەیڕەو دەكرێتو خەریكە دەچێتە سەر ئەو سكەیەی كە وەكو یاسا لە ناو دەستووریشدا جێگیر بكرێت، بەڵام لەویش گرنگتر دەبوو پسپۆڕان بیر لە چاكسازییەكی ریشەیی بكەنەوە لەناو خێزاندا تا لەماڵەوەش لێدان قەدەغە بكرێتو زۆرێك لە قوتابییەكان نەكەونە نێوان دوو جیهانی لێك جودا، لەماڵەوە توندوتیژی بەردەوام بێتو لە قوتابخانەش منداڵ سەرسام بێت بەو كەشە نەرمو لە بارەی بۆی ئامادەكراوە، ئا لێرەدا زۆر جاران منداڵ هەموو ئەو رقو كینەیەی لەماڵەوە كۆی كردۆتەوەو ناتوانێ بەرامبەر دایكو باوكی هەڵیان بڕێژێ، لە قوتابخانە بەرامبەر مامۆستاكەی دەتەقێتەوەو لەم كاتانەشدا منداڵە هۆشیارو ئەوانەی یەك جۆر پەروەردەییان هەیە دووچاری راچڵەكین دەكاتو هەندێ جار ئەوانیش ئەو شەرمە فرێ دەدەن كە بەرامبەر گەورەكەیان مامۆستا هەیانە.

بۆیه پێویست بوو خولی تایبەت بۆ ئەو باوکانه بکرێتەوه، یان بانگهێشتی قوتابخانه بکرێن‌و ئامۆژگاری بکرێن. بەتایبەت ئەو باوکانەی که دەزانرێت منداڵەکانیان چەتونن‌و هەست بەو بەرپرسیارێتیه ناکەن که له قوتابخانه دەیاندرێتێ. یان تا ئەوکاتەی کۆمەڵگا هۆشیار دەبێت دەکرا ئەم بڕیاره به نهێنی باو تەنها مامۆستا بیزانیبا.

ئەو سیستەمه نوێیه قەدەغەکردنی لێدانی منداڵ زۆر عەقلانیه‌و له کۆمەڵگا پێشکەوتن خوازەکاندا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێناوه، بەڵام لەبیرمان نەچێت له نێوان ئێرەو ئەوێدا جیاوازیەکی بەرچاو هەیه، لەوێ هەر باوکێك یان دایك‌و مامۆستا له مندال بدات سزا دەدرێت‌و ئەو یارمەتیەی دەبڕن که مانگانه بۆ منداڵەکه تەرخان کراوه، خۆ ئەگەر دووبارەو سێ باره ببێتەوه ئەوه حکومەت منداڵەکه دەباته لای خۆی‌و ئەرکی بەخێوکردن‌و پەروەرده کردنی دەگرێته خۆ، بەڵام لێره تەواو جیاوازه هەموو ئەرکی منداڵ لەسەر باوانیەتی‌وحکومەت نەك له موچەی فەرمانبەراندا یارمەتی منداڵی نەداوه، لەکاتی لێپێچینەوەی لایەنی پەیوەندیدار به منداڵێکی لێدراو، که باوك‌و براو دایك به لێپرسراوەکەیان گوت ئەوه منداڵی خۆمانه‌و خۆمان لێمان داوه هەر ئەو کات منداڵەکه دەدەنەوه دەست باوك‌و دایکی‌و دەستخۆشیشی لێدەکەن، هەڵبەت ئەمه لەو کاتانەدا که منداڵەکه به خراپی لێی درابێ‌و نێردرابێ بۆ نەخۆشخانه، ئەگەرنا دەگمەنن ئەو منداڵانەی رۆژانه لەماڵدا لێیان نادرێت‌و کەسیش پێی نازانێ.

بۆیه قەدەغەکردنی لێدان پێویسته لەماڵەوەش جێبەجێ بکرێت تا منداڵ هەست به نامۆیی نەکات‌و هەردوو لای بۆ ببێته قوتابخانه.

# لاو بەرەو تاراوگە
# کۆچێك نیشتمان خاڵی دەکا لەلاو

کاتێك لاو هەست بە تەنهایی دەکاتو پرۆژەیەکی لەبەردەستدا نابێ بۆ ئایندە, تا لەوێوە خەونەکانی تێدا بێنێتەدی, یان جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگا بە ئاراستەیەکدا دەڕوات کە توێژێکی زۆر گرنگ بەجێ دەهێڵێو پێکهاتەکان لێك جیادەکاتەوە, رێك لەو کاتانەی شەقامەکان لێواو لێودەبن لەلاوو کات هەر درێژدەبێتەوە, یان لاو بەرەو مشەخۆریو حکومەتیش هیچ پلانێکی نابێ, ئا لەو کاتانەدا دیاردەکانی خۆکوشتنو سوتاندنو تەنانەت دروستبوونی گروپی تیرۆریش سەرهەڵدەدەن, بەڵام لە هەموویان مەترسیدارتر کۆچە, واتە راکردنە لەو بوونە بێ سیستمو پلانانەی دەیان ساڵە درێژەی هەیەو لە هەموو کاتەکانیشدا باجەکەی لاو دەیدات.

ساڵ نییە نەوەیەکی بێ بەرهەم پێ نەگاتو تا ئێستاش دەسەڵات نایەوێ نەخشەیەك یان پرۆژەیەکی درێژخایەن بخاتە واری جێبەجێکردنەوە, تا چیدی لاوەکانمان زێدی ئازیزانیان جێ نەهێڵنو دیاردەی کۆچکردن بەکۆتا بێت وبیر لەژیانێکی شایستە بۆ گرنگترین توێژی کۆمەڵگا بکرێتەوە, لەوەتەی ئەم نیشتمانە داگیرکراوە هەیە, هەر لە سەردەمی شۆڕشە یەك بە دوای یەکەکان کە لاو تیایدا رۆڵی سەرەکی دەدیو فاکتەرو رێکخەری سەرجەم پارتو گروپو ئەو چالاکییانە بوون کە دژ بە نەیارانی کورد ئەنجامیان دەدا, تا راپەڕینەکانی ساڵانی

1982و 1984و دواتر راپەڕینی ساڵی 1991ی سەرتاسەری کە تیایدا کوردستان ئازادکرا, لاو لە هەموو ئەو سەردەمانەدا پێشەنگ بووەو ئێستاش لەو کاتانەی مەترسییەك بۆ ئایندەی سیاسی گەلەکەمان دروست دەبێت.

لاون لە پێشەوەی خۆپیشاندانەکانو هەر ئەوانیشن لە ریزی سوپاو هێزی پێشمەرگەو ئاسایشو هەموو ئەو جێگایانە کە رووبەڕووی مەترسییەك دەبنەوەو دەستکەوتەکانیان پێ دەپارێزرێ, نەوەیەکنو پێویستە دەسەڵات چاوی لەسەریان بێتو چیدی ناراستەوخۆ لە نێو تەمو مژی رووداوەکاندا ونیان نەکاتو هۆکارێك نەبێت بۆ دەرکردنیان لە نیشتمانێك کە لە هەموو کات زیاتر ئەمڕۆ پێویستیمان پێیانە, چونکە لە کاتی تەنگانەدا بەرەنگاریەکە بۆ ئەوانەو لە کاتی ئاسایشیدا هێزی بەرهەمهێنن, بۆیە دیاردەی دەستپێکردنەوەی کۆچی لاوان دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتو پێویستە هەرچی زووە بیر لە کێشەی نیشتەجێ بوونو هەڵاوسانی بازاڕو هەڵڕژانی ئەو مووچە کەمو بێ توانایە بکاتەوە کە بەراستی تەواو شیرازەی هەموو لایەنەکانی ژیانی تێکداو لە پەنای بازاڕی ئازادو کاڵا ئاڵو واڵاو خواردەمەنیە بێتامو ئەو دیاردانەی دووبارە دەبنەوەو هەموو جارێکیش بەسەر حکومەتدا رەتدەبن, ژیان لێرە وەستاوەو بەتایبەتیش کە دەبینرێ توێژێك هەڵدەکشێنو زۆرینەش لەم نێوەندەدا دووچاری شۆك بوونو لاویش بە هەموو تواناى رادەکات,دەیەوێ بگاتە ئەو جێگایەی بەبێ جیاوازی مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان دەکرێتو شوێنێکە لاو تیایدا دەتوانێ وەك خۆی بژی, ئاخر لەم وڵاتە ئەوروپیانە زەویو شوقەو مووچەو داهاتی وڵات وەکو یەك بەسەر هەموو تاکەکاندا دابەش دەکرێت, ئەوەی بیری لێنەکرێتەوە کاری حزبیو دەستکەوتی حزبیو ئەو شتانەن کە لە پەنای حزبەوە

وەدەست دێن, ئەوان، ئەو توێژە زۆر گرنگە بۆیە رادەکەن‌و ئاوڕ نادەنەوە, چونکە دەزانن لەوێ کار بکەن دەتوانن بژین دەتوانن ئایندەو شوقەو تەنانەت قاپ‌و کەوچکی خۆشیان هەبێ, بەڵام لێرە دوای تەواوکردنی 16 ساڵ خوێندن‌و دامەزران ئەوجار بە موچەکەی قەت قەت نە شوقەو خانووی خۆی دەبێ, نە ژن‌و ئەو ئایندەیەی خەونی هەموو لایەکە, تەنانەت قاپ‌و کەوچکەکەش هی ماڵی باوانەو لاو دڵی پێ خۆش نابێ, ئا لەوێوەیە لاو رادەکا, دەڕواو بەنێو مەترسیەکاندا سنوورەکان دەبڕێ, هەست دەکات تەنهایەو شەقامەکانی وڵات لێی بێزارن, ئەگەر زوو نەگاتە نێو ئەو ژینگەیەی پڕە لە غوربەو خاڵیە لە کێشەکان, ئەوا زۆر بە خێرایی لێرە تەمەنی لاویەتی لە دەست دەدات‌و دەبێتە ئەو کوڕە سەر سپیەی قەیرەکان پێی رازی نابن.

ئاخر لێرەوەیە دووبارە کۆچی لاو دەست پێدەکاتەوە, کۆچێك تەنها کوڕ دەتوانێ بیکاو کچە لاوەکانیش بەتەنها, لەم نیشتمانە بێ پلان‌و بەرهەم‌و خاڵی لەلاو دەستەوەستان بەدیار دەرگای حەوشەو میوانە ناکاو و ئەو خوازبێنیانە رادەمێنن کە زۆر درەنگ دێن, یان هەر نایەن‌و زۆر بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر ئەو فالگرانەی هەر لە خێودەچن‌و نیشتمان دەگێڕنەوە بۆ ئەو سەرەتایانەی بە جێمان هێشتووە.

ئاخر لێرەشەوەیە دەبێت دەسەڵات زۆر بە وردی نەخشەو پلان دارێژێ بۆ رێگەگرتن لەو کۆچەو خۆی لە بەردەم ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکاندا یەکلاکاتەوەو جیاوازییەکان شەق کا, چیدی ئەو تاکانەی دەسەڵاتیان هەیە تەنها بۆ خودو دەوروبەر تێنەکۆشن‌و با بە ئامانجی بەرژەوەندی گشتی‌و بەتایبەت لاو پلانیان هەبێ، ئەو ئایندەیە لەبەرچاو بگرن کە تەنهاو تەنها بەلاو دێتەدی‌و سبەی بۆ

رووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەك پێویستیمان بە ئەوانەو.. ئەوانیش دەتوانن ئەو هێزە بەرهەم هێنو پڕ لە گۆڕانکاریانەبن, کە زۆر دەمێکە پێویستیمان پێیانەو کەچی پاڵیان پێوە دەنێین.

## لاو لە پەراوێزی دەسەلاتدا

بەپێی سەرژمێریەکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نزیکەی نیوەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی لەلاو پێك هاتوون کەتەمەنیان لەنێوان 18 بۆ 25 ساڵەیەو داهاتی هەریەکێکیشیان ڕۆژانە کەمترە لە دوو دۆلار, بەپێی ئەم سەرژمێرییە توێژی لاو لەدونیادا لە هەژارترین ئاستی بژێوی دان, ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر کۆمەڵگای ناویندا هەیەو پێدەچێت بەرنامەیەکی نوێتریش نەبێت بۆ باشتر کردنی ئاستی بژێوی لاو لەجیهانداو, دەسەلات هەمیشە لەبەرامبەر بەرپرسیاریەتیدا ڕادەکاو نەیتوانیوە هاوسەنگییەك لەنێوان توێژەکاندا ڕابگرێ.
بارودۆخ لەووڵاتە ڕۆژئاوایەکاندا هەمیشە لەبارتربووە بۆ گرنگیدان بە ئایندەی ئەم توێژانە, بەڵام ترادسیۆنی دەسەلاتی سیاسی کە لەدوای جەنگە گەورەکانی دونیا کاریگەری نوێی جێهێشت لەنێویاندا, هەمیشە ڕێگر بووە لەپێگەینو پێشکەوتنێك کە خزمەت بەم توێژە هەرە گرنگە بکات کەبەسەرچاوەی ووزەو توانای هەر ووڵاتێك دادەنرێت.
ئەوەتا لە هەموو جیهاندا ڕۆڵی لاو باسی لێوەدەکرێتو ڕێکخراوی تایبەتو پسپۆری زۆر شارەزا لەم بوارەدا کاردەکەن بۆ بەجیهانی کردنو خزمەتکردنی ئەم توێژە, بەلام لەکاتی دروستبوونی جەنگەکانو مەترسیە لەناکاوەکانی سەر ووڵات هەمیشە ئەم

توێژە لەپێشەوەی بەرەکانی جەنگن‌و دەکرێتە قوربانی ئەم ناکۆکیە سیاسی‌و ئابووریانەی لەنێو دەسەڵاتە جیاجیاکاندا دروست دەبن, ئەوە جگە لەوەی زۆربەی هەرە زۆری هێزە ئاسایش‌و پۆلیسیەکان کە مەشقی تایبەتیان پێدەکرێت بۆ ڕووبەڕبونەوەی مەترسیە سروشتی‌و تیرۆستیەکان هەر لەم توێژە پێکهاتوون, لەهیچ کام لەو وولاتە ئەوروپی‌و ڕۆژهەلاتیەکانیشدا لاو نەگەیشتونەتە لوتکەی دەسەڵات‌و هەمیشە لەو پەراوێزەدا خۆیان دیتۆتەوە کەیاساو دەستوور, لەرێگەی تەمەنەوە لە چوارچێوەی داون‌و سنورێکی هێندە تۆکمەی بەدەوردا کێشاون کە نەتوانن وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بگەنە ئەو بوارانەی کە دەتوانن گۆڕانکاری (فیوچەریزم) لە هەناوی کۆمەڵگا یا ولاتدا ئەنجام بدەن.

ئەم ترادسیۆنە داسەپاوە کە لەنێو کەلتوری تەواوی گەلاندا رەنگدانەوەی خۆی جێهێتووە, ئێمەشی فەرامۆش نەکردووەو لە هەموو قۆناغە هەستیارەکانی مێژووی گەلەکەماندا لاوێك نەگەیشتۆتە ئەو لوتکەیەی کە بەرهەمی رەنج‌و تێکۆشانی بێت, ئەوە جگە لەوەی زۆربەی کاتەکان بۆتە قوربانی کێبڕکێی دەسەڵاتە سەربازییەکان کە هەندێ جاریش لەژێر پەردەی دیموکراسی‌و یاسادا زۆر بێ ویژدانانە غەدری لێکراوە.

غەدرێك هەموو رۆژێ‌و لەزۆربەی قۆناغەکانی دروستبوون‌و نەبوونی حکومەتدا لەناو دۆسییەکاندا باسی لێوەدەکرێ‌و دەنووسرێتەوەو دەخرێتە بەرنامەی کار, بەلأم دواجار ناخوێندرێتەوەو دەیکەنە قوربانی ئەو یەکبوون‌و تێکەڵبوونەوانەی لاوی تێدانین, یان هەرزەی کورسی پێدەڵێن‌و گەلێ شتی تریش.

# لاو لەتاراوگەدا

باس لەوە دەکرێ هەموو ئەو لاوانەی نیشتمانی خۆیان جێهێشتووەو لە تاراوەگەدا دەژین، هۆکاری سەرەکی ئەو کەلتوورە بۆ ماوەیە کە کۆمەڵگا بەسەریدا سەپاندوون‌و ئەوان پێیان هەزم ناکرێت‌و بە ناچاری روو لەهەندەران دەکەن. بە ئامانجی خۆ رێکخستن‌و دوورکەوتنەوە لەو داب‌و نەریتەی دژایەتی خواست‌و حەزەکانی ئەوان دەکات، هەروا باس لەو کارەسات‌و نەهامەتیە دەکرێت کە بەسەر تەمەنی لاودا هاتووە لە نیشتمانی خۆیاندا بێ ئەوەی بە وردی توێژینەوەیەکی عەقلانی بۆ ئەو هۆکارانە بکرێت کە لاولە کۆمەڵگا یاخی دەکات‌و دواتر رووەو هەندەران کۆچ دەکات.
پێداویستیە گیانی‌و ژیارییەکان کە خۆی لە ئازادی تاك‌و دوا رۆژی مسۆگەرو غەریزەی سێکسی دا بەرجەستە دەکات ئەو هۆکارە هەرە سەرەکیانەن کە لاو لە نیشتمانەکەی خۆی دوور دەخاتەوەو هەندێ جاران یاخیشی دەکات‌و بە شێوازی جۆراو جۆر داوای ماف لەدەسەلات دەکات.
قەدەغەکردن‌و سنووردارکردنی سێکس هۆکارێکی گرنگی رەوی لاوەکانمانە بەرەو هەندەران. لێرە لاو دەبێت تەنهاو تەنها لە رێگەی پێکەوەنانی خێزان واتە ژن هێنانەوە دەتوانێت ئەو فشارە دەروونیەی سێکس بەتاڵ کاتەوە، ئەوە لەکاتێکدا کە تەمەنی لاو لێرە زۆر بە خێرایی تێدەپەرێت‌و دەبێت ئەو تەمەنە تەرخان بکات بۆ کۆکردنەوەی ئەو سامانەی لەژن هێناندا خەرجی دەکات. چونکە لاو لەگەڵ تەواوکردنی زانکۆو دەست بەکاربوونی لەهەرکارێکدا داهاتی بەشی ئەوە ناکات مانگانە تەنها یەك ژووری پێ بەکرێ بگرێ بۆیە بیر لە تێرکردنی حەزو ئەو ئاییندەیە دەکاتەوە کە مافە هەرە سەرەتاییەکانی لاوانەو ئەرکی حکومەت‌و دەسەڵاتیشە بۆیانی دابین بکات. لێرە توێژێکی ئێجگار کەمی لاو دەگەن بەو حەزو ئارەزوانەو, ئەوانیش کوڕی ئەو بەرپرس‌و بازرگانانەن کە لەسەر توێژە بەرفراوانەکەی دی پێگەیشتوون‌و

لەلایەن دەسەڵاتیشەوە دالّدەدراونو خزمەتیان دەكرێت، بێئەوەی ئەو توێژە دیاری كراوە بۆ ئایندەی نیشتمانەكەیان سوود بەخش بنو داهێنان یان پرۆژەی نوێیان پێبێت بۆ هاوتەمەنو رەگەزو وڵاتەكەیان، ئەم نابەرامبەریو نایەكسانیە لەدابەشكردنی داهاتی وڵاتو دامەزراوە گشتیو مەدەنییەكان جگە لەوەی پاڵنەری سەرەكی رەوی لاوەكانمانە هۆكاری راستەوخۆی كوشتنی گیانی نیشتمانیە لە هزری لاوداو, ئەنجامیش كاریگەری راستەوخۆ دەكاتە سەر ئەو ئایندەیەی سیستمی سیاسی لەسەر بنیات نراوەو بانگەشەی بە دیموكراتی بوونیشی بۆ دەكرێت.

ئەگەر حكومەت بەرنامەیەكی یەكسانو پرۆژەیەكی نوێی پێبێ بۆ دامەزراندنو گۆڕانكاری لەمووچەی ئیستاو سنووردارکردنی هەڵایسانی نرخ لەبازاڕداو, بەتایبەتیش مووچەی لاوو یاسایەكی هاوچەرخانەش بۆ كەرتە تایبەتەكان كە كەوتونەتە وێزەی خەڵكو تەنهاو تەنها بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەكەنەوە بەر لەوەی بیر لە گەشەكردنی ئابووری كوردستان بكەنەوە، ئەوە نەك لاو بەرەو تاراوگە راناكا بەڵكو لاوەكانی هەندەرانیش دێنەوەو خزمەت بەو توێژانە دەكەن كە پێشتر ئەزموونیان لێوەرگرتووەو نایەڵن نەوەكانی دوای خۆیان رۆژە تاریكەكانی لاوی دایانپۆشیو زۆر بەخێرایی ئەم تەمەنە ناسكەیان تێپەڕێو بە هەدەر بچێ، چونكە لاوانی تاراوگە قاڵبووی ئەو ئەزموونە تفتەن كە ئێستاو لاوانی ئێرە دەیچێژن، لەوێ واتە لە هەندەران هزرو بازووی لاو دوو ئامرزای هەرە گرنگی ژێرخانی ئابووریو داهێنانە پێشكەوتن خوازەكانە، بۆیە دەسەڵات لەوێ لەناو ئەم دوو هێزەدا بەرجەستەكراو دەزانن چۆن ئایندەی وڵاتی پێ دەپارێزنو پێش دەخەن، بەڵام لێرە تەواو بە پێچەوانەوەو هەروەك لە ژمارەی پێشووی دلۆپەدا تیشكم خستە سەر, لاو نامۆیەو كار وابڕوات بەیەكجاری وون دەبێت. پێویستە دەسەڵات بە دوویدا بگەڕێ تا ئایندەی ووڵات ببینێتەوە..

# لاوانی نەورۆز

سەردەمێك لێرە لەم كوردستانەی لەمەڕ خۆمان گیانی بەرەنگاربوونەوەو بەتاڵكردنەوەی رقەكان لە نەورۆزدا نمایش دەكران, لە یادمە ئەو ئێوارەیەی ئاگری نەورۆزی تێدا دەكرایەوە, لاوانی ئەم وڵاتە هەڵدەڕژانە سەر شەقامەكانو شاریان یەكپارچە دەكردە ئاگر, ئاسمان دووكەڵێكی رەش دایدەپۆشیو شەقام نەبوو پڕ پڕ نەبێت لە تایەی سووتاوو ئەو لاوە پەنگ خواردوانەی كە تەنهاو تەنها لەم رۆژەدا هەناسەیەكی ئازادیان هەڵدەمژی..
لە یادمە لوتكە نەبوو رووناك نەكرێتەوەو لەم هەولێرەشدا گەڕەكی تەیراوەو راپەڕینو ئازادی دەبوونە جێگەی بەرەنگار بوونەوەو جۆرێك لە خۆپیشاندان كە حكومەت لەم رۆژەدا بێدەنگ دەبوو و نەیدەویست ئەم نمایشەی جەژنی نەتەوەیی كورد بە هیچ شێوەیەك ئاراستە بكرێت بۆ ئەو تەقینەوەیەی كە لێی دەترسا, بۆیە هەموو ئێوارەی نەورۆزەكانو رۆژانی نەورۆز كەلاوو كچو منداڵی ئەم وڵاتە بەرگی كوردیان دەپۆشیو جامانەی كوردیان راستو چەپ بە ملدا شۆڕدەكردەوە لە سەیرانگاكانو لەناو بازاڕ تەنها سرودەكانی نەورۆزیان دەچڕی, تەنهاو تەنها بەتاڵكردنەوەی ئەو رقە ئەستوورە بوو لە رژێمو ئەویش تێدەگەییو بۆ هەمیشە نەخشەیەكی ئامادەكراوی هەبوو بۆ كوژانەوەی ئەم گڕی ناڕەزاییەو دەیزانی تەنها بریندداربوونی لاوێك لەمڕۆژەدا بەسە بۆ ئەوەی تەقینەوە هەموو كوردستان داگرێ.
ئەمڕۆژانە تێپەڕین رۆژانێكی سەختو دژواربوونو بەڵام یادكردنەوەیان پڕن لە یادگاری خۆش, پڕن لەو گیانە نیشتمانیەی ئێستا ونە, رۆژانێك بوو لاوو وردو درشتی

ئەم وڵاتە چیرۆکی کاوەی ئاسنگەرو وێناکانی دەخوێندەوە, جلو بەرگی کوردیو ئاگر دوو چەك بوون لەم رۆژەدا پیشان دەدران و سەرەتای نوێبوونەوەی هەموو شتەکان بوو.
ئەم رۆژانە تێپەڕینو زۆری نەبرد لە ژێر چەتری دەسەڵاتێکی خۆماڵیدا بەهاکان ئەوانەی رووبارێك خوێنیان بۆ ڕژاو نیوەی لاوی ئەم وڵاتەی لە پێناودا کرایە قوربانی, توێنرانەوە, ئێستایەك دروست بووە خاڵی لەلاو خاڵی لەو ئامانجانەی ئاراستەکانی بۆ ئێرە هێنا, ئێرەیەك لێواو لێو لە قەیرانو هەموو شتەکان بۆ دەسەڵات, ئێستایەك مۆنۆمێنی هەڵەبجەی تێدا دەسوتێنریٚو رۆژە پیرۆزەکانی تێدا شەهید دەکریٚ, بەنزینخانەکان وشك دەبنەوەو بازاڕ هەڵدەئاوسیٚ.
ئێستایەك لاو بەحزبی دەکریٚو پارتی تێدا دەفرۆشریٚ, کیٚ رابردوویەکی تاریکی هەبیٚ کیٚ جاش قەڵەمو هەموو سەنگەرەکانی کردبیٚ ئێستا داهات بۆ ئەوە, زەویە ئاڵتونیو ئۆتۆمبێلە کریستاڵییەکان بۆ ئەوە, تەنانەت پێناسە رەنگاو رەنگو کەلاشە بنپەڕۆکانیش هەر بۆ ئەون.
ئەو رۆژانە تێپەڕینو لە خەونێکی خۆش دەچن, ئەوخەونەی ئێستا لە پارچەکانی دی هەموو نەورۆزێك دووبارە دەبێتەوە لاوانی ئەویٚ تایە دەسوتێنن, جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەنو سرودی نەورۆز دەڵێنەوە, نامۆن بە ئازادیو هەموو شتێك لەم پێناوەدا دەبەخشن, ئێستا ئەمڕۆژانەی ئەویٚ زۆر خۆشنو تەنها ئامانجێك تەنها قەیرانێك هەیانبێت ئازادییە, دوورن لە بزووتنەوەکان, ئەوانەی دەسەڵات دروستی کردوونو ئەوانیش گەمەیان پێدەکەن, دوورن لە جیاوازیو هێشتا پارتەکانی ئەویٚ بە دووی بەهاکان دەکەون, لەویٚ نەورۆز وەك خۆیەتیو پێکهاتەکان لە یەك ئاستدان دەسەڵات دڕندەو کوردیش هەمیشە یـاخی؟!

# له ئـــــــازاردا

وتيان هەناسە ساردەكانی گەرمیان لەو كاتەدا  گەرم بۆوە كە راپەڕین بڵێسەیدا شارو گوندەكانی ئەویَ كاول ببوونو بەڵام ئازادی هەناسەی وەبەرنایەوە, دەڵێن ئەو رۆژەی رانیە ئازادكرا شەهیدانی هەڵەبجەو قەڵادزیَو تەواوی كوردستان هەستانەوە سەرپێو هۆیهایان لە راماڵینی سوپاكانی بەعس كردووە, ئەنفالەكان لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆش تەزووی هەڵپەڕین بە گیانیاندا رەت دەبیَو لێناگەڕێن شێلوكردنی پێكهاتەكانو گۆڕینی ئاراستەكانو دووبارە بوونەوەی تراژیدیاكان, ئەوانەی لێرەو لەویَ ئەنجام دراون هەناسەكانیان ساردكاتەوەو بەردەوام گۆرانی لەسەر وەتەرە خێراو ناسكەكان دەچڕن.

هەر لەو رۆژانەشدا بوو هزرو جەستەی لاو ئازادكراو بەرەو سڕبوونێكی نوێتر دەستی پێكرد, چونكە زۆر زوو بەناو رۆژەكانی راپەڕیندا تێپەڕینو سەرەتایەك خۆی نیشاندا كە پڕاو پڕبوو لە ئاوارەبوونو رەو, دووركەوتنەوە لەو رۆژە خۆشانەی كە لە خەونێكی خێرا دەچوون, ئاراستەش كران بەرەو ئەو ئێرەو ئەوێیەی لە نێو پارتو نامۆبووندا خۆیان دۆزیەوە.

دەڵێن هێشتاكە كەركوك هەموو نەورۆزێك بە بەرگی كوردییەوە سنوورەكان دەبڕیَ, باڵاترە لەو پلانانەی دووبارەبوونەوەی هەیە, پێی وایە ئایندەی دەبێت هەر ئەو نیشتمانەبێت كە لە بیابان نەبێت لە هەموو شتێكی تردەچێت.

دەڵێن مانگی ئادار لە نوێبونەوەدایە, پێشهاتەكانی خۆش دەویَو بەڵێنی داوە ئەو تەقەو هاتو هاوارەی لە ساڵی 1991دا دروستی كرد دووبارە نەبێتەوە, نایەویَ منداڵانی ئەمڕۆ بۆنی باروت بكەنو قەوان بناسن, ئەو چیاكان رەنگاورەنگ دەكاتو

وەبیرمان دەهێنێتەوە کە ئەوێمان هەبوو, لەوێوە مێرخاسەکان دەهاتن‌و بەناو شاردا ڕەتدەبوون, هەر ئەویَ بوو تاکە سەرچاوەیەکی ترس بوو بۆ ئەوانەی وێرانیان دەکردین دەیانخکاندین‌و ئەنفالیان دەکردین, ئادار دەڵێ من بووم لە خەوێکی درێژخایەندا وە ئاگام هێنان‌و ئەمرۆم بۆ دروستکردن, وەرن بە نێو پێدەشتە کاکی بە کاکییەکاندا بگەڕێن‌و بزانن چ بەهارێکتان دەدەمێ, لێنەگەڕێن لەم مانگەدا زنجیر وەشێنەکان یا ئیسلامیە بەعسییەکان بێن‌و لە کانیاوەکانم بخۆنەوە, گەردەنتان ئازا ناکەم کە لە گەورەیم نەڕوانن‌و چیرۆکەکانم بۆ نەوە نوێکان نەخوێننەوە, چونکە ئەوان لە ماندووبوونی من تێناگەن, شەقاری زامە سووتاوەکانی منیان نەدیوەو نازانن سەردەمانێك وێرانەیەك بووم, ئەو دەڵێ بۆیە هاتم تا ڕووبارەکان شێلو نەبن‌و نێرگزو گوێزەکانم دەست داگیرکەران نەکەون, دێم تا بزانن دەمەوێت لە بیرتان بێت وێنای ئەوان نەبن, ئەوانەی ویستیان ناوم بگۆڕن‌و من هەڵم تەکاندن. ئەمن ئاداری ڕاپەڕین‌و نوێبوونەوەم, چیرۆکی ئەو منداڵە شەهیدانەم کە لە ڕۆژەکانی منداڵبوو باوانیان خۆیان بۆ ئێوە شەهیدکرد, داستانی ئەو پەنجانەم کە گوللەکانیان بەهەدەر نەدەداو بەرگە زەیتونییەکانیان دەپێکا, هێشتاکە هەموو سرودەکانم زیندوون, سەرەتای هەموو بەهارێکم دەستکەوتەکان لێرەوە هاتن‌و بۆ ئێوە بوون, ئێوە پاشماوەی جەنگەکانن, لە نێو جەنگدا گەورەبوون‌و هەر لە خۆتانەوە ماون, لە بیرتان بێت منتان هەم‌و لێنەگەڕێن زنجیرە وەشێنەکان یا ئیسلامییە بەعسییەکان بێن‌و لە کانیاوەکانم بخۆنەوە, من ئادارم‌و بە نێو ئاگردا هاتووم.

# لەدەستدانی
# بەرگری لەبەینچوونی لاو

توێژینەوە زانستییەکان ئەو راستیەیان سەلماندووە کە بوونی کێشەو گرفت لەنێو خێزاندا دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی بەرگری لە لەشی مرۆڤداو, جگە لە تێکچوونی شیرازەی خێزان کەسەکانیش زووتر پیردەبن‌و ئەو گەشەیە زووتر لەبەین دەچێت کە لەتەمەنی منداڵی‌و لاویەتیدا لەوپەڕی چالاکی دایە.
بۆیە ئەم توێژەرە ئەمریکییە هەستاوە بەتاقیکردنەوەی زانستی لەسەر هەموو ئەو لاوە کوڕو کچانەی کە لە دوای هاوسەرگیریدا بەسەر کۆمەڵێك گرفتی خێزانیدا کەوتوون کەپێشتر بیریان لێ نەکردۆتەوەو, ئەنجام جگە لەنەخۆشییە دەروونی‌و خەمۆکیەکان ئەو نەخۆشیانەیان لەسەر زیندوو بۆتەوە کەبەر لەهاوسەرگیری چارەسەرکرابوون, ئەنجام بۆیان ڕوونبۆوە کەگرفتە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری راستەوخۆ دەکاتە سەر زوو پیربوون‌و هەموو نەخۆشی‌و کێشەکانیش لەتەمەنی لاویەتی کەمدەکاتەوە, کە ناسکترین‌و پڕ بەهاترین تەمەن لاویەتیەو لە هەر وولاتێکدا داخوازییەکانی لاو بەهەند وەرنەگیرێ‌و بەرنامە نەبێت بۆ تێرکردنی حەزەکانی لاو, لەوێ جگە لەپاشەکشەی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کە سێ بنەمای سەرەکی دروستبوونی دەوڵەتن لەنێو سنوورێکی دیاری کراودا, مافەکانی تاك‌و کۆو هەموو بەها مرۆیی‌و پەیوەندییە جوانەکانی نێوان کۆمەڵگاش لەبەین دەچێت.
ئێستا لەعێراقی هەڵوەشاوەی بەزۆر پێکەوە لکینراودا دیاردەی دارمانی ئاستی پەروەردەو بۆشاییە زەبەلاحەکانی دروست بوون‌و نەبوونی حکومەت, لاوی بەرەڵڵای سەرشەقامەکان کردووەو زۆربەی هەرەزۆریان لەبێ بەرنامەیی‌و نەبوونی دەسەلاتی یاسادا کەوتووتە ناو ئەو گروپانەی دژی مرۆڤایەتی‌و هەموو شتێکی جوانن لەم

وڵاتەدا, ئەو لاوانەی ئەویٚ هێندەی لەخەمی خۆ دەوڵەمەندکردنو فڕانو کوشتنو وێرانکردنن, نیو ئەوەندە بیر لەئایندەی وڵاتو خێزانەکەیان ناکەنەوە هەمیشە زیاترینی کاتەکانی ژیانیان بۆ دروستکردنی ئەو کێشانەن کە وڵات بەرەو دواوە دەگەرێننەوەو خۆشیان بەرەو پیریو ئەو نەخۆشیە دەرونییانەی کە لاویەتی دەکوژێ.
لێرە خەسڵەتەکانی دەسەڵات لەبەر کێشە سیاسیو مەزهەبیەکان ناپرژێنە سەر ئەو بەرنامانەی کە پرۆسەی پەروەردە بەو ئاراستەیە ببات هەرچی زووە لاوەکان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو ئایندەیەکیان بداتێ پڕاو پڕی حەزەکانیان.
ئەوان لەوێ لە ناوچە سەوزەکەی ناو بەغدا تەنها ئەو لاوانەیان گەرەکە کەسوپاکانیان فراوانتر دەکاتو کەچی دەرفەتی تەنها یەك گرووپی چەکداری نایەن, کە لەنێو بۆشاییەکانی دروست نەبوونی دەسەڵاتدا بە کەیفی خۆیان ساپ ساپێن دەکەنو یاری بە چارەنووسی هەموو عێراقییەکانو ئەو دەستوورو بنەما سەرەکیانەش دەکەن کە حکومەتە کاتیو ناکاتییەکان وەکو دەستکەوت بەعێراقییەکانی دەفرۆشن, بەردەوام بوونی ئەم قەیرانە هۆکاری سەرەکی دروستکردنی نەخۆشییە دەرونییەکان لەناوی ناوەوەی لاوە یاخییەکانی ئەویٚو دەرفەتێکی گەلێك لەبارە بۆ نەشونماکردنی ئەو ڤایرۆسانەی حەزەکانی لاو بە ئاقاری مەترسیدارتردا بباو ئەنجام لاوانی بەرەڵڵای سەر شەقامو ئەوانەی لە ناو میلیشیاکاندا مۆڵ کراون دەبنە سەرچاوەی لەدەستدانی بەرگری لەناو لەشی عێراقو ئەو تاکو کۆیانەی بەرپرسیاریەتی ئەمرۆی خێزانیەکان لەئەستۆدایە, لەهەمووشی ترسناکتر بۆ ئێمەی کوردستانی توشبوونمان بەو ڤایرۆسەی ئەویٚو لەدەستدانی ئەو بەرگریو جیاوازییانەی لەویٚمان جیادەکاتەوەو ترسی زوو پیربوونو سەرهەڵدانەوەی نەخۆشییە چارەسەرکراوەکانیش لەو رشانەوانەدا باشتر دەردەکەون کە لە بەیاننامەی ئیسلامییەکانو برە هێزە شیعەکانی کەرکوك هەن.

# مامۆستای بەئەزموون

ئەمسالیش دەرگای سەرەتایەکی نوێ بۆ قوتابیان کرایەوە، پێدەچێ لە زۆربەی زۆری پەرتوکەکانی خوێندندا گۆڕانکاری هەبێتو ئەو کەلتورەی فاشیەکان لەناو مەنهەجی خوێندن دا چاندبوویانو قوتابیانی پێ گۆش دەکرا، فڕێ درا وانەی بەسوودتریان بۆ ئامادە کرابێ، بەڵام هێشتاو سەرەڕای چەندین خول کە ساڵانە بۆ مامۆستاکان دەکرێتەوەو تایبەتن بە رۆشنبیرکردنی زیاتری مامۆستا بۆ وانە گوتنەوە، کەچی نوخبەیەك لەم نێوەندەدا بێبەشن لەم خولانەو هەندێکیش کە بەشداری دەکەن تەنها بە ئامانجی ئەو بڕە پارەیە کە وەریدەگرن، بۆیە باشترکردنی باری ئابوری مامۆستاو فەرمانبەران کە بەجۆرێك بێت پێویستیان پڕ بکاتەوە، دوور نییە کار لە سیستمی وانە گوتنەوەشیان بکاتو بەرەو ئەو ئاستەی ببات کە قوتابیان باڵاتر پەروەردە بکرێن.

لەلایەکی ترەوە قوتابیانی سەرەتایی بە تایبەت ئەوانەی تەمەنیان شەش ساڵەو یەکەم جاریانە قوتابخانە ببینن، کە هەموو شتێك هەر لە مامۆستاوە تا دەگاتە تەختە رەشو تەباشیر بەلای ئەوانەوە نامۆیەو زۆر بە حەزو ئارەزووەوە روو لە قوتابخانە دەکەن، کەچی دوای یەك مانگ بێزار دەبنو هەموو ئەو شتە جوانانەیان لەبەرچاو دەکەوێت کە پێشتر بە چێژەوە سەیریان دەکردن، بێگومان مامۆستای سەرەتایی باشترین رۆڵ دەبینێت بۆ تێرکردنو فێرکردنی حەزەکانی قوتابیو مامەڵەکردن لەیەکەم قۆناغی خوێندندا، دەبێت ئەو مامەڵەیە بێت کە لەگەڵ منداڵی خۆتی دەکەیو زۆر جاران زیاتریش، مامۆستا چۆن دەتوانی (40) خولەك لەناو پۆلدا وانەی پێ بڵێتو نەهێڵێ بێزار بێت، ئەوە زۆر گرنگە بۆ قۆناغی سەرەتایی، بەتایبەت ئەو مامۆستایانەی وانەکانی پۆلی یەكو دوو وەردەگرن، دەبێت نەخشەیەکی دەوڵەمەندیان پێبێت بۆ وانە گوتنەوە تا قوتابی سەرەتایی لە خوێندن رادێت، مەرجە قسەی خۆش بەپێی ئاستی

قوتابیەکان لەگەڵ پێکەنینو وانەی وەرزشیو وێنەو سروود تێکەڵ بە وانە و وشەکان بکرێت، تا قوتابی بێزار نەبێتۆ لە ماڵەوەش بیر لە رۆژی ئایندە بکاتەوەو ئەرکەکانی کە پێشی دەسپێردرێت جێبەجێیان بکات. لێرەدا بەڕێوەبەری قوتابخانە جوانترین ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە بەڕێزی لەنێوان قوتابیو مامۆستاو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەدا خۆی دەبینێتەوە، دەکرێ ئەگەر مامۆستایەکی خاوەن ئەزموون بکرێتە بەرێوەبەر ئەرکی مامۆستایان ئاسانتر بێتو چیدی بیر لە ئینتیماو حیزبی نەکرێتەوە بۆ بەبەرێوەبەریەتی قوتابخانەو دام و دەزگاکان.

## مـــــۆندیال

چەند رۆژێکە یاری تۆپی پێ تەواوی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە, گەمە سیاسییەکانو بزوتنەوە کۆلۆنیالیزمەکان کە جاران بۆ بەرژەوەندی خۆیانو وڵاتەکەیان, یاری مۆندیالیان کردبووە کەرەستەی سەرمایە قەبەکانیان, ئەمرۆ لەپشتی پەردەکانەوەو لەبەرامبەر شاشەی تیڤیەکان لەچاوەروانی ئەو گۆڵانەدان کە هەمیشەو زۆربەی جاران خەڵکی دارستانەکانی ئەمەزۆن سەمای زامبای بۆ ئەنجام دەدەن.
ئەمرۆ لاوانی جیهان بەزمانی تۆپی پێ قسە دەکەنو لەسەدا نەوەدی بەشداربووانیش لەم توێژە پێك هاتوونو خەریکی نمایشکردنی ئەو ووزەو چالاکیانەن کە وڵاتەکانیان پێ دەناسرێتەوەو دەبێتە شۆرەتیش بۆ هەر کەسو تیپێك کە زۆرترین براوەو گۆڵ ئەنجام بدات, چونکە تیپە بەناوبانگەکانی جیهان لەوێوە دەناسرێن, زۆرجارانیش ناکۆکیو کێشە سیاسییەکانی نێوان وڵاتان لەوێ کۆتا دێتو لە گۆڕەپانی یارییەکانەوە دەگوازرێتەوە باڵاترین لوتکەی دەسەڵاتو پەیوەندییەکان لەسەر مێزی گفتو گۆکان گرۆتینیان وەبەردێتەوە .

هەروەك لەمۆندیالی 2002ی رابردوو كە لە رووبەڕوو بوونەوەی یاری تۆپی پێی كۆریاو ژاپۆندا دەستكەوتی ئاشتەوایی گواستەوە سەرمێزی سەركردایەتی هەردوولا .
لێرەوە لاو دەبێت خۆیو تواناكانی لەبیر نەكات, دەسەلاتیش لەهەر ولاتێكدا دەبێت ئاماژە بەم رۆڵەی لاو بكاتو حسابی وردی بۆ بكات. چونكە ئەم نمایشەی ئەمرۆی مۆندیال بەتەنها گەمەو ملیارەها دۆلارە نییە كە تیایدا خەرج دەكرێت, ئەمە رووداوێكەو هەموو چوار ساڵێك مرۆڤایەتی ئاگادار دەكاتەوە لەتوانای جەستەو وزەی لاو لەلایەك, لەگەڵ تێكەڵكردنەوەی سەرجەم پەیوەندییە دیبلۆماسییەكان بەبێ قەیدو شەرتو دەبێت لەناو گۆڕەپانی رووبەرووبوونەوەدا كە تواناكانی تێدا تاقی دەكرێتەوە, خاڵی سەرنجەكانی ئایندە بێت, تا لەوێوە لە لەزەتەكانی شەڕی گۆرەپان بگەنو هەموو كەسو لایەنەكانیش لەناو یەك ولاتدا میوان بن كە بەمێزێكی گەورەی ئاشتەواییو گفتو گۆ مەزندە دەكرێت, چونكە (فیفا) لە ئاستی دەوڵەتێكی گەورە دایەو (جۆزیف پلاتەر)ی سەرۆكی فیفاش وەك ناودارترین كەسایەتیو وێنای سەرۆكی نەتەوە یەكگرتووەكان رێزی لێدەنرێتو لەكاتی سەردانەكەشیدا پێشوازی شاهانەی لێدەكرێت.
ساڵ بەساڵ مۆندیال جەماوەری زیاتری دەبێتو كێبڕكێكانیش كە خۆی لەیاری تۆپی پێدا دەبینێتەوە, ژمارەیان زیاتر دەبێتو هەر چوار ساڵیش باشترین یاریزان بە جیهان دەناسرێت كە بەناسراوترین كەسایەتی سەردەم دادەنرێت, ئەوە جگە لەوەی لەهەندێ مۆندیالدا ولاتانی ژێر دەستەو بە شخوراو, یان نەناسراو بەهۆی مۆندیالەوە دەناسرێتو فیفا بەدوای نەخشە راستەقینەكاندا دەگەرێت تا تیپە بەتواناو بەناوبانگەكانی ئەوێش بێبەش نەبن لەم نمایشە جیهانیەو دەستكەوتێك بۆ ولاتەكانیان بەرنەوە كە ئەویش ناسینە لە رێگەی تۆپی پێوە.
گەیشتن بەفیفاش تەنها توانای جەستەو ئەو تاكتیكانەی دەوێ كە دوور لە سیایەتو لەهەناوی وزەی لاودایە, بەرەڵلاكردنی گۆڕەپانە وەرزشییەكانو بەشكردنی تواناو ووزەكان بەبێ سەرپەرشتیارو كەسانی پسپۆڕ لەبواری وەرزشدا هەر لەناو ئەو گۆرەپانە جوانو سەوزانەماندا عاسێ دەكا كە لە گەرەكەكان شەوانە وەكو قەفەزێكی گەورە لەژێر پلاجكتۆرەكاندا دەدرەوشێتەوە, كەی تواناكانی ئێرەو ئەوێ خۆماڵیكرانو

پسپۆریان لەدەرەوەی هەرێم بۆ هات, کەی لەیانەکاندا پشتمان بەیاریزانە شۆڤینستەکان نەبەست, ئەوسا فیفاش لەسەر نەخشەکان بۆمان دەگەڕێ‌ودەماندۆزێتەوە.

# نامۆبوونی لاو

ئەوکاتە لاو لەتەمەن‌و سروشتی ئاسایی خۆی یاخی دەبێت کە نەتوانێ وەکو پێویست یان بە ئاسایی‌و بێ گرفت لەگەڵ سروشتی دەوروبەری رابێ‌و هەست بەو نامۆبوونە نەکات کە کەلتوور بەسەر کۆمەڵگایدا سەپاندووە. لێرە دیاردەی زەوتکردن‌و خنکاندنی مافە سەرەتاییەکانی لاو پێی ناوەتە ئەو قۆناغە ترسناکەی‌کەبیرکردنەوەلە چارەسەرکردنی ئەرکی هەمووانە بەگشتی‌ودەسەلات بەتایبەتی، چونکە لاو لەم کۆمەڵگا تازە گەشە سەندووەی لەمەڕ خۆمان دۆسیەی مافەکانی بەستراوە بەوئایدۆلۆژیا بۆماوەی کە هەمیشە پەراوێز خراوەو نەك بیر لە هەڵدانەوەی ناکرێتەوە بەڵکو تادێ کۆنتر دەبێت لەژێر فشاری گەیشتن بە ئایندەی حەزەکانی دەسەلات کە خۆی لەئەرکە حزبی‌و دەستکەوتەکاندا دەدۆزێتەوە تادێ تەمەنی لاو کەمتر دەبێتەوەو دەرگایەکی هیوا بە روویاندا ناکرێتەوە، تا ئەوانیش بیر لەو دەستکەوتانە بکەنەوە کە بە تێکۆشانی ئەوان‌و رابردووی لاودا بەرهەم هاتوون.
مافەکانی لاو کە خۆی لە ئازادی دەربڕین‌و ژیان‌و هەڵچوونە جنسی‌و داهێنانەکاندا دەبینێتەوە، هەر هەموویان کۆیلەی دەستی حزبین‌و دوا رۆژی هەر لاوێك بەستراوە بەو شوناس‌و رەنگەی هەڵیدەبژێرێ‌و ئەو کاتەش وەکو کاڵاو چەکێکی بەرگری کار لە بۆچونە لەچوارچێوە دراوەکان بەکاردەهێنرێت بێ ئەوەی بیر لە حەزەکانی بکرێتەوەو ئایندەیەکی بۆ دەست نیشان بکرێت کە بەقەد خواست‌و ئەو تێکۆشانەی بێت کە تەمەنی لاویەتی بۆ دەسوتێنێ، ئەگەر پێشترو لەسەردەمی بەعسیدا دوای دەرچوونی لاولە کۆلێژەکان‌و پەیمانگاکان یەکسەر بۆ خزمەتی سەربازی دەبراو ئایندەی تێدا ون‌و نادیار دەبوو ئەمڕۆو لێرە دوای دەرچوونی قوتابی ئەگەر کاری حزبایەتی نەکات ئەوە دادەمەزرێ‌و، بەڵام بە موچەیەك نەك بەشی تەنها خۆی ناکات بەڵکو دوارۆژی جارێکی دی نادیار دەبێت‌و نازانێ چۆن لەم تەمەنە ناسکەی خۆیدا وپاش دەیان ساڵ خوێندن خێزان دروست بکات‌و ماڵێك پێکەوە بنێ، چونکە سەرجەم ئەرکەکانی دوا رۆژ هەر لە

خواستن‌و ماڵدانان‌و خانوو په‌یداکردن، لێره‌دا لاو ده‌بێت شانی وه‌به‌ر بداتو خۆی دروست بکات، له‌بیریشمان نه‌چێت له‌و وڵاته تازه پێگه‌یشتوو خاوه‌ن ئه‌زموونه‌کاندا یه‌که‌م هه‌نگاوی حکومه‌تو ده‌سه‌ڵات دابینکردنی خواستی لاوه‌کانه هه‌ر له ئاماده‌کردنی شوقه بۆیان تا ده‌گاته ئازادیه‌کانی هزرو خۆشه‌ویستی‌و خێزان دروستکردن که‌سه‌رجه‌م یاساکان له‌به‌رژه‌وه‌ندی ئه‌وان دایه‌و به‌مه‌ش کۆمه‌ڵگاکانی خۆیانیان له دژوارترین قه‌یران رزگار کردووه، که لاو پێیدا تێپه‌ڕ ده‌بێت‌و ئه‌وان جگه له‌وه‌ی له‌وێ لاو هه‌ر دوای ده‌رچوون‌و دامه‌زراندنی له‌لایه‌ن حکومه‌ت‌و کۆمپانیاکانه‌وه بیر له‌داهێنان ده‌که‌نه‌وه له‌و بواره‌دا کاری تێدا ده‌که‌ن، که ئه‌مه‌ش زۆر به پێچه‌وانه‌ی ئێره‌یه‌ولێره‌لاوته‌نهاو ته‌نهابیر له‌جنس‌وبێکه‌وه‌نانی ئه‌و ئاینده‌یه ده‌کاته‌وه که ده‌سه‌ڵات بۆی ئاماده نه‌کردووه‌و بۆ تاکی لاوی جێهێشتووه، هه‌ر بۆیه‌شه شه‌قامه‌کانمان پڕن له منداڵی ده‌ست فرۆش‌و لاویش له کارگه‌و شوێنه پیشه‌سازییه‌کاندا به جلی چه‌وره‌وه به‌دی ده‌کرێن‌و ئه‌وانه‌ش که بڕوانامه‌یان هێناوه به‌ر له‌وه‌ی بیر له‌داهێنان بکه‌نه‌وه خواستیانه ئه‌و که‌فو کوڵه گۆشه‌گیره‌ی ناخیان که له ئاره‌زووه‌کانی سێکسی‌و پێکه‌وه‌نانی خێزاندا ره‌نگدانه‌وه‌ی هه‌یه دایمرکێننه‌وه‌و هه‌ندێ جار بیر له کارێك بکه‌نه‌وه که هه‌رگیز باوه‌ڕیان پێی "نییه‌و، به‌ڵام بۆ پڕکردنه‌وه‌ی بۆشاییه‌کان ده‌یکه‌نو خۆیانی تێدا نامۆو گۆشه‌گیر ده‌که‌ن.

جا بۆ دۆزینه‌وه‌ی ته‌مه‌نی لاویه‌تی لاوه‌کانمان ده‌کرێ ئاراسته‌ی سیاسه‌تی به حزبی کردنی تاك‌و ده‌زگا خزمه‌تگوزارییه‌کان بگۆڕدرێت بۆ به‌رهه‌م هێنانی توێژێکی دۆزراوه که له‌هه‌موو رۆژگاره سه‌خته‌کان پێویستیمان پێیان بووه‌و له‌بری ئه‌وه‌ی خاوه‌ن بڕوانامه‌کان خۆیان له ده‌زگاکانی ئاسایش‌و پۆلیسدا دابمه‌زرێنن، چونکه موچه‌ی ئه‌وان زیاتره زووتر ده‌گه‌نه رۆخی ئه‌و حه‌زو ئاره‌زووانه‌ی هه‌یانه، موچه‌ی تازه دامه‌زراوه‌کان زیاد بکرێت‌و بیر له‌دروستکردنی ئاینده‌ی لاو بکرێته‌وه‌و هه‌ڵبه‌ته ئاینده‌ی ئه‌وانیش به‌شێکی هه‌ره گرنگ‌و پێویستی ئه‌مڕۆی ئه‌و قۆناغه‌یه که وڵاته‌که‌مانی پێدا ره‌تده‌بێت‌و چونکه داهێنان‌و ووزه‌ی لاو کۆمه‌ڵگا له توێژی مشه‌خۆره‌وه ده‌گۆڕێ به‌به‌رهه‌م هێن‌و ده‌سه‌ڵاتیش له په‌رت‌و بڵاویه‌وه رێك ده‌خاته‌وه ئه‌وه جگه له‌وه‌ی نامۆکانی ده‌ره‌وه‌و ناوه‌وه‌ی وڵاته‌که‌مان لێره‌دا خۆیان ده‌دۆزنه‌وه.

# ونبوونی بەهاکان

ئا لەوکاتانەی ونبونی بەهای لاو لەناو کۆمەلگا تازەگەشەندوەکاندا لەدەست دەچن، یان تەمەنی لاویەتی لەم شوێنانەدا زۆر بەخێرایی رادەبوورن، ئەوە دەسەلاّت دەکەوێتە ناو ئەو قەیرانەی کە لە نەبوونی ووزەو بازووی کارکردندا خۆی دەبێنێتەوە، لەویَ لەو کۆمەلگایانەدا ژیان ئایدیەکان لەدەست دەدات و پێکهاتەکان ئالۆزدەبن، سروشتی گەشەو پەروەردەبوون ئاسایی نابێت و بۆشاییەك لەنێوان منالّی و پیربووندا دروست دەبێت. ئا لەو ساتانەدایە تەوژمێکی خێرای یاخی بوون و کەنارگیری شەقامەکان دادەپۆشیَ و لەنێو درزو کە لەبەرەکانی دەسەلاّتدا گەرای نویَ بوونەوە سەر هەلّدەدەن.
نوێبوونەوەی ئەو بەها لەدەستچوانەی لەووزەو بازووی لاودان، ئا لەوێشەوە دەسەلاّت دەکەوێتە خۆ، بۆ بە بەرنامەکردنی لاو لەناو زانکۆو قوتابخانەو دەزگا جۆر بەجۆرەکانی حکومەتدا، هەر لەو سەرەتایانەوە هەولّی بە حزبی کردن و جارێکی دی سوتانی بەهاکان دەست پێدەکەن، چونکە لەنێو بەرژەوەندییە گشتییەکانی دەسەلاّتدا ئەو توێژانە گەورەترین مەترسین و کەوی کردنیان تەنها لە رێگەی بە حزبی کرنەوە دەبیَ، بە حزبی کردنی ئەو لاوانەی لە جەوهەردا باوەڕیان پیَ نییەو بەلاّم ئایدیاو ئایندە زۆرێکیان ناچاری ملکەچ بوون دەکا، بەلاّم بەهاکان ئەوانەی لەنێو لاوە سرك و یاخی بووەکاندان لەسووڕی متبووندا بۆ دەرفەتەکان لەبۆسەدا دەبن و زۆربەشیان بەدووی رێکخراوێکدا وێلّ دەبن تا کۆیان کاتەوەو تەیاریان کات بۆ گۆڕین و لەناوبردنی ئەو سیاسەتە دژە بەهایانەی تەمەنی لاوی تێدا لەدەست دەچن. بەلاّم ونبونی ئەم تەمەنە سرك و هەستیارە لەدەست چەند نەوەیەك دەڕواو بەدوایدا قۆناغی وشیار بوونەوەو رەتکردنەوە سەر هەلّدەدات کە ئەویش منداڵەکانی دوێنیَ و پێرین و لەمڕۆدا

دەیانەوێ هەموو شتەکان لەنێو نوێ خوازیدا نقوم کەن، نوێخوازییەك تەواوی خەونەکانی لاو لەخۆ بگرێ و نێوانەکانی منالٚیو پیربوون پڕکاتەوە، نوێخوازییەك ئاراستەی سەرجەم گۆڕانکاریەکان بەرەو ئەو ئایندەیە ببات کە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی لەسەر بەرنامەڕێژکراوەو بەنێو سەرجەم ئەم ئەزموونە ستۆکانەی ئێمەدا رەتبوونو بەهای لاو لای ئەوان فاکتەری گەیشتن بەو فیوچەریزمەیە کە لای ئێمە هێشتا لەکاگۆڵەدایە.

ئیدی لاوی تەنهاو دەستەمۆکراوی ئێرە، بەتایبەت ئەوانەی دوور لەبەرژەوەندی گشتی خۆیان کردۆتە دەروێشی حزبەکانو بەهای  نیشتمانیان لەبیر چۆتەوە، ئەوانەی داردەستو سڕکراوی بۆچوونە تەسکەکانی حزبیینو تەنهاو تەنها دروشمە سواوەکانی حزب دەڵێنەوە، بێئاگا بەهای لاویەتیان هەڵدەوەرێو بەسەر ئەو پیریەدا دەکەونو کە پیرەکانی ئەمڕۆی تێکەوتوەو بەخۆیان نازانن گۆڕانکاریە خێراکان جەستەیان دەشێلێو هەوکردنی حزبی دەبێتە ئەو نەخۆشییە(موزمینانەی) هەرچی دەکەن لێیان نابێتەوە، بۆیە بەهاکان ئەوانەی دەست لاوی ئەمڕۆ ناکەون، دەخوازن هەرچی زووە لە بەخۆداچوونەوەیەکی خێرای لاوو دەسەلاٚتدا بدۆزرێنەوەو شەقامەکان خالٚی بکرێن لەو لاوە تەریكو نامۆو مشەخۆرانەی کە ئایندەیان وەك بەهاکانی خۆیان بزرکردووە.

## ونبوونی کەسایەتی لاو

زەمەنی کۆرەوی لاو لەم شوێنەدا دەستی پێکرد، کە لاوانی ئێرە بەدوایی ناسنامەی خۆیاندا دەگەڕان و ترسی تێپەربوونی لاویەتی بەرێگەو شوێنە سامناکەکانی دەناساندن،ئەو رێگایانەی بەسەر ئەوسنورانەدا رەتدەبوون کە پڕبوون لەو جەندرمانەی یان پاسدارانەی نیشانەیان لە لاویەتی دەگرت.

هەر ئەو رۆژانەبوو راکردن دەستی پێکرد، راکردنی لاو لەژێر فشارێکی دەروونی ناوازەدا، یان کەڵەکەبوونی کەلتوورو ترادیسیۆنێکی داسەپاوی خێڵەکی کە تا ئەندازەی

مەرگ لاو لەژێریدا دەینالاَند و پێی وابوو جێهێشتنی یادەوەریەکانی تەمەنی منداڵی دوورکەوتنەوە لە چریکەی نیشتیمانە لەتکراوەکەی سەرەتای وەدیهێنای خەونەکانیانە، بازدانە بەسەر ئەو نێوانانەی گەرای پارتەکانی تێدایەو لەوێ ئایندەیەك چاوەروانیان دەکات رێك وەك ئەو هەندەرانیانەیە لە فلیمە بیانیەکاندا دەبینرێن، یان وەك ئەوانەن لەوێ بەکۆمەڵێك دەستکەوتەوە دەگەرێنەوەو کچە منداڵ و هەرزەکارەکانیان پێدەبەن.
لەوێ رۆژێوە لاو بەدوای ناسنامەدا دەگەرێ و پێی وایە گرفتە دەروونیەکان ئەوانەی شی نابنەوەو لەناو پرۆسەکانی پەروەردەی ئێرەدانین لە شوێنێکی دی و لەولاَتیکی دی هەن و دەتوانن بەبێ بوونی نیشتمان و یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکان، لەوێ ئەو حەزانە بەتاڵ کەنەوە کە لێرە خەتان و وەك گرێ کوێرەکان رۆژانە رووبەرووی لاو دەبنەوە، دەتوانن بەبێ ئینتیماو بەرپرسیاریەتی وولاَتێك لەهزری خۆیاندا دروستکەن کە تەنها(پێلاَوەکانیان بەویان دەبەستێتەوە) ئەگەر نا ئەوان هەلاَتووی ئەو دیاردانانەن کە لێرە نەبێ لە هیچ جێیەکی دی نین و ئەزمونێك ئەوان لوش دەدا کە جگە لەنامۆیی هیچی دی لێوە فێرنابن.
بۆیە گەران بەدوای ئازادی رەهادا لاوی لە زەمەنی کۆرەوی لاوەوە ئاراستەی ئێرە کردەوە، گۆرانکارییەکان ، تائێستاش نەیتوانیوە گۆرانی سایکۆلۆژی و نەریت و ترادسیۆن لەم ولاَتەدا بەرهەم بێنێ لەبەر بوونی بۆشایی سیاسی و خۆ خەریککردن بە دروستکردنی حکومەتی عێراقی و کوردییەوە ناپرژێنە سەر ئەو داخوازیانەی یان پرۆژانەی لاو هەیەتی، بۆیە هەمیشە لاوبەبێ بایەخی دێتە بەرچاو، پێی وایە ئەو ئازادیەی ئەو دەیەوێ لێرە دەست ناکەون و هەموو ئەو شتە جوانانەی لێرە دەبینرێن هی ئەو نین و بۆ کەسانێکن کە نازانن مانای بەرژەوەندییە گشتییەکان، ئەوانەی هاوژیان و نیشتیمانی بوونی تێدایە، لەچ بەندێکی یاساکان و ئەو دەستوورەدا هاتووە کە لاوەکان دەنگیان بۆ دا!؟!
بۆیە لە زەمانی کۆرەوو ئێستادا ئابووریەکی قەبە کە بەشی هەموو تاکێك دەکات سێبەری بەسەر ئەو کەمینەدا کردووە کە زۆر لە دەسەلاَتەوە نزیکە، هەلاَیسانی نرخەکان کە لەسەرووی توانای لاوو ئەو مووچانەدایە کە دەدرێ، دیسانەوە لاوی بەدووی کەسایەتی خۆیدا وێلکردووە، هەمیشەو چەند بارە لەو دەرگایانە دەدا کە

لەسەری داخراون و دەشزانیٚ لەودیوی کەسانێك هەن گەمە بە حەزەکانی ئەو دەکەن و ئایندەی لێدەشارنەوە.
ئالێرەدا زۆر جاران تواناکان وون دەبن، ولآت بەبیٚ داهێنان، بیٚ پرۆژەی پێشکەوتن و دەرفەتی کار دەمێنێتەوە، یان هەرهیچ نەبیٚ نێوانی منداڵی و پیربوون هێندە کورت دەبیٚ، کەسایەتی وون و لاوی بیٚ بەرهەم دەستەپاچەش یەکپارچە ولآت دەکەنە ئەو قەیرانە بەردەوامانەی هەمیشە دووبارە بونەوەی هەیە.
قەیرانێك ئێستا لەو غیابەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەست ناکرێت نوێنەرێکی لاو کە هەڵگری خەم و داخوازییەکانیەتی لە دەسەلآتی نوێدا هەبیٚ، لەو یەکگرتنەوەدا دیار بیٚ، کە پێناچیٚ لەبەر زۆری قەیران و زەوەندی پلانەکانی هەرێمایەتی و رێژەی لەسەدا حەڤدەکە فریای دۆزینەوەی کەسایەتی لاو بکەون..

# ئافرەت و متمانە

زۆر جاران متمانە بەخۆبوون لەلای ئافرەت دەبێتە ئەو گرێیەی کە هەرچی دەکات بۆی ناکرێتەوەو دواتر تێکەڵ بە ئایندەی دەبێتو ئێستاتیکی جوانی رەفتارو توانای هزریو پێکهاتەکانی دەروونی دەبنە قوربانی ئەو کەلتورەی کە هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵگا دروستی کردووەو ئافرەتی تێیدا گۆشە گیر کراوە.
ئەگەرچی ئەمرۆ رۆڵی ئافرەت لە خێزانو کۆمەڵگادا کاریگەری خۆی هەیەو گرانترو پڕ بەهاترە لە ئەرکەکانی پیاو, بەلآم هەندیٚ گرفتی بۆماوە کە وەکو ڤایرۆس کە لتوری کۆمەڵگای داپۆشیوەو دزەشی کردۆتە ناو هزری کەسەکانەوە بە هەردوو ڕەگەزی (نێرو میٚ) وە, بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم کرانەوەو ئازادییەکانی ئافرەتدا, کە زۆرجاران ئافرەت خۆی دەبێتە قوربانی هزری خۆیو ناتوانی ئەو چوار چێوەیە بشکێنیٚ کەدەوروبەر وەکو هێڵی سوور بەدەوریدا کێشاویەتی ئەگەرچی وەچەرخانە مێژووییەکان ئەوانەی گۆڕانکاری بابەتی لە یاساو دەستوری ولآتیشدا دەکەن بۆ

بەرژەوەندییەکانی ئافرەت کاریگەریەکی ئەو تۆی لەسە باوەڕی ئافرەت بەجێ ناهێڵێو ناتوانێ ئەو فاکتەرە کاریگەرەبێت کار لەدەروونی ئافرەت بکاتو بەو ئاراستەیەی ببات کەسەر بەخۆبوونی تەواوی لێ هەڵێنجێ, بۆیە دەبێت بزانین لەکوێوە دەست پێدەکەین, چۆن دەتوانین ئەو گرفتە کۆمەلأیەتییانەی هەن, بەتایبەت نەخۆشییە دەروونییەکان چۆن چارەسەر دەکرێنو خێزان دەتوانێ چی بکات بۆ ئازادی ئافرەت تا لەوێوە بەدەوری ئەو یاسایانەدا بگەرێن کە جیاوازییەکانی نێوان ئافرەتو پیاو ناهێڵێ؟ , چونکە سیستمی سیاسی ئەمرۆی پێکهاتەکانی ئەم ولأتە ئالۆزەی ئێمە, کتو مت هەڵێنجراوی هزری شۆڤینیو بەڤایرۆس بووی کلتورە دێرینەکانە, بۆیە رێگەی دەربازبوون یەکەم هەنگاوی لەباوەڕ بەخۆبوونەوە دەست پێدەکاتو بەیاساکانی ناو دەستوور کۆتایی دێت, چونکە هەرچەندە دەسەلأت هەوڵی بەردەوامو شێلیگرانە بدات بۆ ئازادی ئافرەتو سەربەخۆبوونی تاكو چەسپاندنی لەناو دەستووری یاساکاندا, بەلأم ئەگەر بارودۆخی خێزان بۆ هەزم کردنی ئەم یاسایانە لەبار نەکرێ جێبەجێ کردنی گەلێك گرانتر دەبێت لەچەسپاندنی.

تا ئێستا لە مەیدانەکانی جێبەجێکردنی یاساداو لەکاتی بەخشینی ئازادی بە ئافرەت لە ناو کۆمەڵگادا, دەسەلأت چ هەنگاوێکی ناوە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی ئافرەت دەچەوسێنێنەوەو بەپێی شەریعەت دوو ژنو چوار ژنیان هەیە؟! چەند پسپۆری دەروونی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا دامەزراون بۆ ئەم مەبەستەو ڕاهێنانی قوتابیانی کچ لەسەر باوەڕ بەخۆبوونو فرێدانی ئەو سەرپۆشانەی کەهەر لەوێوە وابەستەی کۆتە سەرتاییەکان دەکرێن؟

چ بەرنامەیەکی تایبەت هەیە بۆ فرێدانی هزرە کۆنەکانو خوێندنی وانەی نوێ کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ پێشووترو یەکسانییەکان تاوتوێ بکات, یان خوێندنی وانەی (ماڵداری) بۆ تەنیا بۆ ڕەگەزی مێ بێتو کوڕیش نەیخوێنێو زانیاری لەبارەوە نەبێت؟! بۆچی ئەرکی مارەییو پێکەوەنانی خێزانو پێداویستییەکان تەنها لەسەر پیاو بێت؟!.

ئەو کاتەی ئافرەت فێرە وانەی متمانە بەخۆبوون دەکرێت, بەدڵنیایی وشیارانە رەفتار بەرامبەریدا دەکاتو دەبێتە سەرچاوەی گوشاریش بۆ ئەو دەوروبەرەی بە کلتورە نەخۆشەکە گۆش کراون, بۆیە یەکەم هەنگاو بۆ بە یەکسانی کردنی ژنو پیاو لە

قۆناغەکانی سەرتاییەوە سەرچاوە دەگریێتو دەبێت وانەی کۆن لەگەڵ هزرە کۆنو نەخۆشەکان فڕێ بدرێنو هەوڵبدریێت دەسەلآت لەسەرەتایەکی نوێوە یاساکان بچەسپێنێو رەنگو پێك هاتەو رەگەزەکان وەك خۆی بەخۆیان بناسێنێ, تا هەر هیچ نەبێت لەنێو خێرایی گۆڕانکاریەکانداو بەر لەڕاپرسی بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراق, دەسەلآت متمانەمان پێ ببەخشێ.

# ئـــــەرکی لاو

کاتێك سروشتی لە باروگونجاو بۆ لاو دەڕەخسێ, هەر لە خوێندنو دامەزراندنو فێربوونی ئایدیۆلۆژیەتی نوێوە, تا دەگاتە ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی وڵات پێی بەخشیوە, بەتایبەتیش بە کۆتاهاتنی رۆژانی سەختو ئەو رۆژانەی تەمەنی لاویەتی تێدا دەپوکایەوەو دەکرانە قوربانی ئەو سیستەمە سیاسیانەی دەسەڵاتەکانی داگیرکەرو ناوخۆ لە بەردەم لاویاندا دروست دەکرد, هیچ بوارێك لە بەردەم لاودا نامێنێتەوە جگە لە خزمەتکردن بە ئاراستەی پێشکەوتنی زیاتر بۆ فیورچەرنیزم, کە سەرجەم وڵاتە سەربەخۆو پێشکەوتووەکانی لەوێوە هەنگاوی یەکەمیان بەرەو ئێستایەکی پڕ لە ئارامیو ئاسوودەیی هەڵێناوە. دوێنێ لاو لە عێراقێکی پڕ لە جەنگی جۆراو جۆردا لە بەرەکانی شەڕی داسەپاودا دەکرانە سوتەمەنی, هەندێك بەرەو تاراوگەو هەندێ بەرەو خۆ فرۆشتنو دارمانی هزری هەڵدەخلیسکانو زۆرێك لە لاوانی کوردیش تەمەنی جوانیو لاویەتیان بەر لە تەواوکردنی خوێندن، یان دوای تەواوکردن لە چیاکانو لە رۆژانی سەختی رووبەڕبوونەوەدا بەسەردەبرد.

ئەمڕۆکەش دوای چەندین ساڵ لە ئەزموونی تاڵو شیرین, کە هەر هەموویان هەر لە شەڕی ناوخۆو گەمارۆی ئابووریو رەوی بە کۆمەڵی لاوان بۆ هەندەرانو بە زۆر بە حزبیکردنو پارچەکردنیان یادگارو رۆژانێکن بە پلەی یەکەم دەسەلآت بەرپرسیارە بەرامبەریانو ئەوجا لاو خۆیان, دەبێت دوای دەست لە میلانێی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارو یەکگرتنەوەیان لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستادا, کە لەوەتەی هەین بە قۆناغی هەستیاردا تێدەپەڕین ئەرکی لاو چی بێ؟

ئەدی ئەرکی دەسەڵات بەرامبەر لاو چییەو, چ پاداشتێك لە دوای یەکگرتنەوە پێشکەش بەلاو دەکرێت؟ ئایا رەخساندنی کەشێکی ئارامو شیاو کە شایستەی لاون قەرەبووکردنەوەی ئەو رۆژانەیە کە پیرەکانی ئەمرۆ یان کامڵەکان نەیان دیوە؟
یان هەوڵێکی دی لە ئەزموونێکی دییەوە, بۆ بە پۆلیسکردنو دامەزراندنی لاو دەدرێت, تا لە تاکی بەرهەم هێنەوە کۆمەلگا بە گشتی بە لاویشەوە بکەنە مشەخۆرێك کە ئایندەیەکی تەمبەڵو بێ بەرهەم سەرهەڵبدات؟!
ئەمانەو دەیان پرسیاری دی لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو دەسەڵاتی کوردی ئاراستەن بۆ کابینەی نوێ,  بۆیە بۆ لەمەو دوا جگە لەوەی دەسەڵات دەبێت پشت ئەستور بێت بە پسپۆرو ئەو کەسانەی شارەزاییان لە بوارە جیاجیاکانی فیوچەریزمدا هەیە واتە پێشکەوتنخوازی دەبێت ئەرکی لاویش دیاری بکرێت, یان لاو خۆی بۆ ئایندەیەك ئامادە بکات کە پڕبێت لە داهێنانوئەو پێشکەوتنانەی ئەمڕۆی گەلەکەمان پێویستی پێیەتیو دەسەڵاتیش پێی نازانێ, بە واتایەکی تر ئەگەر بۆچوونەکەمان خوردتر کەینەوە, ئەوە ئەرکی لاو تەنیا ئەوە نییە لەمڕۆی ئاشتیدا بخوێنێو دامەزرێ, دامەزرانێکی بێ بەرهەمو دووریش بێت لەو هەموو کارە دیبلۆماسیو کێ بڕکێیانەی دەسەڵات لە ناوەند بۆ دۆزی گەلەکەمان دەیکات, چونکە نیو سەدە زیاترە ئەرکی سەختو دژوار بە سەرجەم دەستکەوتو ئەو هەڵانەشەوە کە روویاندا بەدەست ئەو تێکۆشەرانەوەن کە ئێستا نوێنەرایەتیمان دەکەنو لە بەردەوامیدان, بۆیە وەرگرتنی ئەو پۆستو ئەرکانە لەو توێژە گرنگەی گەلەکەمان کە ماندووبوونیان لێدەتکێو بە هەندێکیانەوە بە زەقی دیارە ئەرکی سەرەکی ئەمڕۆی لاوە, خۆ وەرگرتنی دەسەڵاتو پۆستی سیادیش هێندە ئاسان نییە تا بە بڕیارێك یان وەرگرتنی بڕوانامەیەك بێت, بە قەد ئەوەی دەبێت لە جەوهەری لاودا توانایەك هەبێ بۆ درێژەمان بە و خەباتو تێکۆشانەی کە لاوانی دوێنێ کە کامڵەکانی ئەمڕۆن بۆیان کردوینو مێژوویەکی پڕ لە سەروەریو داستانو دەستکەوتیان بۆ وەدەستهێناوین.راستە لە نێو ئەم هەموو شۆڕشە یەك لە دوای یەکەی دوێنێدا لاپەڕەی رەشو هەڵەی مێژوویی هەن, بەڵام ئەرکی لاوی ئەمڕۆ درێژەدانە بەو تێکۆشانانەی ئەزموونی ئەمڕۆیان دروستکردووەو دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەڵانەشە کە باجی گەورەمان بۆدا.بۆیە لە رەخساندنی سروشتی لەباری ئەمڕۆدا کە خۆی لە یەکگرتنەوەی ماڵی کوردا بەرجەستە دەکا, ئەرکی لاو زەق دەبێتەوەو نابێت چیدی هەڵە زەقەکانی بەسەریاندا رەت بێتو رازیش ببن بە هەر ناکۆکییەك جارێکی دی لەناو ماڵی کورددا رووبدات, ئەرکی لاوە دەسەڵات

هۆشیارکاتەوەو لەسەر دەسەڵاتیش پێویستە ئەرکی لاو بپارێزێو لە کاتی فشارەکانی لاو بۆ ئاراستەیەکی باشتر دەبێت بە هەند وەربگیرێت, تا هەرچی زووە لاو ئەوەبێت کە هەیەو بەو جۆرەش خۆی بناسێ کە ئایندەیەکەو ئەرکێکی قورسی لە ئەستۆدایە.

# ئیمرجنسی

ئەو رۆژەی سەردانی نەخۆشخانەی ئیمرجنسیم کرد, تێگەیشتم کەبەردەوام کچە هەرزەکارو خێر لەخۆنەدیوەکانی وڵاتەکەم زیاتر گۆشەگیر دەکرێنو بەرەو ئاقارێك دەبردرێن لەو دۆزەخەی تەنهاو تەنها بۆئەوانەو هەمیشەش لەگەڵ هەموو پێشکەوتنە تەکەنەلۆجیو کۆمەڵایەتیەکاندا گۆشەیەك بۆئەوان هەردەمێنێ کەباشترو لەبارتر بێت بۆ خۆسوتاندنو لەناوبردن .

ئەو رۆژە زانیم ئەم کچە لاو جەستە سووتاوانە سوتەمەنی دەستی ترادسیۆنێکی بۆماوەنو دابو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان هەمیشە بەهێزتربوون لەو هەموو دەزگا راگەیاندنو گۆڕانە خێریانەی ئێرەی گرتۆتەوە, ئەوێ ئەم نەخۆشخانەیەی کەلێوان لێوە لەچیرۆکە تراژیدیەکانو هەر هەموو چیرۆکەکانیش هەر لەوێ بەکۆتادێنو ئافاتی مەرگو ترسی باوانو นاموس نایەڵن تەنها کورتەیەکیشیان لێ تۆمار بکرێت لەناو ئازارو توانەی جەستەی شلكو ناسکی کیژە لاوەکانی ئەم نیشتمانەمدا چیرۆکەکانیش دەمرنو بۆ هەتایە وڵاتێك جێدەهێڵن کەهەموو رۆژێك هەزاران چیرۆکی هاوشێوە دەخاتە جیهانی فەنابوونو لەبیرچوونەوە.

بەشێکی هەرەزۆری ئەم تاوانە ترسناکانەی لێرە دووبارە بوونەوەی هەیە لەئەستۆی باواندایە ئەوانە هەمیشە سەرچاوەی ئەو ترسانەن کەزۆر بەناچاری کچە هەرزەکارەکان پەنا دەبەنە بەرکارێك کەدوا بڕیارە بۆ قوتاربوون لەو ژیانەی هەموو رۆژێك مردنێکە بۆ ئەوان ئەوان لەبێدەسەڵاتی خۆیانو کەمتوانای بەرگەگرتنیان لەئاست ئەم هەموو فشارە خێڵەکیو ناوەکیەی لەسەریانە رێگەیەك هەڵدەبژێرن تاچیدی سوکایەتی بەئارەزوو بڕیارەکانیان نەکرێتو پێیان وایە تەنها توانایەك

هەیانبێت بۆ روبەرووبوونەوەی باوانو کەلتوور ئەو بەندیخانەیەی لەماڵەوە بۆیان دروستکراوە خۆسووتاندنەو ئەوان دەزانن تەنها توانایەك هەیانبێت بەسەر جەستەی خۆیاندایەو تەنها لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانن تۆڵە لەدەوروبەر بکەنەوە، بۆیە لەم کاتەدا بڕیارێك دەدەن تاهەموو رقو چیرۆکەکان لەگەڵ خۆیاندا بسووتێننو بەم تراژیدیایەش کەبەسەر جەستەیاندێت کەسوکاریان بخەنە ناو هەلۆیستێکی هێندە ناخۆش دەوروبەر بەگومانەوە سەرنجیان داتێ.

ئەورۆژە لەنەخۆشخانەی ئیمرجینسی جگە لەهەرزەکارە سووتاوەکان جیاوازی دیشم دیت, جاران ئەم نەخۆشخانەیە بەبێ جیاوازی پێشوازی لەسووتاوەکان دەکردو هەر هەمووشیان وەك یەك چارەسەر دەکران, چونکە ئەم کاتە کاروباری نەخۆشخانە لەژێرچاودێری ڕێکخراوێکی بیانیدابوو ئەوان مانای جیاوازیەکانیان نەدەزانی ئەو ژوورە تایبەتیانەی لەوێ بوون تەنها بۆ ئەو سوتاوانە بوو کەپلەی سوتانیان لەسەروی 75٪وەبوو, مەترسی مردنیان لێدەکراو هەربۆیە بە جیاو بەبێ جیاوازی لەوژوورانە دادەنران, بەڵام ئێستا ئەو ژوورانە تەنها بۆ ئەو سووتاوانەن کەخزمی بەرپرس‌و ناسیاوی ئەوانن جیاوازیەکان بەرهەمدێنن ئێستا ئەم نەخۆشخانەیە لەوەتەی بیانییەکان بەڕێوەی نابەنو خراوەتە سەر وەزارەتی تەندروستی خۆمان گۆڕان لەچارەسەرو شوێنو هەموو شێوازەکانی بەڕێوەبردنیدا بەدی دەکرێو سووتاوەکانی ئەوێش تەنها چاویان دەبینیو لەوێدا لەناو ئەو چاوە پڕ لەنهێنیو چیرۆکە نەگێڕدراوەکاندا جیاوازی خەمە پڕ لەتراژیدیا بەردەوامەکان دەخوێنینەوە. لەنێوان بژانگە هەڵقرچاوەکاندا جگە لە فرمێسك شتێکی تر نابینی.

# دوا دڵـــــــۆپە

دەمەوێ لەوەرینی دوا دڵۆپی فرمێسکە رژاوەکانی دلۆپەدا کە 45 ژمارەی بەردەوامو بێ پچرانی لێ رژا، بە خوێنەری گۆشەکەم بڵێم ئەگەرچی گەلێك دڵۆپ هێشتا بەقەتیسی ماون، بەلاّم ئەو پەنجەرەیەی کراوەبوو بۆ خەمە بەردەوامەکانتان لەم گۆشەیەدا دوا هەناسەی بەئێوە دەبەخشێ، دڵۆپە گۆشەیەکی تایبەت بوو بەلاو بەو کێشەو گرفتانەی بەکۆتا نایەنو دووبارەبوونەوەیان هەیە، تایبەت بوو بەوانەی سنورەکانیان دەبڕیو تەراوگەیان هەڵدەبژارد بەوانەی لە مافە سەرەتاییەکان بێبەشنو شەوانە خەو بەپرۆسەیەکەوە دەبینن لێرە دەگمەنە، هەناسەیەك بوو لەناو گەمە سیاسییەکان بۆ ئەو توێژە زۆر گرنگەی ماندوون بەدوای ئایندەدا، بەدوای وشەو ئاسۆیەکا کەسایەتی خۆیانی تێدابێ، ئەوان ئەو توێژە زۆر گرنگە سالاّنێك لەناو شەرەکاندا ودواتر نامۆبوونو برسی بوون برستی لێبڕیبوون، دڵۆپەش بەناو ئەو ئاریشانەدا پیاسەیەکی کردوو زۆربەی هەرەزۆری باسکرد، خۆ گەڕانیش بە دوای چارەسەردا دەبوو بەپەنای ئەو شوێنانەدا بچی کە لەخۆیان بترازێ کەسی دیان نەدەدی.

لەوێوە هەستم کرد دەبێت دڵۆپە بنوسرێ تالاو هەست بەتەنیایی نەکاو وە ئاگابێتەوە لەوەی کە دەزگاو کەسانێك هەن هەست بە خەمەکانیان دەکەنو دەوێرن شت بڵێن، گۆشەیەك هەیە بۆ وانو کێشەکانیان دەوروژێنێ، بەلاّم بە سیاسەت بوونی پانتاییەکان، پانتایی تەواوی بوارەکانی ژیان، یانی لادانی وشەکان یانی بە سیاسەت بوونی ئەو رستانەی لەسکە لادەدەنو دڵۆپەی پێ چلك دەکرێ، یانی بەکۆتاهاتنی ئەو هەناسانەی کە خەتان، گرفتن بۆ بەردەوامیو دەرچوونە لەچوارچێوە تۆخەکان، خۆ لادانی گۆشەکە لە ناوەرۆكو رۆیشتن بەرەو دنیای ئەو گەورانەی کەدوێنێ ئەوانیش لاوبوون، یان داچۆڕان بەسەر هەندێ بابەتی سیاسی، بەدەرنەبوون لەو گرفتانەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بەلاوەوە، بەڵکو هێمایەك بوون بەناو ئەو پانتاییانەدا رەتدەبوون کە بێ ئاگا هەموو لای بەسیاسەتکرد، سیاسەت ئەوساو ئێستاو لەئایندەشدا

پێداویستی هەڵشکانی کۆمەڵگایە بەرەو ئەو ئاسوودەییەی لاو دەیەوێ ئاسوودەییەك لەناو سیاسەتدا نەبێ قەت دەست ناکەوێ؟! ئاخر لەم پانتاییە بەرفراوان‌و پێداویستیەی ڕۆژدا کۆکردنەوەی فرمێسکەکانی لاو هەر ئەوەی لێدەردەچێ‌و ناکرێ تەنها بەو دیوەدا بڕۆی یان تەنها خوێندنەوەت بۆ ئەو لایەنە هەبێ کە ئەوان دەیانەوێ و سنووردارەو نزیك بوونەوە لێی وەك دڵۆپە بەبێ دیتنی دۆخی ڕەقی دەچێتە دۆخی بەهەڵم بوونەوە.

بۆیە بەدەست خۆم نەبوو هەندێ جار گرفتە باوو زەقەکانی کۆمەڵگا ڕێڕەوی وشەکانی بە ئاراستەیەکدا دەبرد نزیك لەهەناسەکانی لاو، بەڵام دژ بەوانەی فرمێسکەکان دەوەرێنن، ئیدی هیوادارم لەتەمەنی رابردووی گۆشەکەدا خزمەتێکم بە خوێنەرانی گۆشەو لاو بەگشتی کردبێ، هەرهیچ نەبێ توانیبێتم بۆ ساتێکیش بێت لەگەڵ خەمەکانیان ژیابم‌و بەناخیاندا ڕەت بووبم، یان هەرنەبێ ستوونی لاپەرەیەکەم ڕەشکردبێتەوە کەبەشتێکی تەرخان بوو بۆ خەمەکانی لاو.